KURDISTAN
DIPLOMATIC

فایلی تایبەت بە
ڕۆژهەلاتی کوردستان

پرسی پێکهێنانی ناوەندی چەپەکان
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ماوەی ڕابردوودا پرسی پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەش لەنێو لایەنە چەپەکانی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستاندا، جێگەی مشتومڕ و باس و کۆبوونەوەی چڕ بوو. ئەم گفتوگۆیە پەردە لەسەر نهێنیی ئەو جموجوڵانە هەڵدەماڵێت کە دراون لەپێناو پێکهێنانێکی بەرەیەکی هاوبەش، یان لانی کەم ناوەندێکی هاوبەش، یاخود لە خراپترین حاڵدا دروستکردنی هەڵوێستێکی هاوبەشی چەپەکان لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ئێران. ئێمە لێرەدا هەوڵماندەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر وەربگرین کە ئایا دروستکردنی ئەم ناوەندە بە دەستپێشخەریی کێ بووە و بیرۆکەکەی چۆن دروست بووە؟ یان ئەم ناوەندە وەك پەرچەکردارێکە لە بەرامبەر کاری پێکەوەیی و هاوبەشی ناسیۆنالیست و لیبراڵەکانی کوردستان؟ یاخود زەروورەتی ڕووداوەکانی ئێران و فراوانبوونی ناڕەزایەتییەکان پاڵی بە چەپەکانەوە ناوە بۆ ئەم دەستپێشخەرییە؟ دواجار ئایا سنوورەکانی ئەم ناوەندە چۆن دەبێت؟ ئایا تەنها ڕێکخراو و پارتەکانی ناوەوەی کوردستانی خۆرهەڵات و ئێران دەگرێتەوە، یاخود دەرەوەی ولاتیش؟ ئایا تەنها پارت و ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە یاخود کەسایەتییەکانیش؟

نادر فولادی، ئەندامی ڕێبەری ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راه کارگر)

دووبەرەی چەپ (یەکێتی چەپی کارگەری و هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان) لە ڕابردودا شکستیان هێناوە

ئامادەکردنی: نیا

3ی جۆزەردانی 1397 لە دانیشتنێکدا لە نێوان کۆمیتەی کوردستانی – حیزبی حیکمەتیست و کۆمەڵە –ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە چوو ئەوە گەڵاڵە کرا، پێویستە هێزە چەپ و هێزە ئێرانی و کوردستانییەکان کە فیکری چەپیان هەیە لە چوارچێوەی چەترێکدا کۆ بنەوە و بە کردار هەنگاو بنێن بەتایبەت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەئێستادا لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدەن.

*** لە بارودۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێراندا ناوەندێک یان شووڕایەک کە هێزە چەپەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە بە پێویست دەزانن؟**

نادر فولادی: بەڵێ، بێگومان ئەمە شتێکی زۆر پێویستە لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی وڵاتن نزیکەی 20 ساڵە هەوڵ بۆ ئەم بابەتە دەدرێت، دوو جاریش ئەو هەوڵانە جیدی بوونەتەوە و هەر یەکێکیان پێنج ساڵ درێژەی کێشا، یەکەمیان، ئێتیحادی چەپی کارگەری بوو، کە پێنج ساڵی خایاند، بەڵام بە هۆی ناکۆکی لە ناو ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانی لەگەڵ یەک بگونجێن و هەڵوەشایەوە، دوای ماوەیەک شووڕای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دروست بوو، کە ئەویش پێنج ساڵ بەردەوام بوو، بەیاننامەیان دەردەکرد، جگە لەو کارە نەقلیدییانە نەیانتوانی هیچی تر بکەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە ئێستایش لە ناو ئەم کۆبوونەوە نازەیەیە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری (حیکمەتیست)، هەر لە ناو شووڕای ئەم هاوکارییە بوو، بەڵام ناکۆکییەک ڕووی دا، ئەو شووڕایە بە بێ ئەوەی ڕابگەیەنرێت کارەکانی ڕاگیرا، ئێمەیشی نێدا بووین و هاتینە دەرەوە، لەبەر ئەوەی ناکۆکییەک دروست بوو لە نێوان ئێمە و حیزبی کۆمۆنیست، هەوڵێکی تر دراوە بۆ بەرەیەکی چەپ لە ئێران بەڵام نا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەرەیەی لە کوردستان دروست بوە یان ئەو دوو ڕێکخراوەی لە کوردستان کۆ بوونەتەوە بە بڕوای من زیاتر جەمسەرێکە لە بەرانبەر ئەو ناوەندی هاوکارییەی هێزە کوردستانییەکان کە بڕیتیبە لە هەر دوو لایەنەکانی حیزبی دیموکرات و حیزبی کۆمەڵە کە عەبدوللای موهتەدیە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و سازمانی خەبات ئێر لە بەرانبەر ئەوەیە کە چەپەکان بێ چەک کۆ بوونەتەوە، چونکە خودی حیزبی کۆمۆنیستیش پێشتر لە ناو ئەو ناوەندی هاوکارییە بوو پار لە ئەنیستیتۆی ئەحقیقاتی شەرق لە هەولێر بە بانگهێشتی ئەوان دوو ساڵ بەر لە ئێستا کۆ بوونەوە بەتەمای بەرەیەکی کوردستانی بوون، حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیشی نێدا بوو، لە هەمان کاتدا حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لە ناو شووڕای هاوکارییش بوو، لەم لاوە چوە لە ناو کۆبوونەوەیەکدا هاوبەش بوە بەرەیەک دروست دەکات لەگەڵ پێنج ڕێکخراوی تری کە هەر پێنجیان ئەگەر بە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران باسی بکەم لایەنگرانی گۆڕانکاریی ڕژێم بوون، وانە ئەوانەی کە نایانەوێت بە هەوڵی خەڵک حکوومەتەکە بڕوخێنن، بەڵکوو زیاتر ویستوویانە بە هاوکاریی دەرەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن.

*** ئەو ناوەندە یان ئەو شووڕا چەپەی باست کرد لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی حیزبەکان، کە زۆرتر بە ڕاست ناسراون ناتوانن پێکەوە هاوکاری بکەن یاخود لە ژێر چەترێکی هاوبەشدا کار بکەن، چونکە هەر دووکیان ئامانجیان یەکە، یان یەکێکیان بیری ڕاست و ناسیۆنالیستیی هەیە، ئەوی تریان زیاتر سۆسیالیست و کۆمۆنیستی هەیە، ئای هەر دەبێت هەر لە دوو ناوەندی جیا کار بکەن؟**

نادر فولادی: بەڵێ، ئەم دوانە بە یەکەوە ناگونجێن، قسەکە لە سەر ئەوەیە کانێک ئۆ لە لایەک وەکوو هێزێکی چەپ و کۆمۆنیستێ خەریکی بزوتنەوەیەکی، چەپ و کۆمۆنیستەکان نانوانن بەیارمەتیی ئەمەریکا یان هەر ئوانایەکی دەرەوە کار بکەن، دروشمی بنەڕەتی چەپ و کۆمۆنیستەکان هەتا ئەو شووڕای هاوکارییەیش کە دروست کراوە، خاڵی بنەڕەتیی ئەوە بوە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەئوانای خەڵک نەک بە ئوانای دەرەکی، کانێک حیزبی کۆمۆنیست چوە ناو ئەو هاوپەیمانییەی ئەوە، ڕەخنەیەکی زۆری لێ گیرا و بە پەلەیش هاتە دەرەوە، ئەنجامەکەی دروستکردنی ئەم شووڕایە کە دروست کراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هێزی چەپ لە ئێراندا بەو جۆرە دروست نابێت، چونکە

چەپـی ئێران مێژوویەکی هەیە و بێ سـنور و بەرفراوانە، مەملەکەتێکی هەشـنا ملیۆنی هەزاران چالاکیی چەپ و کۆمۆنیستی هەیە، بەشـێک لەمانە دیارە لـە ئێراندان کە ئەوان ناتوانـن لە ژێـر هیچ ڕێکخسـتنێک بن یان ئەگەرێکی زۆر بچووکە بەشـە سەرەکییەکەی لـە دەرەوەیە زۆریش پـەرش و بڵاوە، بەڵام لەبـەر ئـەوەی لەم چەنـد سـاڵەی ڕابردوو جیابوونەوەیەکـی زۆر لە نـاو ڕێکخراوەکان ڕووی داوە، خـودی چەپیـش لە بنەڕەتدا لە ئـەواوی دونیا لەبـەر ئەو شکسـتەی کە لە ڕابردوودا کردی سـوقیەتیش نێکچوو، چەپ خەریکـە وردە وردە لـە ژێر ئەو ڕووخاوییە دەهێنێتـە دەرەوە، لە ئەنجامدا چەپی ئێران زیاتـر لـەوەی لە ڕێکخراو و سیاسـی بن لە دەرەوەن ناکەکەسین، وانە ئەگەر ئەو چەپانە دەیانەوێـت کۆ ببنەوە بەو جۆرە دەبێت کۆ ببێنـەوە ئێمە ئەزموونی خۆمان دە سـاڵ کە لە ناو ئەو جەبهانە بووین ئەنها ڕێکخراوەکان دەهاتـ کائێکیش کە ناکە کەسـێک دەهاتـ چونکە ڕێکخراوەکان شەڕیان بوو لە ناوخۆیان و هـەر یەکەیـان پڕوپاگەنـدەی دەکـرد کە حیزبەکەی ئەو گەورەتـرە و ئەوانی تر دەبێت بێنە ژێر چەتریان.

*** یەکێك لە هێزە چەپەکان(حیکمەتیست) پێی وایە هیچ ناوەندێك یان شـووڕایەك پێویست نییە پێك بهێنرێت بۆ خۆڕهەلاتی کوردسـتان و ئێران و پێویستە گرینگیی بدەن بـەو کۆبوونـەوە بەکۆمەلانە یان ئەو خەڵکە ناڕازییـەی لە ئێران ناڕەزایی دەردەبڕن، واتـە بۆ نموونە ئەو خەڵکەی لـە کارگەیەکـدا کار دەکەن لە شـێوەی کۆ بوونەوە خواستەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، ئێوە بۆچوونتان لە سـەر ئەم شێوە کارکردنە چییە؟**

نادر فولادی: لە بنەڕەتدا هەوڵی سـەرەکی

و ئـەواوی ئـەم کۆبوونـەوە و دانیشـتنانە هەمووی بۆ ئەوەیە، بتوانین لە خزمەتی ئەو جوواڵانەوەیـەی ناو ئێران بـن، ئەگەر ئەوە نەبێت خۆ هەر دانیشـتن بۆ دانیشـتن نییە، ئـەواوی هەوڵی چـەپ و کۆمۆنیسـتەکانی ئێران هەر ئەوەیـە، چونکە بابەتی میللی و ژنان و نادادپەروەریی و ئازادی و یەکسـانی بە ڕابەریی چەپ چارەسەر دەبێت، پێویستە ئێسـتا چـەپ بێتـە نـاوەوە و ببێتـە هێزی بنەڕەتی، بەڵام ئەوەی گرینگە چۆن ببێت بە هێزی سـەرەکی، چـەپ باڵی زۆرە زیاتریش لە ناکەکەسی خۆی نیشان دەدات، ماوەیەک پێـش ئێسـتا کائێک لە ئەمەریـکا ڕێکەوتنی هاوبەشـی ئەتۆمی هاتە دەرەوە و ویسـتی کۆمەڵێـک ئابڵووقـەی ئابووری بخاتە سـەر ئێران، هەر بەو هۆیەوە کۆمەڵێک لەم چالاکە سیاسییانەی دەرەوە و بزووتنەوەی چەپەکان بەیاننامەیەکیـان دەرکـرد، کـە لەناوچـوون ڕوو دەدات، بـەڵام بـە چ شـێوەیەک، بـە تواناـی خەڵک نەک بە تواناـی دەرەوە، لە بنەڕەتدا ئـەوە گەمارۆدان بوە، چونکە هیچ حکوومەتێک بەم ئابلووقەیە تا ئێسـتا لە ناو نەچـوە، ئابڵووقە ئەنها کاریگەریی لە سـەر ئـەو حکوومەتە نابێـت، بەڵکـوو زیاتر کار دەکاتە سـەر خەڵکی هـەژار لە ئێران و ئەم جوواڵانەوانەی کۆنایی و لاوازی دەکات، ئەم کۆبوونەوەیە نزیکەی 270 کەس لە چالاکوانی سیاسـیی ئێـران ئیمـزای کـردوە لـە دوای ئـەوە ئەمە لە سـەر بنەڕەتی یـەک بەرەی چەپـی، ئەگـەری زۆری هەیە بـەم نزیکانە کۆنفرانسـێک بکرێـت زۆر کەسـی ترێـش خەریکن بەو کومەڵە خۆیان پەیوەستـ بکەن، ئەگـەر بتەوێـت جەبهـە دروسـت بکەیت، دەبێت ناکەکەسـی بێت لە قۆناغی یەکەمدا، دووەم ڕێکخراو هەر کەسـە و یەک بۆچوونی هەیـە ئەگـەر ڕێکخـراوی سیاسـییش بێت، وەکوو کەسـێک بێت نەک وەکـوو ڕێکخراو ئەمەیە کە دەتوانێت بەرەیەکی بەرفراوان لە تەواوی چەپ و کۆمۆنیسـتەکان پێک بهێنێت کـە بتوانێت یارمەتیدەر و پاڵپشـت بێت بۆ چەپەکان و کۆمۆنیسـتەکانی ناو ئێران و ئەو جوواڵانەوەیەی کە بەردەوامە.

*** باسـت لـەوە کـرد (حیکمەتیسـت) پەرشـوبلاوییەك لـە هێـزە چەپەکانـدا دەبینرێـت، هەندێـك لەوانـە کـە ئێمە قسـەمان لەگـەڵ کـردوون بـۆ نموونە (خەتـی ڕەسـمیی) دژی ئـەوەن بچنـە بەرەیـەك یاخـود چەترێـك کـە هێـزە چەپـەکان لە خۆی کۆ بکاتەوە، پێت وایە تـا چەند دەتوانێت ئەم ناوەندە یان ئەم شـووڕایە هێزە چەپەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟**

نادر فولادی: ئەم ئەزموونە دووبارە بوەتەوە، ئەمە دووبارەی ئەزموونی شکستخواردوەکانی پێشـوە، بەرە بـەو جۆرە دروسـت ناکرێت ئەگـەر ڕێکەوتن هەبێت لـە نێوانیان خۆیان و هێزی چەپـی ترێش هەبن و لەگەڵیان بن باشـە، ئەمە جەمسـەرێکە لـە بەرانبەر ئەو ناوەنـدی هاوکاریی هێزە کوردسـتانییەکان، لـەوێ ئامادەبوونـی چـەپ و کۆمەڵـە زۆر گرینگە، وەکوو حیزبی کۆمۆنیسـت، چونکە تـا ئێسـتا ناکـە هێزێـک لـە نـاو چەپەکان ماوەتەوە و بەرگری لە بەرژەوەندیی کرێکار

زەحمەنکێش بۆ ئازادیی یەکسانی کار دەکات حیزبی کۆمۆنیستە، ئەواوی ڕەونەکانی ئری کۆمەڵە چەپیان واز لێ هێناوە، وانە لە شێوازی ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیستیدا نەماون، ئەنها کۆمەڵە و سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی

> **حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لە ناو شووڕای هاوکارییش بوو، لەم لاوە چوە لە ناو کۆبوونەوەیەکدا هاوبەش بوە بەرەیەك دروست دەکات لەگەڵ پێنج ڕێکخراوی تری کە هەر پێنجیان ئەگەر بە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران باسی بکەم لایەنگرانی گۆڕانکاریی ڕژێم بوون،**

کوردستان، ئەویش ئێمە ڕەخنەی زۆرمان لێی هەیە، بەڵام ئەمە خاڵێکی بەهێزە بۆ بەشی کوردستان، بەڕاستی دەبێت چەپ هەبن ئەگەر کەسانێکی ئریش چەپ هەبن چەپ بن لە کوردستاندا پێوەندی بکەن بەوانەوە، بەڵام ئەوە جێگەی بەرەی چەپ ناگرێنەوە لە ئێران، چونکە ئەوە بەشێکی بچووک لە چەپی ئێرانە کە نانوانێت جێگەی ئەو چەپە بگرێنەوە.

*** ئەو ڕەخنانە چین کە لە کۆمەڵەی کۆمۆنیست هەتانە و سەبارەت بە کێن؟**

نادر فولادی: پار ئێمە کێشەیەکمان هەبوو لەگەڵیان، ئەوان کۆمەڵە هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە چوون لەگەڵ ئەو پێنج ڕەوتەی ئردا بەرەیەکی کوردستانی دروست بکەن، لە ناوەندی ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر لە مێری بوو، وانە لەوێ ئەو ڕێککەوتنە کرا، ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو لە ئاست ئەو هەڵانەی ئر، چونکە ئێستا ناکرێت، کاتێک خۆت بە هێزێکی چەپ و کۆمۆنیست دادەنێیت خاڵی سنوری هەیە، لە شووڕای هاوکاری کە ئیمزا کراوە، پێنج ساڵە لە ناویدا کار دەکەن لە سەر بناغەی ڕووخاندنی ڕژێم لە ڕێگەی خەڵک نەک بە ڕێگەی کودەتای دەرەوە، لەم لاوە دەچێت لەگەڵ بەرەیەکی ئر هاوبەشی دەکات، کە بناغەکەی لە سەر بانگهێشکردنی ئەمەریکایە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم، ئەمە کەموکورئییەکی گەورەی ئەو ڕەخنانەیە، زۆر بابەتی ئر هەیە حەقیقەتی زۆر دوورودرێژە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ بابەتی فیکری، چونکە زۆربەی چەپی ئێران کاریگەریی ئەو ئەزموونە شکستخواردوەی شۆڕەوین، لایەنگرانی دەوڵەتن، وانە ئەوان دەیانەوێت حیزبەکەیان ئەگەر سەردەمانێک بەهێز بێت و دەوڵەت پێک بهێنێت، گوێ بە حیزبەکانی ئر نادەن دیموکراسی، ئازادی، بەرابەری ئەمانە هەمووی دەبێت بە بەرژەوەندی، دوای ئەو شکستانەی ڕووی دا چەپێکی نازە دروست بوە، کە چەپی مارکسییە، وانە بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەواوی ئەو لایەنانەی ئر کە هەن، بەداخەوە بەشێکی زۆر لە چەپی ئێران ئەو بۆچوونە کۆنەیان هەر بۆ ماوەنەوە، لە سەر بابەتی دیموکراسی ئازادیی ڕەهای سیاسی نانوانن خۆیان ڕاست بکەنەوە، ئەوان ئازادیی دیموکراسی و هەموو شتێک دەکەن بە قوربانیی قازانجی حیزبەکەیان.

*** پێت وایە هێزە چەپ و ناسیۆنالیستەکان ناتوانن هاوکاریی یەکتر بکەن لە کاتێکدا ستراتیژی یاخود ئامانجی زۆربەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بە چەپ و ڕاستەوە گۆڕینی حکوومەتی ئێرانە کە ئێستا لە سەر کارە، بۆچی ناتوانن هاوکار بن؟**

نادر فولادی: ئەم ئامانجانە بە قسە بەڵی نزیکن لە یەکەوە، بەڵام لە ڕێ و ڕەوشی کارکردن جیاوازە، بۆ نموونە حیزبەکانی کوردستان ئەو پێنج حیزبەی لەوێ کۆ بوونەتەوە شێوەیەکی ئریان هەیە، ڕاستە لە بنەڕەتدا باسی دیموکراسی و هێزی خەڵک دەکەن، بەڵام چاویان بڕیوەتە ئەمەریکا ئێران بڕووخێنێت، ئێستا خەڵکی ئێران ئەوەندە بەرەوپێش چوون لە بابەتی جوولانەوەکەوە، هەر لە بەفرانباری پارەوە کە ئەم جوولانەوەیە دەستی پێ کرد، دە ڕۆژی سەرەتا کە لە ئێران ناسراوە بە ناوی دە ڕۆژێک ئێرانی لەرزاند لە درێژەی ئەم دە ڕۆژە دوو بابەتی گرینگ ڕووی دا جیا لەوەی لە 180 شار زیاتر بوو، ئەو دوو بابەتە گرینگەی کە لە ئەواوی جوولانەوە و خۆپیشاندانەکانی پێشوو جیای کردەوە، یەکێکی ئەوە بوو یەک دانە دروشمی ئیسلاح ئەڵەبی بەرز نەکردەوە، وانە ئوسوڵگەرا و هەر دوو لایەنەکەیان بەئەواوی خستە لاوە، وانە هەموو کۆماری ئیسلامییان خستە ژێر پرسیارەوە، دروشمی لەناوچوون درا، دوەمین

ڕۆڵی بەرجەستەی زۆری ژنان بوو لە ڕاستیدا ژنان کاری خۆکوژییان کرد، بۆ خەڵکی ئێران سێ شت مسۆگەر بوو، یەکێکیان حکوومەتی ئایینـدەی ئێران ئەو خەڵکـە قەبوولّی ناکەن دیـن لـە دەوڵەت جیا نەبێت، ئەوە شـتێکە جێگیـر بـوە، دووەم یەکسـانیی مافـی ژن و پیاو جێگیر بوە، ژنی ئێرانی و بەشـێکی زۆر لە پیاوە ئێرانییەکان پشـتیوانیانن، ناچنە ژێر بـاری ئـەو نابەرابەرییە، سـێیەمیش خەڵکی ئێران بە باوەڕ و ئەزموونیان گەیشـتوونەتە ئـەو دەرئەنجامـە خۆیـان دەبێـت بڕیار لە سـەر چارەنووسـیان بدەن و دیاری بکەن چ حکوومەتێکیان دەوێت، ئەمە پێشـکەوتنێکی گەورەیـە ئەواوی ئەو شـتانەیە کە ئەوان بە ئەزموونـی خۆیان پێـی گەیشـتن چەندین ساڵە چەپ لە سەر ئەمانە قسە دەکات ئەمە مافێکی زۆر ڕۆشـن نیشان دەدات کە چەند کرانەوەی جوواڵانەوەکە پێشکەوتوە،

*** پێـت وایە فشـاری دەرەکـی خراپە بۆ ئـەوەی یارمەتیـدەر بێـت بـۆ گۆڕینـی حکوومەتـی ئێـران؟ بە تەنهـا جەماوەر یـان هێزەکان بەگشـتی (چەپ، ڕاسـت، ئۆپۆزسـیۆن) دەتوانـن ئاڵوگۆڕێـک لـە ناوخۆی کوردسـتان یاخود بۆ حکوومەتی ئێـران دروسـت بکـەن ئـەو توانایەیان هەیە؟**

نادر فـولادی: لە بنەڕەتـدا ئەوانای خەڵکە، ئەگـەر ژمارەیەکـی گـەورەی خەڵـک بێنە دەرەوە هیـچ هێزێـک نییـە ڕێگریـیـان لێ بکات، لە دەورەی شـا، شا یەک دوژمنیشی دەرەوەی نەبـوو، هەمـوو وڵاتـان دۆسـتی بـوون، ئێسـتا ئەمانە یەک دانـە لایەنگریان نییـە لـە دەرەوە، ئەگەر هەیـان بێت دوو سێ وڵاتی ئەفریقایە کە ئەوانیش زۆر گرینگ نین، واتە بەهێز نین لە ئەنجامدا لەو کاتەدا خەڵک بە دەسـتی خۆیـان ئینقلابیان کرد بە دەسـتی بەتاڵ ئوانییان بیرۆخێنن ئێسـتایش دەئوانـن پێویسـت نـاکات هیـچ هێزێکـی دەرەوە دەسـتێوەردان بکات ئێمەیش نابێت بە هیچ جۆرێک بچینە ژێر باری ئەوەی داوا لـە هێزێکـی دەرەوە بکەین دەسـتێوەردان بـکات، چونکە دەسـتێوەردانی ئـەوان جگە لە خراپی و ماڵوێرانی هیچ سـوودێکی نییە، نموونەی عێـراق و ئەفغانسـتانمان بینی لە هەر شـوێنێک ئەمانە دەسـتێوەردانیان کرد وێرانیان کرد ئەوان دڵیان بۆ ئێمە ناسووتێت ئـەو دروشـمە مـرۆڤ دۆسـتانەیان هیـچ ڕاسـتگۆییەکی تێدا نییە ئەوانیش بۆ وڵاتێک دەسـتێوەردان دەکەن کە سەرچاوەی نەوتی و شـتێکی تێـدا بێت بۆیان بـۆ ئێرانیش کە مەلەکەتێکـی گەورەیـە سـەرچاوەی نەوتی زۆری هەیـە چاوەڕێی دەرفەتێک دەکەن بۆ ئەوەی دەست بگرن بە سەریدا یان لە عێراق بە هەمان شێوەیە ئەواوی بەرگرییان لە سەر بەرژەوەندیی خۆیان.

*** حیزبە ڕاسـتەکان دەڵێن، خواستەکانی خەڵکـی کوردسـتان جیـاوازە ناتوانیـن لـە چوارچێـوەی خواسـتەکانی ئێرانـدا بەگشـتی بیانخەینە ڕوو، بەڵکوو ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت چارەسەرکردنی کێشـەی نەتەوەییە کـە ئەمە لەوانەیە لەگەڵ خواسـتەکانی مەرکەز یان خەڵکی تر جیاوازی هەبێت؟**

نـادر فـولادی: لـە بنەڕەتدا هیـچ هێزێک نائوانێـت هێندەی چـەپ بابەتی نەئەوایەتی چارەسـەر بکات، ئێمە لە یەکەمین کۆنگرەی سازمان 27 ساڵ بەر لە ئێستا، ڕێگاچارەسەرمان بۆ کوردسـتان دانـاوە، کە ڕێگاچارەسـەری فیدڕالیزمە، فیدڕاڵیزمـی ناوچەیی دەئوانێت باشترین چارەسەر بێت، مەبەست فیدڕاڵیزمی ناوچەیی زۆر لە شارەکانی ئێران دەگرێنەوە، بۆ نموونە کوردستان و ئازەربایجان هەندێک شـاری هەیـە نێکەڵە، کۆمەڵێک ئـازەری لە ناو شـارەکانی کوردسـتان دەژیـن کۆمەڵێک کـورد لە ناو شـارە ئورکنشـینەکان دەژین، فیدڕاڵیزمـی ناوچەیی واتە هـەر ناوچەیەک خـۆی دەبێـت بـە ناوچەیەکـی فیـدڕاڵ، وەکـوو ئەو شـتانەی کوردەکان لە سـووریا دروسـتیان کردوە، کانتۆنـەکان لەم کانتۆنانە هەر کانتۆنێک کە دروسـتی دەکەیت، سەیر دەکەیت لەوێ کورد و عەرەب و ئاشـووری و چەندیـن نەتەوەی جیـاوازی لێیە، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە یەکگرتوانە یەک کانتۆن دروست دەکەن، دانیشتنی ناوخۆییان هەیە، دوای ئـەوە ئەگەر ئەمە سەرانسـەری ئێران ببێـت بـە فیدراڵـی ناوچەی بەلوجسـتان و کوردستان ئەواوی ئەمانە کانێک کۆ دەبنەوە لـە دانیشـتنی مەرکەزی دەبن و دانیشـتنی ناوخۆیی خۆیان دەبن، دەسـەڵاتەکەیان بەو جۆرەیە میکانیزمێکی هەیە کە ئەو نەتەوانەی لایەنگرێکـی زیاتریان هەیـە هەرگیز نائوانن دەستدرێژی بکەنە سەر نەتەوە بچووکەکان و مافی میللی لەم جۆرە فیدڕاڵیزمە بە باشترین شێوە چارەسەر دەکرێت.

*** لـە کۆمەڵەی کۆمۆنیسـت و کۆمیتەی کوردسـتانی - حیزبی حیمکەتیسـت کە دانیشتنی یەکەمیان کردوە، ئایا داوایان لـە ڕێکخـراوی کرێکارانـی شۆڕشـگێڕی ئێـران کـردوە بێتە نـاو بەرەکەیان یان ئێوە خۆتان داواتان کـردوە یان داواتان لێ بکەن دەچنە ناو ئەو بەرەیە؟**

نادر فولادی: نەخێر، هیچ شـتێک بۆ ئێمە نەهاتـوە، نەنها لە ڕێگەی ئـەو بەیاننامەوە زانیومانـە، شـێوازی ئێمـە جیـاوازە، لـە کوردستانیش جیاوازە وەک گوتم جەمسەرێکە لە بەرانبەر ئەوان دیاری کراوە، بەڵام وەکوو بەرەی چەپ، هەر ئەوەی گوتم لە سەر ئەو بۆشاییانە 270 کەس ئیمزایان کردوە، زۆربەی

ئەمانە چالاکوانی سیاسی و نووسەرن، کەسی بەنوانـان و لە ناو هیـچ ڕێکخراوێک نین لە نـاو ڕێکخراوەکانیش هەندێک کەس ئیمزایان کردوە لە بنەڕەتدا ئەگەر بنەوێت بەرەیەکی چەپ دروسـت بکەیت لەوێیـە، بەڵام ئێمە مـاوەی نزیکـەی 25 سـاڵ لـە کوردسـتان ئامادەییمان نییە و هێزی چەکداریشمان نییە، ئێستا ئەگەر لە کوردستان بووینایە هەر چەند کـە نازانم ئێسـتا چۆنە بـۆ نموونە زۆر جار پێوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئردا هەبوە نەک وەکوو جەبهە ئێمە ئەگەر لە کوردستان بووینایـە هێـزی چەکدارمـان هەبوایـە لـە حیزبی کۆمۆنیسـت نزیکترین تا ئەواوی ئەو هێزانـەی داوای یارمەتی لە ئەمەریکا دەکەن بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئێران لە ئێسـتادا ئێمە لە ناو ئەو بەرەیە نین.

پرۆفایل
نادر فولادی

- ناسراو بە (تاهیر)
- لەدایکبووی سەقز.
- تـا ڕۆیشـتن بـۆ زانکـۆ لـە خوێندن بەردەوام بوە.
- بـە هـۆی ڕاگەیاندنـی ئینقلابـی فەرهەنگییـەوە داخستنی زانکـۆکان نەیتوانیوە دریژە بە خوێندن بدات.
- سـاڵی 1382 بە هۆی فشـار و هەوڵی دەستبەسەرکردنی، شاری بە جێ هێشتوە و ڕووی لە دێهاتەکان کردوە.
- لـە سـاڵی 1382 تـا 1393 بووەتـە پێشمەرگەی ڕاە کارگر.
- لە ساڵی 1394 ڕووی لە ئاڵمانیا کردوە.
- ئێستا چالاکوانێکی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاە کارگر)ە.

پرۆفایل
ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران
- ڕێکخراوێکـی مارکسیسـتی و چـەپ گەرایە.
- لە ساڵی 1978 دامەزراوە.
- لە ساڵی 1979 بەناوی (ڕاە کارگر) خۆی ڕاگەیاندووە.
- لـە سـاڵی 1982 نـاوی خـۆی گۆڕیوە بـۆ ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشـگێڕ (ڕاە کارگر).
- بە گشـتی لە ئەندامـان و لایەنگرانی پێشـووی فیدایـان و مجاهدینـی مارکسیسـت پێکهاتووە. کە لـە زیندان دا ڕای خۆیان دەربارەی خەباتی چەکداری گۆڕیبوو. سـەنگەریان لە ماویسـتەکان گرتبوو.
- دوای شۆڕشـی 1979، ئەمانە لە دەوری یەکتـری کۆبوونەوە و ڕوانگـەی خۆیان لە ئۆرگانی ڕەسـمی خۆیـان بەناوی (ڕاە کارگر) بڵاوکردەوە.
- کۆمـاری ئیسـلامی بـە دەسـەڵاتێکی ئاینی – بۆناپارتیستی دەزانن.
- لـە نێـوان سـاڵەکانی 1979 و 1981 ڕۆڵیـان لـە بەگژداچوونـەوەی لیبراڵـە ئیسلامییەکان و کەم بوە.
- لە ساڵەکانی 1979 و 1981 ڕووبەڕووی کەرتبـوون بوونـەوە و هەندێـك لـە ئەندامەکانـی پەیوەندییـان بـە حیزبی تودەوە کردووە.
- لـە نیـوەی دەیـەی 1981، هەوڵیـدا گرووپـە بچووکـەکان لـە دەوری خـۆی کۆبکاتەوە. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.
- لە ساڵی 2009 جارێکی دیکە کەرتبوون لە ڕیزەکانی ڕووی داوە.



نیسان نودینیان: ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران

ئامادەین بۆ هەر شێوەیەك كە وا بڕیار بێت پلاتفۆرم و بەیاننامەیەكی هاوبەش لە سەر بارودۆخی ئێران بێتە كار و دروشم و ئالآی هاوبەشمان

ئامادەکردنی: شیلان

ئایا حیزبە چەپەکان دەتوانن لە ژێر چەترێکدا بە یەکەوە کار بکەن و بەرەیەک لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ئێران دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە پێک بهێنن، بە تایبەتی دوای ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزاییانەی خەڵک ساڵی 1396 لە ئێران هاتنە کایەوە، هەروەها دەگوترێت لایەنە ڕاستەکان ناوەندێکی هاوبەشی کاریان پێک هێناوە کە پێنج حیزب لەوانە (کۆمەڵە و دیموکراتەکان) لە خۆ دەگرێت و پێکەوە کار دەکەن، لە لایەکی ترەوە چەپەکانیش (حیکمەتیست خەتی ڕەسمی) و کۆمەڵەی کۆمۆنیست ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستیی ئێران، لە 3ی جۆزەردانی ئەم ساڵدا کۆ بوونەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرەیەک یاخود شوورایەکی بۆ کاری هاوبەشی حیزبە چەپەکان پێک بهێنن.

*** دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێراندا هاتنە کایەوە بە تایبەتی لە دوای خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان، ئێستای بارودۆخی ئێران و کوردستانیش زۆر هەستیارە، پێت وایە پێکهێنانی بەرە یاخود ناوەندی چەپ یاخود ئەوەی کە حیزبە چەپەکان لە ژێر چەترێکدا کار بکەن گرینگیی هەیە؟**

نیسان نودینیان: ئێمە یان هەر کەسێکی ئەر، حیزبی بێت یان نا، دژی ئەوە نییە بە ئایبەت لە کوردستانی ئێراندا لە بەرەیەکدا لایەنگرانێکی زۆر لە سازمان و حیزبەکاندا پێکەوە کار بکەن وەکوو سۆسیالست و چەپەکان بۆ دروستکردنی فشارێکی زۆرتر لە کۆمەڵەی خەڵکی کوردستان بە یەکەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی. لە ڕاستیدا هیچ کەسێک نائوانێت دژی وەها بەرەیەک بێت و لە ژێر ناوی داواکاریی گرینگی سیاسی هەتا ئینسانیش دەتوانین بە هەندی وەربگرین، لە ئێستادا ئەمە بابەتێکی زۆر گرینگی خەڵکی ئێرانە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو حیزبانەی ئێستا هەن بە ناوی چەپ کە ئێوە باسیان کرد، سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (حیکمەتیست) پێکەوە زانیارییان داوە لە «3ی جۆزەردانا» ئەمە داخوازییەکی خراپ نییە بە هەر نمرەیەک حیزبی چەپ» کۆمۆنیست» سۆسیالیستەکان بە یەکەوە بن» بەیاننامەی هاوبەش بڵاو بکەنەوە» ڕا و سەرنجی هاوبەشیان هەبێت لە سەر بابەتی سیاسی و ڕێکارەکان و چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی ناڕەزاییەکان، بە بۆچوونی من داخوازییەکی زۆر گرینگە لە هەناوی لایەنێکی سیاسیدا کە ئێستا لە کوردستاندا بە ئایبەت لە سەرانسەری ئێراندا هەیە ئەم پێویستییە زۆر گرینگە.

***ئایا هەتا ئێستا داوا لە کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران کراوە، کە بێتە ناو ئەو بەرەیە یان لە دانیشتنەکاندا بەشدار بێت بۆ زیاتر گفتوگۆکردن لەو بارەیەوە، ئێوە بە پێی چ پێوەرێک ئامادەن بچنە ناو ئەو شوورا یان ناوەندەوە؟**

نیسان نودینیان: بەڵێ داوا کراوە کە بچینە ناو دانیشتنێکی سێ لایەنە لەگەڵ بەڕێزانی حیزبی (کۆمەڵە، کۆمۆنیستی کرێکاری (حیکمەتیست) خۆشبەختانە دانیشتنێکی هاوبەشمان لە ڕابردوودا پێکهێناوە بە بەشداریی هاوڕێیان (ئیبراهیمی عەلیزادە» فەرهاد» شۆڕش) لە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە هاوڕێیان (ساڵحی سەردارى، مەلەکی عیزەتی، هومایون گوداسکار، هاوڕێیانی حیزبی حیکمەتیست و من، عەبدولی گوڵپەرییان، محەمەدی ئاسنگەران لە کۆمیتەی کوردستان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لەو کۆبوونەوەیە بەشداریمان کرد، کۆمەڵێک قسەوباسمان کرد لە بارەی ئەوەی بارودۆخی سیاسی چۆنە، شێوەی هاوکاری و بەردەوامیی دانیشتنەکانمان بە چ شێوەیەک بێت، ئەواوی ئەوانە لە دانیشتنێکی سێ سەعاتیدا ناونوێمان کرد، بەڵێ لە ئێمەیان داوا کردوە و بەخۆشحاڵییەوە ئەو دانیشتنانە ئێپەڕیون، بەڵام هێشتا ئێمە وەکوو حیزبی

کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران کۆمیتەی کوردستان قسەوباسمان هەیە لە سەر چۆنێتیی درێژەدان بە هاوکاریی یەکتر.

***لەو ناوەند یان بەرەیەدا کە بۆ ئێوە گرینگە بە چ مەرج و چ شێوەیەك دەتانەوێت کار بکەن، یان کارکردنتان چۆن بێت، ئایا ئەو بابەتەتان لەو دانیشتنانەی باست لێوە کرد، خستوەتە ڕوو؟**

نیسان نودینیان: یەکەمین دانیشتنی سێ لایەنەی ئێمە بە بەشداریی هاوڕێیانی کۆمەڵە و حیزبی حیکمەتیست» دەستووری کەی ئەوە بوو کە شێوە و چۆنیەتیی بەردەوامبوونی ئەم دانیشتنەمان ڕوون بکەینەوە، لە هەمان کاتدا قسەوباس بکەین لە سەر ئەوەی، ئەگەر ئەم دانیشتنە درێژەی هەیە، پلاتفۆرمێک یان بەیاننامەیەک دەربکات کە بتوانێت بە ڕووی خەڵکی بەشێوەیەکی یاسایی و سیاسیی ئەر ڕابگەیەنێت، کە ئەم حیزبانە لە ئەنیشتی یەکنردا دانیشتوون لە سەر بناغەی بەیاننامەیەک یان پلاتفۆرمێکدا و هاوبەشە لەم بەیانەدا بە یەکەوە هاوکاری دەکەن، دوای ئەوەی ئەمە شێوەی گرت و خۆی چەسپاند، وەکوو داخوازییەکی سیاسی لە نێوان حیزبەکان، ئێمە داوا دەکەین لە هەموو لایەنەکان و چەپ و سۆسیالست و حیزبەکانی ئەر لەبەر ئەوەی نەخشەڕێگای ئەم پلاتفۆرمە ڕۆشنە هیچ کێشەیەک نییە لە سەر ئەوەی کە ئێمە قسە بکەین یان ئەو دانیشتنەمان هەبێت، بەڵام کێشە سەرەکییەکە بە بۆچوونی من ئەوەیە، ئایا ئێمە دەتوانین پێکەوە لە سەر بناغەی نەخشەیەکی سیاسی، پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش کە بۆچوونمان لە بەرانبەر چۆنێتیی ناڕەزاییدا، چۆنیەتیی کارکردن لە سەر باشترکردنی ئەو ناڕەزاییانەی کە ئێستا لە کوردستان هەن و باشترکردنی بارودۆخی سیاسی، نەریتی دواکەوتوانەی کۆمەڵایەتی مەزهەب، ناسیۆنالیزم و کۆمۆنیزم، بەرەی چەپ و بەرەی ناسیونالیستی، بابەتی خۆرئاوا... هند، ئەواوی ئەوانە بابەتگەلێکن کە شایەنی باسن دەبێت گفتوگۆیان لە سەر بکرێت، دەتوانین بە یەکەوە لە سەریان کۆک بین و بۆچوونمان یەک بخەین.

***ڕەوتی سۆسیالیست یان هەندێك لایەن پێیان وایە بەشداریکردنی لایەنە چەپەکان لەو ناوەندەدا بڕیار نییە بۆ هەمیشەیی بێت، دەتوانێت بۆ ماوەیەکیش بێت کە ئامانجەکانی لایەنێك لەگەڵ ئەم بەرەیە یەکی گرت لە قۆناغێکدا یان لە چەند قۆناغێکدا هاوکار بن و دواتر بڕینە دەرەوە، ئێوە ئەوەتان پێ باشە؟ یان ئەم ناوەندە دەبێت هەموویان تا کۆتایی لەگەڵی بەشدار بن یان نابێت بچنە ناوی، ئێوە ڕاتان چییە؟**

نیسان نودینیان: ئەمە بابەتێکی گرینگە کە ئەو هاوڕێیانە باسیان کردوە، هەر جۆرە هاوکارییەک ماوەکورت یان درێژماوە بێت لە کۆنایيدا هێزە سیاسییەکان پێگەی خۆیان یان وەکوو خۆیان دەبێت، ئێمە هێزمان بۆ ئەوە دروست نەکردوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەر بەرەیەک یان هاوکارییەک یان بەیاننامەیەکی هاوبەشمان دا، حیزبەکەمان بەرەو لاوازی بچێت، ئێمە حیزبمان بۆ ئەوە دروست کردوە کە بەو ئامانجەی هەمانە لە بابەتی سۆسیالیزم، ماف و کۆمەڵگایەکی ئازادی و مرۆڤایەتی بۆ خەڵک دروست بکەین و لەگەڵ ئەم حیزبە سیاسییە بە هەر شێوەیەک ئێمە بتوانین بەرەی چەپ و کۆمۆنیست لە نەنیشت یەکدا فشارێکی زۆرتر و ناڕەزاییەکی هاوبەشتر دروست بکەین، ئەمە لە بەهێزیی بەرەی چەپ و کۆمۆنیست، کاریگەریی دەبێت، لە ڕۆحیەتی خەڵک و وەرەی بەرزی ناڕەزاییی کاریگەرییەکی گرینگی هەیە، بە بڕوای منیش ئەوە ڕاستە کە ئەم بەرەیە و ئەم بۆچوونە، ئەوەی کە لە نەنیشت یەکتر بین بۆ ئەوەیە کارێک بکەین، دەبێت ئێمەیش، ئەم سێ حیزبە کە ئەم قسەوباسانەمان کردوە لە کۆنایيدا بەوە بگەین، بە نموونە لە سەر فلان ناڕەزایی دژ بە فلان لەسێدارەدان، لە سەر فلان مانگرتن بەیاننامەی هاوبەش بدەین، بەڵام هێشتا وا نەبێت کە پلاتفۆرم و بەیاننامەیەکی هاوبەشمان پێگەییشنبێت و بڵاومان کردبێنەوە، ئەواوی ئەمانە بابەتی کراوەن لە نێوان هێزەکان و چەپ، ئێمە ئامادەین بۆ هەر شێوەیەک کە وا بڕیار بێت پلاتفۆرم و بەیاننامەیەکی هاوبەش لە سەر بارودۆخی ئێران بێنە کار و دروشم و ئالای هاوبەشمان، ئەوا ئامادەین بۆ هاوکاریی دیاریکراو دژ بە لەسێدارەدان بۆ بەرپابوونی مانگرتن بۆ خەباتێکی زۆرتر ئەواوی ئەوانە هەمیشە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران و کۆمیتەی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران ڕاگەیاندن و ئامادەیی هەبوە، لەوانە لە کەمپینی ڕزگارکردنی ڕامینی حسێن پەناهی یان کەمپینی ڕزگار و هۆشمەند و هاوڕێکەی دەستێوەردان دەکەین، ئەواوی ئەمانە وێنەی بابەتێکی کراوەیە، بەڵام کە بیر دەکەینەوە ئەگەر حیزبەکانی چەپ و کۆمۆنیست لە سەر ڕوویەک و نەخشەیەک کە بتوانێن بۆچوونی هاوبەشیان بڵاو بکاتەوە لە نەنیشت یەکتر کارێکی زۆر و درێژ ماوە بکەن ئەمە بەسوودی ناڕەزاییەک و خەباتێکە کە هەر ئێستا لە ئێران و لە بەشی کوردستان بوونی هەیە.

***لە بەیاننامەی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و**

حیکمەتیست ئەوە باس کرابوو کە دەبێت بە کردار هەنگاو بنێن، دواتر لە قسەکانیان دەرکەوت بە تایبەتییش ناوەندی هاوبەشی حیزبەکان لەوانە، حیزبە ڕاستەکان کە ناویان دەهێنرێت تا ئێستا کرداریان بەو جۆرە نەبوە لە کاتی پێکهێنانیەوە زیاتر لە شێوەی بەیاننامە چالاکییان کردوە، ئێوە ڕاتان لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا چالاکیی کرداری دروستە بۆ سەرجەم هێزەکان (چەپ، ڕاست) لە خۆرهەلاتی کوردستان و ئێران؟

نیسان نودینیان: ئێمە پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو دانیشتنەوە، بەیاننامەیەکمان ئاراستەی حیزبی حیکمەتیست کردوە، کە لە کاتی خۆی ئەو بەیاننامەیە بڵاو دەکەینەوە، گونجاوە ئێوە هەر بۆچوونێکتان هەیە دەتوانن لە چوارچێوەی ئەم بەیاننامەیەوە بڵاوی بکەنەوە و پێکەوە بیکەین بە شێکی هاوبەش، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بە ئەنجامێکی دیاریکراو کە ڕۆشن بێت، کە دەتوانێت ئەمە بنەمای ئەو هاوکارییە بێت نەگەییشتوە، لە بڕوای ئێمەوە ئەم بابەتە کراوەیە، بێگومان ئەم بەیاننامەیە بڵاو دەکەینەوە، بەو مانایە نییە کە ئەمە بەیاننامەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە، بەڵام بەو مانایەیە کە ئێمەن هەوڵ دەدەین ئەم دانیشتنانەی کە وا هەمانە لە چوارچێوەی ئەمە پەیامی دانیشتنەکەی ئێمە بوو، بۆ خەڵکی ئێران و لە کوردستان بڵاو بکرێنەوە.

*** لەو ئاڵوگۆڕە خێرایانەی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست و بە تایبەت پێوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران و ئەوەی لە چەند مانگێکی تردا دەوری دوەمی گەمارۆکان دەست پێ دەکەنەوە، تا چەند پێویستە زووتر ئەو لایەنە چەپانە بە ئەنجام بگەن بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی کوردستان یاخود بۆ**

لایەنەکانی تریش دیاریکراو بێت کە بزانن چی دەکەن؟

نیسان نودینیان: ئەوەی ئاماژەتان پێ کرد ئەمە بابەتێکی گرینگە لە لایەنی بارودۆخی سیاسییەوە لە کوردستان و ئێران، ئێستا جموجوڵێک لە بۆچوونی جیهانییەوە لە ناوچەی خۆرهەلاتْ و لە ئەمەریکا و ڕووسیا و ئەواوی ئەوانە خۆیان نیشان دەدەن، زۆرتر و زۆرتریش دەبێتْ، ئەمە بابەتێکی گرینگە بەو نرخەی ئەوان جووڵەی خۆیان دەبەنە پێشەوە و هەوڵ دەدەن و بەرەی خۆیان بۆ کاریگەر و دەستێوەردانی خۆیان لە بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان زۆرتر مسۆگەر بکەن و کۆی بکەنەوە، دەبێتْ چەپ وریاتر و هۆشیارتر بێتْ کە بتوانێتْ وەڵامی ئەم جۆرە کردارانە کە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بە هاوکاریی هەندێک لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران بیبەن بەرەو پێشەوە. بە بڕوای من ئەگەر ئێمە لە سەر نەخشەی خۆمان لە سەر ئەمە ڕێکەوتن بکەین و بڵێین بارودۆخمان بەرانبەر ئەم جۆرە هەوڵدان و ئاڵوگۆڕانە و مەترسییەکانی چییە لە ئێستای کوردستانی ئێراندا، ئەمە وەک پەیامێک ڕابگەیەنین بە خەڵکی لە ئێران و کوردستان، ئەم ئامادەکارییە بە بڕوای من زۆرتر دەبێتْ، ئێستا حیزبەکە لە هەموو کاتێک حیزبێکی ئازەترە بۆ ئێمە بە ئایبەتْ بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکان کە زۆرترین بوونیان هەیە، ئەواوی هەبوونیان بە ناڕەزایەتی و دروشم و داواکارییەکە کە هەر ئێستا لە ئێران لە لایەن ملیۆنان کەس لە خەڵکەوە بەرز بوەتەوە و لە کوردستان ئەم جۆرە هەماهەنگی و ناڕەزاییە بوونی هەیە، ئێمە ئەوانەمان هەیە، شۆڕش و خەباتی شاریمان هەیە، لە ئەنجامدا کاتێک ئەمە هەیە لەگەڵ دەوڵەتەکان بە ئامانج بگاتْ، حیزبێکی ناوچەیی خۆرهەلاتی، ئەزموونی کوردستانی عێراق و ئەزموونی سووریا و بابەتی کورد لە تورکیا ئەواوی ئەوانە کاتێک بوونی هەیە و بە شێوەیەکی خێرا دەبینرێتْ جموجوڵێکە لە لایەن دەوڵەتان و ئەمەریکا و ڕووسیا و ئەواوی ئەوانە بوونی هەیە، ئەوانە دەگەڕێن ئەڤگەری نزیکی خۆیان پەیدا بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتْ و ئامانجێک کە دەیانەوێتْ بە دی بێتْ لە ناوچەی خۆرهەلاتْ یان لە داهاتووی حیزبی سیاسی و گۆڕانکاریی سیاسی لە کورستان و بەشی ئێران کاری لە سەر بکەین. هۆشیاری و ئاگایی و ئامادەبوون و هاوکاری و خەباتی چەپ لە هەموو خولێک گرینگییەکی زۆرتری هەیە، هەر وەک ئاماژەم پێ دا، چەپ دروشم و ئاڵا و خەباتْ و داواکاریی هەیە کە ئەمڕۆ لە لایەن خەڵکەوە دژ بە بێکاری و دیکتاتۆری و کاری خراپ خەریکە لە ئێران و دووبارە دەبێنەوە و، ناڕەزاییەکی زۆر لە شارەکانی ئێران هەیە، وەک ئەوەی لە کوردستان هەیە.

*** باست لە ناڕەزاییی خەڵک کرد کە خۆپیشاندانەکان لە شێواز و قاڵبی جۆراوجۆر بۆ بابەتە جیاجیاکانی ئێران خۆیان دەنوێنن، پێت وایە بەوەی ئەم هێزە مەدەنییانە لەوانەیە لە هەموو حیزبەکانی تێدا بێت چ ڕاست و چ چەپ،**

دەتوانن لەو بەشە، کە ئێران ئاڵوگۆڕێکی خێرا و ئاڵۆز بە خۆیەوە دەبینێت، هاوکار بن یان پێویستە هەر یەکە و ناوەندێک یاخود بەرەیەک پێک بهێنێت؟

نیسان نودینیان:: باسی هێزی مەدەنیان کرد، بە بڕوای من ئەوە بابەتێکی زۆر گرینگە ئەمڕۆ لە ئێران بە تایبەت لە بەشی کوردستان شاهیدی ئەوەین، دەیان جووڵانەوە و هێزی مەدەنی لە چالاکیی کرێکاری و چالاکیی هێزی ڕزگاریخوازی ژنان، چالاکی دژ بە لەسێدارەدان، چالاکیی بەخشش و ئەواوی ئەمانە ئەمڕۆ لە شارەکانی کوردستان بەڕوونی دەبینرێن. بە بڕوای من بابەتێکی زۆر گرینگە، بە هەر نرخێک ئەگەر ئەم هێزە چەپ و سۆسیالیستییە بە یەکەوە بن، نەخشەڕێگایان ڕوون بێت، بۆچی بە یەکەوەن، بە بۆچوونی من پلانفۆڕم و شێوەی کاری ئەم بزوتنەوە مەدەنییانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە، دەتوانێت دەسەڵاتی هەبێت لە شارەکان، گفتوگۆی هاوبەشی خۆیان بکەن بۆ لێکنێگەییشتن و هاوکاریکردنی هەر بزوتنەوەیەک کە ئێستا بوونی هەیە. ڕێپێوانەکان کە لە کۆنەوە بوونیان هەیە، ئەم کۆبوونەوە گەورانە ئەنجامی کاری ئەم بزوتنەوە مەدەنییانەن. ئەمە ئەگەر ئاڵوگۆڕی بە سەر بێت، حیزبی سیاسیی ناسراو لە ئێراندا، ئەمە بگۆڕن، لەگەڵ ئەوەی چۆن هاوکارییان بکەن، نەخشەی کاروبارەکانیان ڕۆشنتر بکەنەوە، بە بۆچوونی من ئەم جۆرە هاوکارییانە زۆرتر دەبێت، ئەمە بابەتێکە هەموو کات لە لایەن چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەن ئەم حیزبە مەدەنییانەوە باس کراوە، داوایان کردوە حیزبی سیاسی بە هەر شێوەیەک نزیک بن زۆر باشە، لە هەر کاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین ئێمە حیزبی سیاسین، نەبوونی نەخشە و پلانفۆڕم و بەیاننامە ئەمەتێکی کورتی هەیە، ئەگەر بمانەوێت کارێکی بەردەوامتر و بە فشارێکی زۆرتر و کاریگەرتر و بینراوتر لە بەرچاوی خەڵک بکەین، دەبێت ئێمە لە سەر بنەڕەتی نەخشەڕێگایەک و پلانفۆرمێک بەیاننامە و پەیڕەو و پڕۆگرامێکی سیاسی کە هاوبەشی سیاسیمان نیشان دەدات بە چالاکیی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵانی خەڵک، حیزبی کرێکاری و ژنان ئەواوی ئەوانە نیشان دەدات، بە بۆچوونی من ئەوە کاریگەریی زۆرتر لە سەر ئەو هێزە مەدەنییانە.

***پێکهێنانی ئەو بەرە چەپە کە ئێوەیش تا ڕادەیەک ڕازی بوون لە سەری، کەی دەبێت، ئێستا لایەن و حیزبە چەپەکان لە خۆرهەڵاتی کوردستان چۆن دەتوانن ڕێبەریی ئەو هێزە مەدەنی و ناڕازییانە لە خۆرهەڵاتی کوردستان بکەن؟**

نیسان نودینیان: هەر وەک باسم کرد ئێمە گونووماند و لە یەکەمین دانیشتنی سێقۆڵی ڕامان گەیاندوە، ئامادەین لە سەر بارودۆخی سیاسی و گفتوگۆکردن لە سەر نەخشەڕێگا و پلانفۆڕم و بەیاننامەیەک کە بابەتە هاوبەشەکانی هەموو حیزبە سێ لایەنەکەی تێدا بێت بە ڕێکەوتن بگەین و بڵاوی بکەینەوە، لە سەر بناغەی ئەو نەخشەڕێگا سیاسییە هاوبەشە، ئەو ناوەندە هاوکارییە دروست دەبێت، ئەمەیش کارێکی باشە و هەوڵ دەدەین لەو کۆبوونەوانە بەشداری بکەین و ڕاوبۆچوون بخەینە ڕوو، ئەو نەخشەڕێگا و بەیاننامەی هەمانە، لە کاتی خۆیاندا بڵاویان بکەینەوە. لە بەردەوامیی دانیشتنەکانی ئێمە بەشداریکردنی هێزی سیاسی لە پێش هەموو شێک گرینگترە تا ئەو دانیشتنانەی کە ڕێککەوتن و دەستبەکاربوونی کار و چالاکیی مەدەنی کە ئێستا لە شارەکانی کوردستان بوونیان هەیە و زۆریش چالاکن، مێژووی چۆنێتیی ئەم هێزە مەدەنییانە کە بوونی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی سیاسی کە دەگەڕێتەوە بۆ چل پەنجا ساڵ لەوەو پێش، ئێمە لە کوردستان شاهیدی زۆر شت نەبووین کە ئێستا بە بەڵگەوە بوونی هەیە، شاهیدی چالاکیی ژنان و شاعیر و نووسەرانی بەناوبانگ و داکۆکیکاری مافی مندااڵ و ژنان، بەڵام ئێستا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زۆر گۆڕانکاریی بە سەر هاتوە و کاریگەریی زۆری سیاسەتیان بە سەرەوەیە بە بەراورد لەگەڵ لە ڕابردوو، ئەگەر پێشتر بیانگوتایە



تا ئەو دانیشتنانەی کە ڕێککەوتن و دەستبەکاربوونی کار و چالاکیی مەدەنی کە ئێستا لە شارەکانی کوردستان بوونیان هەیە و زۆریش چالاکن، مێژووی چۆنێتیی ئەم هێزە مەدەنییانە کە بوونی هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی سیاسی کە دەگەڕێتەوە بۆ چل پەنجا ساڵ لەوەو پێش

نووسـەر و شـاعیری بەناوبانگی کوردسـتان کێیـە، چەند کەسـانێکی دیاریکراویان ئاماژە پێ دەکرد، بەڵام ئێسـتا دەتوانین لیسـتێکی دەیان و سـەدان کەسی لە چالاکیی کرێکاری و ژنـان و داکۆکاری مافـی مندااڵن بدەیـت، ئەوانە کەسـایەتیی گرینگیـی ئەو کۆمەڵانەن لە نێـوان ئەم هێزە مەدەنییانەوە و هێزێکی نوێوە دروسـت بوە، ئەمانە سەریان هەڵداوە و هاتوونەتـە مەیدانـی خەباتەوە کە ئێسـتا کاریگەرییـان هەیـە، بـەر لـەوە هـەر چی حیزبێک بە یەکەوە دابنیشن یان بە رێکەوتن بگـەن، بوونی هەبـوە کاری خۆیان کردوە، مـن پێم وایە کاریگەریـی پلاتفۆرمی حیزبی چ چـەپ چ ڕاسـت بێگومـان ئـەم هێزانە بڕیاریـان داوە و بوونیان هەیـە لە کۆتاییدا پلاتفۆرم و شـێوەی کار و تۆڕینەوەکانیان و چالاکییەکانییان لە نـاو خەڵک بوونی هەیە، ئـەواوی ئەوانـە بـە بـڕوای من سـەرەڕای ئەوەی هێزی سیاسـی یەک بگرن یان نا، یان بەیاننامەیـان هەبێـت یـان نەیانبێت، ئەوان بوونیـان هەیـە و بـە هەر نرخێـک هێزی چـەپ بتوانـن زۆرتر لە تەنیشـت یەکتر بن هاوبەشانەتر کارەکانیان بکەن و لە سەر وەرە و ڕۆحیـەت و پلاتفۆرمی یەکتر و ناڕەزایەتی خەڵـک لـە شـارەکان کاریگەرییەکـی زۆر گرینگی دەبێت.

پرۆفایل
نیسان نودینیان

- لە سـاڵی 1332 لە شـاری مەریوان لە دایکبوە.
- خاوەن بڕوانامەی دیبلۆمی دانشسەرای موقەدەماتی لە دانشسەرای وەرامین.
- بـۆ مـاوەی 7 سـاڵ لـە ئاواییەکانـی سـەروئاوێ و بـەردەرەش لـە مەریـوان وانەی وتوەتەوە.
- لـە سـاڵی 1348 چالاکی سیاسـی لە شاری مەریوان دەست پێکردوە.
- لـە سـاڵی 1349 تـا سـاڵی 1351 لە شارەکانی ساوە و تاران لە کاتی خوێندن تێکەڵی کۆڕە سیاسییەکان بووە.
- لـە سـاڵی 1357 هەڵسـوڕاوی بەرەی خەباتی شۆڕشـگێڕانەی شـاری مەریوان دەبێت بۆ سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانی ئێران.
- ئەندامـی کۆمیتەی ناوچەی مەریوان و ماوەیـەک لە ناوچەی ئالانی سەردەشـت بەرپرسی سیاسی گوردانی بووە.
- لە ساڵی 1991 لە یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنـی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کارگەری بەشداری کردوە و لەو حیزبەش لە بەرپرسایەتیی سەرەکی لە ئەستۆ بوە.
- بـۆ 2 سـاڵ بەرێوەبـەری کۆمیتـەی ئەڵمانیـا حیزبـی کۆمۆیسـتی کارگـری ئێرانی بوە.
- لـە کۆنگـرەی سـێیەمی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کارگـەری ئێـران ئەندامی کۆمیتەتی ناوەندی و ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیتەی کوردستان بووە

پڕۆفایل
حیزبـی کۆمۆنیسـتی کرێـکاری ئێـران (حککا)

- دژی ئێرانـە و لایەنگـری سـەقامگیری کۆماریکی سۆسیالیستییە لە ئێران.
- لە ساڵی 1991 دامەزراوە.
- حـککا نەیـاری گـەورەی هـەر جـۆرە دەسـەاڵتێکی ئایینـی، نەتەوەیـی، ئەتنیکییە.
- ئیدانەی گرووپە سیاسـییەکانی ئێران دەکات بـۆ هێنانەکایـەوەی سیسـتمی فیدرالیزم لە ئێران.
- بـە گشـتی چارەسـەری حـککا بـۆ نەهێشـتنی جوداخوازیـی و سـتەم لـە ئێـران، هێنانەکایەوەی سیسـتمێکە کە تەواوی هاووڵاتیی و دانیشـتوانی ئێران، مافەکانیان وەکیەک بێت.
- دروشـمە سـەرەکییەکانی «ئـازادی، وەکیەکی، دەسـەاڵتی کرێکاری» و «بژی سۆسـیالیزم»ە و دوای مردنی مەنسوری حیکمـەت دامەزرێنـەری ئـەو حیزبـە، دروشـمەکەیان گۆڕیـوە بـۆ «مـرۆڤ بنچینەی سۆسـیالیزمە» کـە یەکێکە لە وتەکانی.
- لە کۆنگرەی حەوتەیەمی حیزب لە ساڵی 2009، دروشـمی «شۆڕشـی مرۆڤایەتی بـۆ دەسـەاڵتی مرۆیـی»ش خرایە سـەر دروشمەکانی دیکەی.



ئیحسان حەقیقی، ئەندامی ڕەهبەری یەکێتی فیدایانی خەڵکی ئێران

فیدایانی خەڵك یەکەم ڕێکخراوەیەك بوو کە بانگهێشتی ئەوەی کرد کە بەرەی چەپ بەیەکەوە دانیشین و پلاتفۆرمێکی هاوبەش دارێژیین

ئامادەکردنی: نیاز

3ی جۆزەردانی 1397 لە دانیشتنێکدا لە نێوان کۆمیتەی کوردستانی – حیزبی حیکمەتیست و کۆمەڵە –ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە چوو ئەوە گەڵاڵە کرا، پێویستە هێزە چەپ و هێزە ئێرانی و کوردستانییەکان کە فیکری چەپیان هەیە لە چوارچێوەی چەترێکدا کۆ بنەوە و بە کردار هەنگاو بنێن بەتایبەت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەئێستادا لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدەن.

*** ئایا پێکهێنانی بەرەی چەپ بەوجۆرەی کە حیزبی حیکمەتیست و حیزبی کۆمۆنیست باسیان لێوە کردووە پێتان وایە پێویستە بۆ ئەم قۆناغەی خەبات، یان نا؟**

ئیحسان حەقیقی: پێش هەموو شتێک دەمەوێت بە بەڕێزنانی ڕابگەیەنم بیژەنی جەژەنی دەڵێت (هەمیشە ئەواوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە دەرەوەی وڵاتن کاردەکەن ڕۆڵی دواوەی بەرەی شەڕ دەبینن و ڕۆڵی پشتیوانی دەبینن لەو جووڵانەوەیە. لە کاتێکدا کە ئێمە دەبینین بێ هیوایی و چەق بەستوویەک و بێ کردەوەییەک هەیە لەو بزووتنەوانەی دەرەوەی وڵاتن. بەهۆی ئەو سەرکوتکردنە بووە کە ئاێستا لەناوخۆی حیزبەکاندا و لە لایەن ئەندامەکانیانەوە هەبووە، حیزبەکانی دەرەوەی وڵاتن نەیانتوانیوە بەکردەوە هیچ هەنگاوێک بنێن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجە قەیراناوییەی کە لە کۆمەڵگە و بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان هاتۆتەئاراوە، هەموو حیزبەکان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دەبێت لانی کەم ئەگەر ناتوانن لەڕووی ئیۆرییەوە یەکبگرن و بەکردەوە یەکێنییەک پێکبێنن کە بەخۆشحاڵییەوە حیزبەکەی ئێمە ڕێکخراوەی فیدایانی خەڵک، یەکەم ڕێکخراوەیەک بوو کە بانگهێشتی ئەوەی کرد کە بەرەی چەپ بەیەکەوە دانیشین و پلانفۆرمێکی هاوبەش داڕێژیین و بتوانین گوتارێکی هاوبەشمان هەبێت. کە چۆن بتوانین هاوکات لەگەڵ جووڵانەوەکانی ناوخۆدا بەرەو پێش بڕۆین. دەزانین هەر ڕێکخراوە و ڕێکخستنێک پەیڕەو و پڕۆگرام و بنەماو پرەنسیپ و چوارچێوەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئێمە دەتوانین لە خاڵێکی هاوبەشدا لێک نزیک ببینەوە و پێکەوە هاوکاری بکەین. هەر لە ئێستادا ئەو گوتارە لەبەرەو پێش چوون دایە. یانی من هەست بەوە دەکەم کە بە بەراورد بە ڕابردو ڕێکخراوەکان تاڕادەیەکی زۆر لێک نزیک بوونەتەوە یانی ئێستا ئەنانەت ئەو کەرتبوونە مێژوویی لەنێوان حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی دیموکراتن دا، ئێستا خەریکە بەهۆی زەق بوونەوەی چەمکی ستەمی نەتەوەیی و گیان بەخت کردنە لاواز دەبێت و ئەو حیزبانە لەیەکتری نزیک دەبنەوە. چ بگات بە خودی حیزبە کۆمۆنیستەکان کە چوارچێوە و بنەمای هاوبەشیان هەیە. من زۆر گەشبینم بەو لەیەک نزیکبوونەوەیە و هەست دەکەم ئێستا قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی و ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە بتوانن جووڵەیەک بکەن ئەمە بۆ خۆی وەرچەرخانێکی مێژوویی، دەنا ناتوانن یەکتری بگرنەوە. ئێمە دەبێت هەمیشە بیر لەوە بکەینەوە کە زۆر ئەستەمە بزووتنەوەکان لە ئێۆرییدا لەیەک نزیک ببنەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین بەکردەوە بزووتنەوەکان لە ئێۆرییدا لەیەک نزیک ببنەوە و زۆر گرنگ نییە کە لەیەک نزیک ببینەوە و زۆر گرنگ نییە کە لە هەندێک خاڵدا جیاوازیمان هەبێت، بەڵام لە ڕووی ئاکتیکی و بەکردەوە دەتوانین زۆر لەیەک نزیک ببینەوە و ئەمە گوتارێکە دەستی پێکردوە و هەستەکەم ئا ئێستا سەرکەوتوو بووە و حیزبەکان و ڕێکخراوەکان لە یەکتری نزیک بووینەتەوە.

***ئایا ئەو گوتارەی کە باست لێکرد دەتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ناوەندەدا خۆی ببینێتەوە و لە ئایندەدا هەنگاوەکانی بهاوێت، ئایا حیزبە چەپەکان کە لەسەر ئەم بەرەیە پێکهاتوون، بۆ دانیشتنی خۆیان لە داهاتوو داوایان لە ئێوە کردووە کە بەشدار بن، یان ئێوە وەك یەکێتی فیداییانی خەڵق داواتان لە ئەوان کردووە بەشداری کۆبوونەوەکان ببن؟**

ئیحسان حەقیقی: بەڵێ من ئاگادارم. ئەنانەت پێش ئەم هەنگاوانە سازمانی فیدایانی کۆمۆنیست ئەو لایەنە بوو کە بانگهێشتی هەموو حیزبە چەپەکانی کرد بەیەکەوە دابنیشن، هەندێکیان قبووڵیان کرد و هاتن و هەندێکیشیان بە چەندین هۆکار کە لەم گوتارەدا جێگەیان نییە، نەهاتن،

بـەڵام من ئاگادارم کە ماوەیەک پێشـتر ئەم بانگهێشتە دووبارە بووەتەوە، بەڵام من ئێستا نازانم ئەم داواکارییە لە لایەن ڕێکخراوەکەی ئێمـەوە بـووە یـان ڕێکخراوەکانـی تـرەوە، بـەڵام دەزانم کە ئـەو داواکارییە هەبووە و ئەم دەرفەتە هەبووە و بڕیاری دانیشـتنێکی گشـتی لە نێوان ئەم حیزبانەدا هەبووە. من وەک ئەندامێـک کە لە ئێسـتادا لە کۆمیتەی ناوەندیـدا نیـم ئاگادارم کە بڕیـار بووە ئەو دانیشتنە ئەنجام بدرێت بەڵام ئاگاداری ئەوە نیـم کـە ئایـا ئەنجـام دراوە یان نا. ئێسـتا ناتوانم زانیاریەکتان پێ بدەم کە دواجار خۆم بچمە ژێر پرسـیار و بۆیە داوای لێبووردنتان لێ دەکەم.

*** ڕاتان چییە پەیوەسـت بـەم ناوەندە؟ بەوپێیـەی کە هەندێك لایەنی لە ڕەوتی سۆسیالیسـت پێیان وایە پێویست ناکات بۆ هەمیشـە لەم ناوەنـدەدا کار بکەن؟ بەڵکـو بۆ قۆناغێك دەتوانن لە گەڵ ئەو ناوەنـدەدا کار بکـەن و ڕای ئێـوە چییە لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەم ناوەندەدا؟**

ئیحسـان حەقیقـی: مـن پێـم وایـە ڕەوتی یەکێتـی فیدایانـی کۆمۆنیسـت کراوەتـرین ڕەوتـە لەنـاو ڕێکخسـتنە چەپەکانـی ئـەم ناوچەیە و هەروەها لە نێو ڕەوتە چەپەکانی ئێرانیـدا. ئێمـە لـە ڕاسـتیدا چەندیـن جار و بـۆ نموونـە چـوار یـان پێنج سـاڵ پێش داوامـان کـرد لەگـەڵ ڕەوتـە جیاوازەکاندا دابنیشـین و ئەم گوتـارە بەرەو پێش ببەین، بـەڵام هەندێک لـە حیزبـەکان وەڵامی ئەو داواکاریـیـان نەداوەتـەوە و ئێمـە پێمـان وایە کە هەمیشـە ڕێـگای ئەو گوتارەی ئێمە ئاوەڵایـە و ڕێگای هاوکاریشـمان بەکراوەیی هێشـتووەتەوە. ئەنانەتْ ڕێکخـراوەی ئێمە وەک ڕێکخراوەیەکەیی کراوە هەمیشە ئامادە بووە لەگەڵ زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بە

وانایەک لە لایەن ڕەوتەکانی تـرەوە پشتگوێ خـراون، هەر جۆرە هاوکارییەک بکاتْ. ئەم هاوکارییە هەموو ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کـە دژی کۆماری ئیسـلامین و سـنووریکیان لەگـەڵ ئـەو لایەنـە دەرەکییانـە هەیـە کە خوازیارن هەژموون بەسـەر ئـەم ناوچەیەدا بکەن.

*** ئایـا پێتان وانییە ئـەو ناوەندەی کە هێـزە چەپەکان بەنیـازن ڕای بگەیەنن، بەرامبـەر بـە ناوەندی هاوبەشـی حزبە ڕۆژهەلاتییـەکان نییە بـەوەی کە ئەوان بە ڕاست ناودەبەن؟**

ئیحسـان حەقیقـی: ئێمـە وەکـو یەکێتی فیدایانـی خەڵق باسـمان لەسـەر ئەوەیە کە ئێستا سەرە ڕمێکی نێژی دژایەتیمان لەگەڵ، ئەمـە ڕاسـتییەکە. لەم ڕێگایـەدا دەخوازین هـاوکاری کرداریمـان هەبێـتْ لەگـەڵ ڕەوتەکانـی تـردا کە ئەوانیش سـەرەڕمێکی نێـژی دژایەتییـان هەڵبەتْ وێڕای پاراسـتنی بنەما و پرەنسیپەکانی لەگەڵ ئێران بۆ نمونە حیزبە کۆمۆنیسـتەکان کە لەگەڵ مەسـەلەی نەتەوەیـی کێشـەیان هەیـە، ئێروانینیان بۆ حیزبی دیموکراتْ ئێروانینێکی ڕاسـتْ بووە، بەڵام ڕەوتـی یەکێتی فیدایانی کۆمۆنیسـتْ بەهۆی ئەوەی کە مافی نەتەوەیی نا ئاسـتی جیابوونـەوە بـۆ نەتـەوەی کـورد قبوولّە، هەربۆیـە ئێمـە یەکێـک بووین لـە یەکەم ڕەوتەکان کـە بەرگریمان کردووە لە حیزبی دیموکـراتْ لەم ناوچەیـەدا. یەکەم ڕەوتیش بووین ئامادەبووین هاوکاری هەموو لایەنەکان بکەیـن لە ناوچەکە ئەنانەتْ لەگەڵ پژاکیش. دەی گـەر بەوشـێوەیە بنەوێتْ من جیاوازی بکـەم لەنێـوان مەسـەلەی ناسیۆنالیسـتی و ئینتەرناسیۆنالیسـتی مەسەلەیەک نییە، چونکە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی بەشیک بووە لە ئامانجمان.

*** باسـتان لە ستەمی میللی کرد ئەوەی کە پرسی نەتەوەیی، پرسی ناسیۆنالیستی بە ڕای ئێوە چۆن دەتوانێت چارەسەر بێت بەوەی حزبە ڕاستەکان پێیان وایە دەبێت لە ئەولەویەت دابێت بۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کـورد بەگشـتی لـە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە چوارچێوەی ئێراندا؟**

ئیحسان حەقیقی: هەروەک پێم ڕاگەیاندن مەسـەلەی ناسیۆنالیسـتی مەسـەلەی ئێمەیە و ئێمـە مەسـەلەی ناسـیۆنالیزمیش بـە مەسـەلەی خۆمان دەزانین. چارەسەرکردنی مەسـەلەی سنەمی نەتەوەییش ئەرکی ئێمەی کۆمۆنیسـتە کـە بەجۆرێـک لـە بەرامبەری ڕابوەستینەوە. ئەنانەتْ بە مافی دیاریکردنی چارەنووسـی خەڵکی کوردسـتانیش نا ئاسنی جیابوونـەوە ڕەزامەندیـن، بـەڵام شـێوەی ڕووبەڕووبوونەوەمـان جیـاوازە، مەسـەلەی ئێمـە ئەوەیـە کـە چارەسـەری مەسـەلەی نەتەوەیـی بێجگە لە ڕیـگای دژایەتی کردنی سەرمایەداریەوە ئەسنەمە. ئێمە لەم خەباتەدا دەتوانیـن لەگـەڵ هـەر ڕێکخراوەیەکدا کە بەشـێوازێکی ئایبەتْ چارەسـەری مەسەلەی نەتەوەیی کردووەتە ئامانجی خۆی.

*** تۆ باسـت لـە جیاوازیـی مامەڵەکردن کرد لەگەڵ پرسـی نەتەوەیی، پێم باشە بـاس لـەوە بکـەن کـە ئـەو جیاوازیی**

مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەم پرسە پێتان وایە چۆنە؟ جیاوازیی ئێوە لەگەڵ حیزبە ڕاستەکاندا چییە؟

ئیحسان حەقیقی: جیاوازییەکە لەسەر مەسەلەی خاوەندارییەتە لە ناوچەکەدا، مەسەلەی ئامرازی بەرهەم هێنانە. ئێمە دەڵێین بەڵێ ئەگەر کوردستان قەڕارە ئازاد بێت، ئایا دەبێت بکەوێنە دەستی ناسیۆنالیزمی کورد، بەو مانایە کە لەژێر پاڵپشتی هێزی سەرمایەداری دەرەکی بێت و دووبارە کەلێنی نێوان چینەکانی کوردستان کە بڕیارە لە داهاتوودا ئازاد بێت، دیسانەوە هەر هەژار هەژار بێت و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر بێت، یان ئێمە دەخوازین کوردستانێک بونیاد بنێین لەسەر بنەمای شورای ناوخۆیی ئیدارە بدرێت. بۆ نمونە ڕووداوە مێژوویییەکان دەی سەلمێنن کە ئەوە کاری کردەیە، ئێمە لە سنە نمونەی ئەوەمان بووە، نمونەی ئورکمان سەحرامان بوە کە شارێکی وەها گەورە لە لایەن خودی خەڵکەکەیەوە ئیدارە کراوە، شارێک لە لایەن شورای ناوچەیی و گەڕەک و شورای شارەوە ئیدارە دراوە. ئەمە لە ڕاستیدا خواستی ئێمەیە.

*** بەوپێیەی بینیمان لە مانگەکانی ڕابردودا ناڕەزایی و خۆپیشاندان لە ئێران سەری هەڵدا، هەروەها لە دواییین نمونەدا حیزبەکان پێکەوە داوای مانگرتنی گشتیان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، پێتوایە ئەوە خاڵی وەرچەرخان یان گۆڕان نییە ناوەندە چەپ و ڕاستەکان، یان هێزو لایەنە چەپ و ڕاستەکان دەتوانن پێکەوە کاربکەن؟ ڕاتان بۆ ئەمە چییە؟ یان پێتان وانییە کە دەتوانن لەگەڵ هێزە ڕاستەکانیش کاربکەن یاخود بە تەنیا لەگەڵ هێزە چەپەکان کاردەکەن؟**

ئیحسان حەقیقی: بەڵێ، منیش هاوڕای بەشی دووەمی قسەکانتم کە ئەگەر ئەو ڕەوتە بە هەرچی یەکێتییەک بگاتە لەنێوان حیزبەکان، بێگومان باشتر وەڵامدەرەوە دەبێت لەو ناوچەیە، چونکە هەر کام لە ڕێکخستنەکانی ئێمە چ کەم چ زیاد لایەنگرانێکیان هەیە لە ناو کوردستان، چونکە مەسەلەی نەنەوەیی لە کوردستان مێژوو و ڕێشەی هەیە و ئەوەندەی مێژووی حیزبی دیموکراتە وانا نزیکەی بە 70 تا 80 ساڵ مەزەندە دەکرێت. پێموایە ئەو ئەندازەیەش - کەمتر یان زیاتر - مەسەلەی چەپ لە کوردستان ڕیشەی هەیە. من هەست دەکەم هەرچەندە حیزبەکان لەم قۆناغە مێژوویییەدا بتوانن لە یەک نزیک ببنەوە و بەکردەوە هاوکاری یەکتری بکەن، بێگومان وەڵامێکی باشتر دەدەنەوە و ئومێدەوارم بتوانین نەک ئەنیا ڕۆژهەڵات، بەڵکو شۆڕبێنەوە بۆ ناو سەرجەم شوێنەکانی دیکەی ئێران، یان ئەنانەت ببێنە خاڵێکی بەهێز بۆ خەڵکی کوردستان. ئەگەر ئێمە بتوانین ئەم مانگرتنە لە سنووەرەکانی کوردستان ئێپەڕێنین، هێزی سەرکونگەری کۆماری ئیسلامی لەجیاتی ئەوەی لە کوردستان کۆببێنەوە، دابەش دەبێت بۆ هەموو ئێران. لە ئەنجامدا، دیسانەوە ئەمە لەبەرژەوەندی ئەواوی ئەو خەڵکە دایە کە مانیان گرتووە.

*** پێت وایە ئێوە دەتوانن لەگەڵ هێزە ڕاستەکانیش هاوکاری یەکتری بکەن بەو پێیەی کە باسمان لێکرد کە لەم دوایانەدا وەڵامی خەڵک وەڵامێکی دڕووستی داوای حیزبەکانیان دایاوە، بۆ ئەوەی دووکان بازارەکانیان دابخەن، ئێوە ناتوانن ئایا بۆ قۆناغێکیش لەگەڵ هێزە ڕاست و چەپەکان کاربکەن یاخود بەگشتی هێزە ڕاست و چەپەکان دەتوانن بەیەکەوە کاربکەن، ڕای یەکێتی فیدایانی خەڵک لەم بارەیەوە چییە؟**

ئیحسان حەقیقی: لە ڕاستیدا من ئێستا وتەبێژی سازمانی فیدایانی خەڵک نیم و ئەندامم و ئەوەی دەیڵێم زیاتر بیروڕای خۆمە، بەڵام وەک ئەندامێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی فیدایانی خەڵک ڕەنگە ڕەنگدانەوە و بۆچوونی ڕێکخستنەکانیش بێت. هەروا کە ئاماژەم پێدا، ئێمە دەتوانین لەم قۆناغە مێژوویییەدا لەگەڵ هەر ڕەوتێک کە دژایەتی ئەم سیستمە بکات.

*** دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم کە ئایا ئێوە، یان یەکێتی فیدایانی خەڵک گەشبینە بە هاوکاری چەپ و ڕاستەکان بەوپێیەی کە باستان کرد، ڕاتان لەم بارەیەوە چییە؟ پێم باشە باسی ئەوەش بکەن کە بەرنامەی فیدایانی خەڵکی ئێران بۆ ئەم قۆناغە لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران چییە و پێتان وایە دەتوانن چۆن کار بکەن کە کاریگەرییەکی باشی هەبێت؟**

ئیحسان حەقیقی: من گەشبینم، چونکە هەست دەکەم هەر چەندە بەرگری لەناوخۆ زیاتر و بەهێزتر بێت و هەرچەندە خەڵک ڕێکخستنەکانیان زیاتر و یەکگرتووتر بێت، ڕەوتەکانی دەرەوەی وڵات لە یەکنر نزیکنر دەبنەوە. بۆ وێنە ئێمە لە دەورەی کۆنفدراسیۆندا ئەزموونی مێژوویمان هەیە و زۆربەی ئەو ڕەوتانەی خوازیاری ڕووخاندنی دەسەڵات بوون، لە پەنای یەکنری بوون و لەوانەیە هاوشانی یەکنری کاریشیان کردبێت، بەڵام کاتێک داوەستانێک لەناو کۆمەڵگەدا هەیە و خۆڕاگرییەک بەرچاو ناکەوێت، لەناو وڵاتیشدا ئەنیا شتێک هەبێت لەنێوان حیزبەکاندا مەسەلەی دابەشبوون و کەرتبوونە. بەڵام لەو نموومە مێژوویییەدا ئێمە بینیمان کە لەو بەرخودانەی کوردستاندا لە ڕاستیدا گرنگ نەبوو کە ئایا حیزبەکان

چەپن یان ڕاستن و پاڵپشتی ئەو مانگرتنەیان کـرد و هاوخەمـی ئەو خێزانانـە بوون کە منداڵەکانیان گیانیان بەخت کردبوو و یان لە سـێدارە درابوون یان حوکـم دراون و ئێمە هەموو ئەوانەمان بە چاوی خۆمان دی. یانی کاتێـک کە ئێمـە چووینە بـەر باڵوێزخانەی کۆمـاری ئیسـلامی بێ ئـەوەی گـوێ بەوە درابێت کە چەپن یان ڕاسـت، بەڵام ئامانجی هاوبەشـمان ئیدانەکردنی کۆماری ئیسلامییە کە لاوان لە سێدارە دەدات.

*** لە کۆتاییدا ئەگەر خاڵێکی گرنگ مابێت لەبیرمان چووبێت؟**

ئیحسـان حەقیقی: من ئەنیا دەخوازم بڵێم کـە ئەواوی ئەو خوێنانەی کە ڕژاون نۆمێکن کـە بوونەتە داری بـەرزی ئازادیی و خەڵکی ئێمـە دەتوانـن لـە سـێبەریان دانیشـن. لە واقیعدا من زۆر گەشـبینم بە داهاتووی ئەو میللەتە کە ئەو قۆربانیە زۆرەیان داوە بتوانن لە داهاتوودا بەرهەمێکیان هەبێت.

پرۆفایل
ئیحسان حەقیقی

- لە دایك بووی ساڵی 1984 لە کرمانشاه
-خاوەنـی بڕوانامـەی ماسـتەر لـە زمـان و ئەدەبیاتی فارسی
-ئەندامـی ڕەهبـەری سـازمانی فداییانـی خەلقی ئێران
-ئەندامی دەسـتە نووسـەرانی گۆڤاری کار، گۆڤاری کاری کۆمۆنیستی لە ساڵی 2009
-ئەندامـی کانوونـی نووسـەرانی ئیـران لە تاراوگە

پرۆفایل
ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵقی ئێران

- ڕێکخراوێکـی سیاسـیی و سـەربازیی مارکسیستییە.
- لـە سـاڵی 1971 بـۆ بەگژداچوونـەوەی دەسەلاتی محەمەد ڕەزا شا دامەزراوە.
- ئـەم ڕێکخراوە لە یەکگرتنـی دوو گرووپی چەپی خەباتی ژێرزەمینی هاتووەتەکایەوە.
- لـە سـاڵی 1971 بە باوەڕبـوون بە ڕێبازی پارتیزانی، بۆ کڵپەسـەندنی شۆڕش لە ئێران چەند چالاکییەکی ئەنجام داوە.
- لـە شۆڕشـی 1979، گرینگتریـن و کاریگەرترین گرووپی چەکداری ئێران بوە.
- لەگەڵ سەرنەکەوتنی لە بە ئامانج گەیشتن و لـە دەسـتدانی زۆرێـک لـە ئەندامەکانی، بـەڵام کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسـەر ڕۆشنبیرانی هاو وەچەی خۆی.
- لە شـەپۆل دانی شۆڕشـی سـاڵی 1979 و ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسـی، کەوتووەتە پێگەیەکـی باشـترەوە. دۆسـت و لایەنگری تازەی لەناو لاواندا بۆخۆی پەلکێش کردووە.
- بەهـۆی شـێوازی بەرکەوتـە بـە کۆماری ئیسـلامی، ڕووبەڕووی کەرتبوون بووەتەوە و زۆربەی لایەنگرانی، سیاسەتی پشتگیری کردن لە «بەڵی پێشـکەوتووی» کۆماری ئیسلامیان قبووڵکرد، کە سیاسەتی حیزبی تودەی ئێران بوە و پاشان ئەو بڕە بوەتە فیدایانی خەڵقی ئێـران (ئەکسـەریەت) و بەرامبەرەکەیان بە (ئەقەلییەت) ناسراوە.
- لـە سـاڵی 1983 و گۆڕانی فەزای سیاسـی و ڕوانگـەی کۆمـاری ئیسـلامی، ڕێکخـراوی ئەکسـەریەتیش وەك گرووپەکانی دیکە، بە نایاسایی ڕاگەیەنراوە و سەرکوت کراوە.



یەدوللاّ بەلەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی فیداییان خەلقی ئێران (اکثریت)

بۆ پێکهێنانی بەرەی چەپ، لەگەڵ حیکمەتیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دانەنیشتووین، بەڵام لەگەڵ حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە دانیشتووین

ئامادەکردنی: ئەوین

3ی جۆزەردانی 1397 لە دانیشتنێکدا لە نێوان کۆمیتەی کوردستانی – حیزبی حیکمەتیست و کۆمەڵە –ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە چوو ئەوە گەڵاڵە کرا، پێویستە هێزە چەپ و هێزە ئێرانی و کوردستانییەکان کە فیکری چەپیان هەیە لە چوارچێوەی چەترێکدا کۆ بنەوە و بە کردار هەنگاو بنێن بەتایبەت بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەئێستادا لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدەن.

***ڕای تۆ لە سەر دانیشتنەکەی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) چییە؟ کە باسی ئەو ناوەندە یاخود بەرەیەیان کرد بوو، ئایا ئێوە ئەو هەنگاوەتان پێ باشە بۆ ئەوەی هێزە چەپەکان پێکەوە کار بکەن یاخود نا؟**

یەدوللا بەلەدی: ئێمە لەواوی هەوڵ و کۆششمان بۆ ئەوەیە، کە هێزەکانی چەپ و هێزەکانی نەئەواییەکانی ئێران پێکەوە لە ژێر چەتڕێکدا کۆ بنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامە و پلانێکی باش بۆ کوردستان و لەواوی ئێران دابڕێژن، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا نەماننوانیوە ئەو کارە بکەین، هیوادارم لە داهاتووداا ئەو بابەتە بەرەو پێش ببەین، ئێستایش هەر لە هەوڵداین بۆ ئەوەی کە بتوانین یەک بگرین و لە ژێر چەتڕێکدا پێکەوە کار بکەین.

***ئایا ئێوە ڕەزامەندن بچنە ناو ئەو بەرەیە بۆ یەکگرتنی هەموو حیزبەکان، هەندێک پێیان وایە ناوەکەی شووڕا بێت یاخود ناوەند بێت باشترە ناوەکەی بەرە نەبێت، ئێوە لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟ ناوەکە هەر چییەک بێت گرینگ ئەوەیە هێزە چەپەکان کار بکەن یاخود لە هەر بارودۆخێکدا دەچنە ناو ئەو بەرە یاخود ناوەندە یان چۆن پێتان باشە بە مەرجەوە بەشداریی تێدا بکەن یاخود نا؟**

یەدوللا بەلەدی: کانێک ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەکانی کوردستان وەکوو حیزبی دیموکراث و کۆمەڵە دۆستایەتی و هاوکاریمان هەیە، بەڵام هێشتا بەو شێوەیە نەماننوانیوە پێکەوە دابنیشین و گۆڕانکارییەکمان هەبێت و پێکەوە بتوانین ئەو کۆ بوونەوە و دانیشتنانە بەڕێوە ببەین، هیوادارم لە داهاتووداا بتوانین ئەو کارە بکەین، ئێمە ڕەزامەندین لە سەر هەر کارێک بۆ مافی گەلی کورد و گەلانی نەواوی ئێران عەرەبەکان و ئازەرییەکان ئورکمانەکان و بەلوچەکان، بەڵام هێشتا بە ئەنجامێکی یەکجاری نەگەییشتووین، لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی ئر.

***ئایا هەتا ئێستا دانیشتنتان هەبوە لەگەڵ کۆمیتەی کوردستانی حیزبی حیکمەتیست یاخود کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەوەی کە دەیانگوت لە هەنگاوەکانی دواتردا لەگەڵ لایەنە چەپەکان بەتایبەتی دادەنیشن، بۆ ئەوەی کە ئەم ناوەندە گەورەتر بکەنەوە لایەنەکان زیاتر بەشداریی تێدا بکەن؟**

یەدوللا بەلەدی: بە داخەوە هەتا ئێستا ئێمە لەگەڵ حیکمەتیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دانەنیشتووین، بەڵام لەگەڵ حیزبی دیموکراث و کۆمەڵە دانیشتووین، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین پێکەوە دابنیشین، ئێمە لە سەر بابەتی میللی و نەتەوایەتی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی و حیکمەتیستەکان هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام هەندێک بابەتی تر هەیە، کە بوەتە هۆی ئەوەی کە بەرنامەیەکی دروستمان نەبێت و نەتوانین دابنیشین پێکەوە.

***باسی ئەوەتان کرد، کە لە بابەتی میللی و نەتەوەیی لەگەڵ زۆرێك لە لایەنەکان بەتایبەتی کۆمەڵەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیکمەتیست کێشەتان نییە، بەڵام لە سەر هەندێك بابەتی تر کە لەوانەیە هەتا ئێستا لە سەری ڕێك نەکەوت بن، ئەگەر ئاماژەیش بەو بابەتە بکەن؟**

یەدوللا بەلەدی: ئەو ئامانجانەی کە ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین هەر لایەنێک ڕەزامەند بێت لە سەری ئێمە هاوکارییان دەکەین، یەکەم داواکاریمان ئەوەیە، کە ئێمە خەباتی چەکداریمان ناوێت، بەڵکوو دەمانەوێت لە ڕێگەی مەدەنییەوە و مانگرتنەوە بە ئامانجەکانمان بگەین، بە هیوای ئەوەی کە بتوانین دادپەروەری لە ئێراندا بەرقەرار ببێت، لەو لایەنەوە کە ئێران کیشوەرێکی زۆر دەوڵەمەند و بەهێزە، هەموو خەڵک بتوانن

بەشێك لە كۆنگرەی چواردەیەمی سازمانی فیدایانی خەڵقی ئێران - ئەكسەریەت

لـەو سـامان و داراییەی كە هەیە بەشـدار بـن، بۆ نموونـە فێركـردن و ڕاهێنان و بۆ هەموو گەلەكەمان بە خۆڕایی بێت، بابەتێكی ئـر ئەوەیە كە ئێمە بیرۆباوەڕمان ئەوەیە كە ئەواوی گەلەكانی ئێران وەكوو كورد و ئورك و عـەرەب و بەلوج دەبێت بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەكان خوێندن و نووسین فێر ببن، گوندەكان و شـارەكان خۆیان بەڕێوەی ببەن، ئێمە حكوومەتێكـی فیدراڵیمان دەوێت، واتا هـەر كەس بتوانێـت ئەو ڕێگایەیـی ئێمەی قەبـووڵ بێـت هـاوكاری دەكەیـن، بـەڵام كێشـەی ئێمـە لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیسـت و لایەنەكانـی ئر بـە داخـەوە مێژوویە، دوو سـاڵ پێش ئێسـتا كە كۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیزم و ئەمەریكا بوو ئێمە پشتوانیمان كرد كە هێزەكانی ئر ڕازی نەبوون لە سەری بـە ئایبـەت حیزبی كۆمۆنیسـتی كرێكاری و حیكمەتیسـت ئـەو جیاوازییەیـان هەیـە بە داخـەوە ئێمـە نەماننوانیوە كارێـك بكەین بتوانین پێكەوە نزیك بین، بەڵام هیوادارم لە داهاتـوودا بتوانین پێكەوە ئەو كارانە ئەنجام بدەین.

سـەبارەت بـەوەی كـە كۆمیتـەی كوردسـتانی حیزبـی حیكمەتیسـت و (كۆمەڵە) ڕێكخراوی كوردسـتانی حیزبی كۆمۆنیسـتی ئێران لە 3ی جۆزەردان كە دانیشـتن گوتیـان هەنگاوی تـر دەنێن بـۆ ئەوەی كـە لایەنەكانی تر بەشـداری لەم ناوەنـدە بكەین و بتوانن بەرنامەی خۆیـان بەڕێوە بـەرن، ئایا هەتا ئێسـتا ئـەوان داوایان لە ئێوە كـردوە بێنە ناو ئـەو ناوەنـدە یاخود ئـەو بەرەیـە یان خۆتان داواتان كردوە لەو دوو لایەنە كە دانیشـتنتان هەبێت لەگەڵیان بۆ ئەوەی كـە گفتوگۆ لـە بـارەی پێكهێنانی ئەو بەرەیە بكەن یان شتێكی تر هەبوە؟

یەدوڵـلاّ بەڵـەدی: بـە داخەوە نـە ئەوان لـە ئێمـە داخوازییـان كردوە نـە ئێمەیش، هیـوادارم لە داهاتـوودا بتوانین لێك نزیك بینـەوە، چونكە لە بابەتـی نەتەواییەتییەوە زۆر لێك نزیكین، بەڵام ئەوان بانگهێشـتیان نەكردووین و هیـچ داخوازییەكییان نەبوە، ئێمەیش هەروەها.

لـە بەرانبەریشـدا ناوەندی هاوبەشـی حیزبـە كوردسـتانییەكان لەوانـە دیموكراتییـەكان و دوو كۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕ و زەحمەتكێـش هەروەهـا سـازمانی خەباتیش هەیـە كە ئەم پێنج لایەنـە لـەو ناوەنـدە دا هاوبەشـن كە لایەنـە چەپەكان زۆرتر بە ڕاسـت ناویان دەبەن یاخود ئەوانەی كە ناسیۆنالیستن، ئەوانیـش هەروەهـا ڕایـان گەیانـدوە هەموو هێزە كوردسـتانییەكان دەتوانن بێن بەشـداریی ئەو ناوەندە بكەن، ئێوە ڕاتـان لە سـەر ئەم ناوەنـدە چییە؟ ئایا ئەمە ڕاستە ئەوەی تر چەپە ئێوە بە هۆی ئەوەی سازمانی فیدایانی خەلق لەوانەیە

زۆرتـر لە چەپەکان نزیـك بێت، دەتوانن یان داواتان کردوە لەو ناوەندی هاوبەشە نزیـك ببنەوە بـۆ ئـەوەی لەگەڵیان کار بکەن؟

یەدوللا بەلەدی: لە زۆر شـوێن و بابەتدا لەگـەڵ حیزبـی دیموکـراتـ و کۆمەڵـە و زەحمەتکێشـان زۆر بە یەکەوە دانیشـتووین و لە هەموو کۆنگرەکانمان ئەوان بانگهێشتـ دەکەین و ئەوان دێن وتوێژی خۆیان دەکەن و ئێمەیـش دەچینە سـەر ڕای ئـەوان ئێمە دۆسـتایەتیی زۆرمان پێکەوە هەیە، بەڵام بە داخەوە هێشـتا نەماننوانیوە بەو شێوە ڕووبەڕووبوونەوە بکەیـن، بـەڵام نزیکایەتیمـان زۆر پێکەوە هەیە.

***ئێسـتا دەتوانین بڵێن کـە دوو ناوەند هەیـە بـۆ کارکـردن لـە خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، ناوەندی ڕاست و چەپ، ئێوە هەتـا ئێسـتا خۆتـان سـاغ کردوەتەوە لەگەڵ کام ناوەند کار بکەن؟**

یەدوللا بەلەدی: بـڕوای مـن ئەوەیە کە ئـەو بابەتە هەر وا دەمێنێتـ، ئەو جیاوازییە هێشـتا هەر هەیە زۆر درێژ دەخایەنێتـ کە بتوانین پێکەوە کار بکەین.

***ئایـا ئێوە خۆتان مـەرج و بارودۆخێکی تایبـەت بـە خۆتان هەیـە، ئەگـەر ئەو بارودۆخـە هاتە پێش یان ئـەو مەرجانە لـە لایەن ئەو ناوەندانەوە قەبوڵ کران، ئامادە دەبن بچنـە ناو ئەو ناوەندانە بە تایبەتییش ناوەندی بەرەی چەپەکان؟**

یەدوللا بەلـەدی: بۆ بابەتـی نەتەوایەتیی ئێمـە چەند ڕێگامان هەیە، ڕێگای یەکەممان ئەوەیـە، کە دەبێتـ فێرکـردن و ڕاهێنان لە قوتابخانەکانی هەر ناوچەیەک بە زمانی خۆی بێتـ ئەگـەر کوردییە کـوردی بێتـ بەلوجی بێتـ تورکمانستان بە تورکی بێتـ لەغوزستان بـە عەرەبـی بێـتـ، بەڕێوەبردنی نـەواوی

ئـەو ناوچانە هەمووی بە دەسـتی گەلەکان بێـتـ، بە بـڕوای من هەموو نەتـەوەکان و ڕێکخراوەکان و حیزبەکان بە یەکەوە هەمان بۆچوونیـان هەیە، بـەڵام بەداخەوە، چونکە جیاوازیـی بیروبۆچونمـان زۆرە ئەوەیـە کە هێشـتا نەماننوانیـوە پێکـەوە دابنیشـین و ڕێگەچارەیەک دابنێین.

***پێت وایە بەم نزیکانە بتوانن دانیشتنتان هەبێت یاخود گفتوگۆی لە بارەوە بکەن، بە تایبەتی بۆ بارودۆخی ئێسـتای ئێران بـە تایبەتیتریـش کۆمەڵـەی کۆمیتەی کوردسـتانی حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی حیکمەتیست هەروەها کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردسـتانی حیزبی کۆمەنیسـتی ئێران پێیان وابوو کە دەبێت بە جدی هەنگاوی کرداری بنرێت لە قۆناغی ئێستادا؟**

یەدوللا بەلەدی: مـن هیوام ئەوە نییە کە ئەو بارودۆخە بەم نزیکانە بێتـ من لام وایە کـە پێوەندیی بـەوەوە هەیە کە لـە ئێراندا چ بارودۆخێـک بێنە پێش، ئێمە بەو مەرجە دەتوانیـن پێکـەوە دابنیشـین و بەرنامـە و پلانێکی دروسـتـ دابنێین، بـەڵام بەداخەوە من ئەو هیوایەم نییە کە بتوانین پێکەوە بین و دابنیشین.

***خۆتان دەزانن لە مـاوەی ڕابردوودا کە زۆربـەی حیزبەکانـی خۆرهـەڵات داوای مانگرتنی گشتییان لە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردسـتان کـرد بـە تایبەتـی دوای لە سـێدارەدانی سـێ زیندانـی سیاسـی و موشەکبارانی بنکەکانی دیموکرات، پێت وایە ئەمە قۆناغێکی نوێیە بۆ حیزبەکانی خۆرهـەڵات هەروەها ئەوەی کە خەڵك بە داوای هاوبەشـی حیزبەکانەوە کە داوای هاوبەشـی مانگرتنی گشتییان کرد پێت وا نییە حیزبـەکان لە قۆناغێکی نوێدان بۆ کارکردن لە خۆرهەڵاتی کوردستان؟**

یەدوللا بەلـەدی: هیـوادارم وا بێـتـ حیزبـەکان بزانـن ئەو گەلە پشـتیوانییان لێ دەکەن ئەوانیش دەبێتـ کە پشتوانی لە گەل بکەن، لەو ماوەیەدا گەلی کورد پیرۆزییەکی زۆری بە دەستـ هێناوە وەکوو ئەوەی دیاری نۆبڵ کە کوردێک وەری گرتـ ئەو مانگرتنەی کە لە کوردسـتاندا کرا لە مێژوودا شـتی وا نەبـوە وەکوو ئـەو مانگرتنە کـە خەڵکێکی زۆری ئێـران پێکـەوە بـن و مانگرتن بکەن ئەوە پیرۆزییەکی زۆرە، هیوادارم ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەواوی حیزبەکانی سیاسی و کوردەکان و ئێرانییەکان پێکەوە یەک بگرن.

***ئێوە وەکوو سـازمانی فیداییانی خەلق (اکثریـت) لـە دوای ئـەم بارودۆخەی کە خۆت ئاماژەت پێ کرد ئەم دەسـتکەوتانە بەرنامەیەك یاخود پلانێکی تازەترتان بۆ کارکردن لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەبێت یاخود شێوازی کارەکەتان دەگۆڕن؟**

یەدوللا بەلـەدی: بەرنامەی ئێمـە زۆرتر چەکدارانـە نییـە مانگرتنـە، بە بـڕوای من مانگرتن یەکێکە لە چەکە قورسـەکان هێزی زیاتری دەبێـتـ دەتوانێتـ ئەو خەڵکە بەرەو پێـش ببات، ئەمـە بەرنامەیەکە کـە ناتوانم بڵێم لە کوردسـتان هەیە، چونکە حیزبەکانی کوردسـتان خۆیـان پێوەندییـان لەگـەڵ کوردسـتان زۆرتـرە، ئێمـە پێوەندیمان زۆر کەمتـرە بـە داخەوە هەڵەی ئێمـە لەوەدایە کە ئـەو پێوەندییەمان لەگـەڵ گەلی کورددا کەمتـرە هیوادارم لە داهاتـوودا بتوانین ئەو پێوەندییـە زۆر بکەیـن، ئێمەیـش بڕوامـان

ئەوەیە کە مانگرتن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە گەلی کورد بتوانێت بە ئامانج بگەیەنێت.

***ئایا دوای ئەم مانگرتنە گشتییەی خەڵکی کوردستان کە خۆشتان ئاماژەتان پێ کرد کە سەرکەوتنێکی گەورە بوو،**

> **ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەکانی کوردستان وەکوو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە دۆستایەتی و هاوکاریمان هەیە، بەڵام هێشتا بەو شێوەیە نەمانتوانیوە پێکەوە دابنیشین و گۆڕانکارییەکمان هەبێت**

بەرنامەیەکی نوێتان هەیە بۆ کارکردن لەگەڵ حیزبەکان لە ناوخۆدا؟

یەدوللا بەلەدی: ئەو مانگرتنە زۆر سەرکەوتنێکی گەورە بوو، ئێمە نەواوی داخوازیمان ئەوەیە لەگەڵ حیزبەکان و ڕێکخراوەکان کە یەکەم جار خۆمان لە ناو خۆماندا یەک بگرین دواتر پێوەندیی بکەین بە خەڵکی بەگوڕوتین بە ئایبەث کورد، ئێمە بڕوامان ئەوەیە خەڵکی کورد وەکوو دڵۆگیانی بزووتنەوەی ئێرانە، کورد دەتوانێت ببێتە پێشەنگی بارودۆخی ئێران بتوانێت بەرەو پێشی ببات.

***خۆتان بۆ ئەو پێکەوەبوونە بۆ ئەو کارکردنی پێکەوەی حیزبەکان وەک سازمانی فیداییانی خلق (اکثریت) چ هەنگاوێك دەنێن؟**

یەدوللا بەلەدی: ئێمە هەموو هەوڵێکمان ئەوەیە لە کۆنگرەکان هەموو حیزبەکان بانگهێشت دەکەین، بێن گفتوگۆ بکەین، وەکوو باسم کرد چونکە لە داهاتوودا ئەو جیاوازییە زۆر بوو، ئێستا بە ئاسانی ناتوانین ئەو جیاوازییە لە ناو ببەین و پێکەوە بین، بەڵام ئێمە هەنگاو دەنێن دۆستەکانمان هەموو کات بانگهێشت دەکەین کە پێکەوە دابنیشین دەردی ئێمە دەردی هەموو گەلەکەمانە و ئێرانە، هیچ هێزێک لە ئێراندا نە کوردەکان نە بەلوچەکان نە عەرەبەکان نە مامۆستا و کرێکارەکان بە تەنیا ناتوانن دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری لە ئێراندا بڵاو بکەنەوە، بۆیە دەبێت هەموو هێزەکان پێکەوە دابنیشن و یەکگرتوو بن.

***ئایا پێت وایە ناوەندی هاوبەشی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان مەبەستم ئەو ناوەندەیە کە دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان و سازمانی خەبات پێکیان هێناوە پێت وایە تا ئێستا کاریگەر بوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان شێوەی کارکردنی؟**

یەدوللا بەلەدی: زۆر کاریگەر بوە، پێوەندیی بەوە هەیە کە خەڵکی کورد لە هەموو حیزبەکان داخوازییان دەکرد، کاتێک ئێوە لە ناو خۆتان یەک ناگرن چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە ئێمە یەک بگرین، دەبێت ئێوە لە پێشدا یەک بگرن، دەبێت بڵێم لە ڕاستیدا ئەوە پیرۆزییەکی زۆر گەورەیە بۆ گەلی کورد و ڕێکخراوەکان داهاتوویەکی زۆر ڕۆشن دەبینم.

***پێت وایە بەرەی چەپیش پێکهێنانی بەرە یاخود ناوەندی چەپەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بە هەمان شێوە کاریگەر دەبێت ئەگەر پێکەوە کار بکەن، بە تایبەتی کە چەپەکان زیاتر لایەنگری خەباتی مەدەنین؟**

یەدوللابەلەدی: چەپەکانە دەبێت وەکوو ناوەندی چەپەکانی خۆرهەڵاتی لایەنگری خەباتی مەدەنی خەڵک بن، پێوەندیی دروست بکەن لەگەڵ حیزبەکانی خۆرهەڵاتی و گەلی کورددا، چونکە بە تەنیا ناتوانن کاریگەر بن، لە ئێستادا حیزبە کوردییەکان لە خۆرهەڵاتی بەهێزترین هێزن لە ئێراندا.

***ئێوە بۆ قۆناغی ئێستا کە دەبینن خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە بارودۆخی ئابووریدا باش نین، پێت وایە بۆ قۆناغی ئێستا ئەوەی کە بە تایبەتی کۆمەڵێك مانگرتن لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ئێران بە گشتی لە ئارادایە دژی بارودۆخی ژیان، پێت وایە پێوستە چی بکرێت بە گشتی حیزبەکان هەروەها سازمانی فیدایدانی خلق (اکثرت) دەبێت چۆن کار بکات بۆ ئێستا؟**

یەدوللا بەلەدی: باوەڕمان ئەوەیە کە مانگرتن گەورەترین کارێکە دەبێت بکرێت، لە دوایی ئەویش خۆپیشاندان لە شەقامەکان بکرێت، دەبێت هەموومان پێکەوە بین، چونکە گەلی کورد بە تەنیا ناتوانێت نەواوی ئەو خەباتە بەرێوە ببات دەبێت نەواوی گەلەکانی ئێران هاوکاری بکەن خەڵکی

ئازەری و بلوچ لە ئاران لە هەموو شوێنەکان دەبێت هاوکارییان ببێت، چونکە گەلی کورد ناتوانێت بەتەنیا ئەو بارە قورسە هەڵبگرێت.

***سازمانی فیداییانی خلق (اکثریت) پێی باشە لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی بەرەی چەپ بێت یان بەرەی ڕاست ئەوەی کە دیموکرات و کۆمەڵەکانی تێدایە؟**

یەدوللا بەلەدی: هیوادارم بتوانین لەگەڵ هەر دوو لا چەپ و ڕاست یەک بگرین و پێوەندیمان ببێت، بە تایبەت ڕێکخراوانی کوردستان زۆر بەهێزن و زۆر پێوەندییان لەگەڵ خەڵک هەیە، ئەوان دەتوانن داهاتووی ئێران پێشبینی بکەن و بەڕێوەی ببەن.

***ئێوە هەر پێوەندیتان دەبێت یەک ناگرن لەگەڵ ئەو بەرانە؟**

یەدوللا بەلەدی: هیوادارم بتوانین لەگەڵ ئەو بەرانە یەک بگرین لە داهاتوودا.

***پێتان باشە بچنە ناو کام بەرە، بەرەی چەپ یان بەرەی چەپ؟**

یەدوللا بەلەدی: ئێمە ئەم دوو بەرەیە بە جیا نازانین، بە بڕوای من دەبێت ئەوانیش یەک بگرن و پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، ئێمەیش دەبێت لەگەڵ هەر دوو لایان پێوەندیی بگرین، بە بڕوای ئێمە جیاوازیان نییە و هەر دوو لایان یەکێکن.

***لە کۆتاییدا خاڵێکی گرینگ مابێت سەبارەت بە حیزبەکەی خۆتان باسی لێوە بکەن؟**

یەدوللا بەلەدی: هیوادارین بتوانین لەگەڵ ئەواوی هێزە چەپەکانی ئێران و هێزە نەتەوەیەکانی ئێران، حیزبەکانی کوردستان پێوەندیمان هەبێت و پێکەوە هاوکاریی یەکتر بکەین، چونکە بڕوامان وایە داهاتوویی ئێران بۆ داواکردنی دیموکراسی و دادپەروەری مافی گەل لە ئێراندا دەبێت بە هاوکاری و یەکێتیی ئەواوی لایەنەکان بێت.



پرۆفایل
یەدوللا بەلەدی

- ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی فیداییان خلق ایران (اکثریت).
- لە ساڵی 1946 لە بنەماڵەیەکی کورد لە کرماشان لە دایك بوە، لە زانکۆی تاران ماستەری کۆمەڵناسی وەرگرتوە.
- ماوەی 4 ساڵ لە سەدەمی حوکمی شا لە زیندان بوە.
- ماوەی 40 ساڵە ئەندامی سازمانی فداییانی خەڵق و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و چالاکی مافی مرۆڤە.
- لە ئێستا دا لە ئەڵمانیا دەژی.

پرۆفایل
ڕێکخراوی فیداییانی (خەڵق) زۆرینە.
- ساڵی 1980 بەهۆی پەرت بوون و ناکۆکی بیر و ڕا لە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵقی ئێران دوای شۆڕشی 1979 جیابووەتەوە.
- بە پشتیوانی کردنی شۆڕشی ئیسلامی، وازی لە خەباتی چەکداری هێناوە.
- بەهۆی پشتگیری کردنی هێڵی دژە ئیمپریالیستی ڕابەری شۆڕش، لە حیزبی تودە نزیك بووەتەوە.
- بەشی زۆری هێزەکانی هەردوو ڕێکخراوەکە (زۆرینە و کەمینە) لە ساڵی 1988 بە کۆمەڵ لە سێدارە دراوون.
- زۆربەی هەڵسوڕاوەکانیان بەهۆی دوورخرانەوەی نەخوازراو، لە دەرەوەی ئێران بوونە پەنابەری سیاسیی.

ئەوێندار ئارارات، ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان- (کەژەکە)

پێشمەرگە دژی گەریلا شەڕ ناکات مەگەر هێزەکانی بنەماڵەی بارزانی

ئامادەکردنی: ئەژین

ئەندامێکی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان- (کەژەکە)، ڕای دەگەیەنێت بۆ مەسەلەی ڕیفراندۆم بارزانی پشتی بە تورکیا گەرم کرد، تورکیایش هەرگیز دراوسێیەتیی دەوڵەتێکی کوردی قەبووڵ ناکات، دەیشڵێت: باوەڕمان بەوە نییە پێشمەرگە هاوبەشی هیچ هێزێکی تورکیا بکات لە ئۆپراسیۆندا بۆ سەر گەریلا، مەگەر هێزە تایبەتەکانی بارزانی.

ئەویندار ئارارات، ئەندامی کوردیناسیۆنی کەژەکە، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی دا، باس لە دۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەکات و تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی پارتی و بەکارهێنانیان لە لایەن تورکیاوە،

***بۆچوونتان لە سەر دۆخی ناوچەکە و بەتایبەتی کوردستان چییە؟**

ئەویندار ئارارات: بە ناوەندی عێراق و سووریاوە شەڕی جیهانیی سێهەم بەردەوامە، ئەم شەڕە ئەنیا لە لایەنی سەربازییەوە بەڕێوە ناچێت، شەڕێکی سیاسی، سەربازی، ئیدیۆلۆژی، ئابووری بەڕێوە دەچێت و لە سەر ئەم بنەمایە دەیانەوێت لە نێوان هەموو هێزەکاندا باڵانس و پێوەندییەکی نوێ پێش بخەن، ئەویش بە ناوەندێنیی کوردستان، چونکە کوردستان بە مێژوو، ئاسەوارەکانی و هەروەها بەرخودانی و ڕێکخستنی گەلی کورد لە ناوەندی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگا دەگرێت، بۆیە لە شەڕی جیهانیی سێیەمدا و لە هاوسەنگی و دیزاینی نوێدا، کورد وەک ئاکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی لە سەدەی21دا جیاوازە، لە باکووری کوردستان بە پێشەنگایەتیی ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ و گەریلا، کورد بوون بە خاوەن ناسنامەی ئازاد و لەم پێناوەیشدا قوربانیی زۆر بە بەهایان دا.

گونیشی :»لە خۆرهەڵاتیش دا لە دوای کۆماری مەهاباد کەس نەیتوانی پێشەنگایەتیی ئەم بەشەی کوردستان بکات، هەتا ئێستا پارچەپارچە بوون لەم بەشەدا زاڵە، نەیانتوانیوە هەتا ئێستا سیاسەتێکی هاوبەش بەڕێوە ببەن، ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتیی پژاک، کۆدار، هەپەژە، یەرەکە و کەژار لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش هەوڵدانێکی هەیە، بەڵام زەختی سیستەمی فاشیستی ئێرانیش بەردەوامە، لە باشووری کوردستاندا ئوانیمان سئانۆیەک قازانج بکەین، بەڵام ئەمە ئەنیا بۆ بەشێکی لە کوردستانە نەک هەموو کوردستان، چونکە لە باشوور سیاسەتی عەشیرتە و بنەماڵە زاڵە، ئەمە ماوەی چەند ساڵە سەرۆکایەتیی مەسعوود بارزانی لە پەرلەمان کۆنایی پێ هانوە و پێویستە بەرەو هەڵبژاردن بڕۆن، جیاواز لەوەیش پەرلەمان کە هەڵبژێرراوی گەلە، پەکی کەوتوە و لە دۆخی ئێستا بێ ڕۆڵە».

***لەم دۆخەی تۆ باسی دەکەیت، باس لە ڕیفراندۆم دەکرێت هەڵوێستتان لەو بارەیەوە چییە؟**

ئەویندار ئارارات: هەم ڕیفراندۆم بۆ باشوور و هەم بابەتی ئاڵای هەرێم لە کەرکووک کۆمەڵگەی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد، لە دۆخێکی وەک ئێستا لە باشووری کوردستان کە ئاڵۆزی و قەیران قووڵە، ئەوەندە سیاسەتی هەڕەشە و نکۆڵی لە ئیرادەی گەلی کورد هەیە، هەوڵدان بۆ ئەوەی کورد بە گژ کوردی ئردا بدەن، سیاسەتی دەوڵەتانی نێونەتەوەیی و وڵاتانی دراوسێ نموونەی ئێران، عێراق، ئورکیا، ئامریکا و ڕووسیا، لە سەر سیاسەتی باشوور کاریگەریی زۆری هەیە، ئەو کاتە چۆن دەتوانن لە دۆخێکی وەها لە باشووری کوردستاندا سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، بابەتی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کەی لە باشووری کوردستاندا ناکۆکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی قووڵ هەیە و بارزانی باسی سەربەخۆبوونی کوردستان و دەوڵەتی کوردی دەکات، دەیەوێت بەم ڕەنگە ئاستەنگ بێت بەرانبەر بە سەرهەڵدانی گەل، ئەو سیاسەتەی کە بارزانی لە باشوور بەڕێوەی دەبات، کۆپیی هەمان سیاسەتی ئەردۆغانە لە ئورکیا، چۆن ئەوان دەیانەوێت سیستمێکی یەک لایەنە، ئاکە کەسی و یەک حیزبی بسەپێنن.

***کەوایە بارزانی پشتیوان بە چی ئەم ڕیفراندۆمەی کرد؟**

ئەوێندار ئارارات: بارزانی ئەوەندەیش پشتی گەرم نییە، باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، لە کاتێکدا هەموو باشووری کوردستان لە ژێر چەتری داگیرکاری تورکیا دایە، ئەوەندە بارەگای سەربازی، تانک و توپ و سەربازی دوژمن لە باشووری کوردستاندا جێگایان خۆش کردوە و هەر ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکەن، لە باشیکە، بامەڕێ، ئامەدیە و لە زۆرینەی شارەکانی باشووری کوردستان ئیستخباراتی تورکیا بە جێ بوون و زۆر بە ئاشکرایی دەگەڕێن، دەوڵەتانی تریش بە هەمان شێوە، مەسعوود بارزانی پشتی بە دژبەرایەتیی پەکەکە گەرم کردوە، دەوڵەتی تورکیا لە سەر ئەم بنەمایە پشتی پارتی و بارزانی گەرم دەکەن و دەڵێن ئێوە دژ بە پەکەکە ڕاوەستن و لەم شەڕەدا یارمەتیمان بدەن، پەکەکە لە باشوور و خۆرئاوادا لاواز بکەن، لە داهاتووداش یارمەتیان دەدەین بۆ پێشخستنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەمانە هەموو چیرۆکە، چونکە بناغەی دەوڵەتی تورکیا و ئاکەپە لە سەر بنەمای لەناوبردنی گەلی کورد دامەزراوە.

ئاراراث گونیشی:»ئەم قۆناغە مەسعوود بارزانی پێویستی بە تورکیایە، بۆیە یارمەتگی تورکیا دەدات، بازرگانگی ئابووری و سیاسی دەکات، بەڵام ئەوەیش زۆر ئاشکرایە کە تورکیا قەت بۆ دراوسێکەی هەبوونی دەوڵەتێکی کوردی قبووڵ ناکات، تورکیا قەت دان بە مافی کورددا نانێت، لە خۆرئاوادا ئەوەندە هێرش دەبانە سەر گەلی کورد، لە باکوریش بە هەمان شێوە کۆمەڵکوژی و زەخت لە سەر گەل بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی پەکەکە و شۆڕشی خۆرئاوا لاواز بکات، کورد بە کار

دەهێن، ئینجا هیچ بەرژەوەندییەکی تورکیا لەوەیدا کە دراوسێ خۆی وەک دەوڵەتێکی کوردی قەبووڵ بکات، سیاسەتی ئاکەپە سیاسەتێکی هەڵخەڵەتێنەرە، ساختەکارە و لە پشتەوە لێ دەدات، تا ئێستا چەندین جار مەسعوود بارزانی بانگی کردووە کە براکوژی ناکەین، گوایە بۆ خۆی نایکات، بەڵام بە دەستی دوژمنی کورد شەڕی براکوژی بەڕێوە دەبات.

***کەوایە هێرشەکانی سەر شەنگال لە هەمان چوارچێوەدا بوو؟**

ئەوێندار ئارارات: حکوومەتی هەرێم ئاگای لە هێرشی سەر شەنگال هەیە، ئەڵبەتە نانوانین بڵێین حکوومەتی هەرێم، چوون حکوومەتی هەرێم لە ئارادا نەماوە، بنەماڵەی بارزانییە، ئەوەندە کۆمەڵکوژی هەم لە شەنگال و هەم باکووری کوردستان پێش کەوت، بەڵام پەکەکە بە ئاوانبار دەزانن، هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر هەدەپە بۆ ئەسلیمگرتنی ئیرادەی سیاسی، هاوسەرۆکانی هەدەپە و بەدەپە دەستگیر کران، بەڵام هەتا ئێستا سیاسەتێکی دژ بەم ڕەشکوژییە ئەنجام نەدراوە. ئەتانەت شەرمەزاریشی ناکەن، پێشمەرگە لە شەنگال شەهید بوون، بە جێگای ئەوە بەرانبەر بەم هێرشە خاوەن هەڵوێست نەبوو، بە پێچەوانەوە لێدوان دەدەن و دەڵێ بە هەڵە بووە، ڕاستە بە هەڵە بوو، ئامانج گەریلاکانی هەپەگە و یژاستار بوو، بەڵام لە ئەنجامدا چەندین پێشمەرگەیش شەهید بوون، دوای ئەوەیش نێچیرڤان بارزانی ڕۆیشت بۆ سەردانی ئەردۆغان لە تورکیا، جارێکی تر ویستی لە سەر ئەم زەمینە بازرگانی بکات، لە سەر زەمینی ئابووری و سیاسیی بەرژەوەندییەکانی بەهێز بکات، جا ئایا ئەمەیش براکوژی نییە! بە هاوپەیمانیی چەپەڵەکانیان بازرگانیی سیاسی لە سەر گیانی گەلی کورد دەکەن.

***تورکیا هەڕەشە دەکات لە باشووروەوە هێرش بکاتە سەر قەندیل، شرۆڤەتان بۆ ئەو هەڕەشانە چییە؟**

ئەوێندار ئارارات: ئەو هەڕەشەیە بەردەوام هەیە، بەر لە ڕیفراندۆمیش تورکیا دەیگوت کە ئێمە بە جۆرێک نێدەکۆشین کە هەتا مانگی نیسان ناوی پەکەکە لە میژووشدا نەمێنێت، ئەوان هێزی ئەوەیان نییە کە پەکەکە لە ناو بەرن، لە هەموو شوێنێک هێرشی سەر گەل، گەریلا، لە زیندانەکاندا هێرشی گەورە لە سەر سەرۆک ئاپۆ هەیە، لە هەموو لایەکەوە هێرشی سیاسی، ئیدیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، سەربازی و کەلتووری، لە سەر گەلەکەمان هەیە و ئەمەیش بابەتێکی تازە نییە، بەڵام بەتایبەت لە دوای ڕیفراندۆم دەیانەوێ هێرش و پەلامارەکان بەگوڕتر بکەن، چونکە ئەردۆغان دەیەوێت ڕژێمێکی فاشیست لە تورکیا دابمەزرێنێت و هەموو ناڕەزاییەکان لە ناو بەرێت، دیارە ئەوەیشی کە ناڕەزاییی هەرە ئەساسی بەڕێوە دەبات پەکەکە و گەلی کوردە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە هێرشی قەندیل و هەرێمی پاراستنی مەدیا بکەن، لەوەیشدا هەموو شێوەکانی هاوکاری لە پارتی وەردەگرن، بەڵام من باوەڕ ناکەم هێزی گشتیی پێشمەرگە ببنە بەشێک لە ئۆپەراسیۆنێکی بەو شێوە دژی گەریلا، بەڵام دەبێت هێزی نایبەتی گرێدراوی مالی بارزانی

هەبن و بەشدار بن، ئەمە بابەتێکی جیاوازە، بـەڵام هـەر چەندەیـش ڕێکەوتن، بەشـدار بـوون و هاوکارییەکـی پەدەکەیش هەبێت، هەر چەندەیش شـاراوە بێت، مەترسـییەکی گـەورە بـۆ ماڵی بارزانی و پارتـی دەهێنێتە ئاراوە، چونکە ئەوە دژایەتیی گەلی کوردە.

***پارتی بۆ گەریلا و شـەڕڤانان هەمیشە دەڵێت لە باشوور میوانن و کارتان تەواو بوە، وەلامی ئێوە لەو ڕووەوە؟**

ئەویندار ئارارات: ڕاستە پەکەکە لە باکووری کوردستان دامەزرا، پێشکەوتن و گەورەبوونی پەکەکە لە باکوور بوە، بەڵام لە دامەزراندنی پەکەکـەوە ئاکـوو ئێسـتا، لـە پارادیگمـای پەکەکـەدا هێڵێک کـە لە بواری (سیاسـی- سـەربازی- کۆمەڵایەتـی) -ەوە بـۆ خۆمان دەستنیشـانمان کردوە بۆ هەموو بەشـەکانی کوردستانە، بزاڤێکی کوردستانییە و لەوەیش زیاتـر ئێتر بوەتە بزاڤێکـی گەلان و ئەنها بۆ گەلی کورد نێ ناکۆشـێت، ئێسـتا بۆ گەلانی عەرەب، تورکمان، فارس، ئەرمەنی، ئازەری و ئاسووری نێدەکۆشـێت، چونکە کوردستان بەئەنهـا هیی کـوردان نییە لە کوردسـتاندا، گەلـی جیاواز هەیـە، بـاوەڕی و کەلتووری جیاواز هەیە، بۆیە پەکەکە لەپێناو ئەوانیشدا نێدەکۆشـێت، ئێسـتا هەبوونـی پەکەکە لە کەرکووک ئەنها لەپێناو کوردان نییە، بەڵکوو پەکەکە ئەرکی پاراسـتنی گەلانی کەرکووکی گرتوەتـە ئەسـتۆ، لە شـەنگالیش بە هەمان شـێوەیە، ڕاسـتە لە شـەنگال گەلـی ئێزدی ڕووبەڕووی کۆمەڵکـوژی بوونەوە، بەڵام لە پـاڵ ئەوەیشـدا لە شـەنگال پێکهاتەی تریش هەن، بۆیە پەکەکە بۆ پاراستنی هەموو گەلی شـەنگال لەوێیـە، لەبەر ئەوە ئەو قسـانەی پێشـوو حیزبی بـوون و دژی پەکەکە بوون، لـە کاتێکدا هەر ئەو کەسـانەی ئەو قسـانە دەکەن ئەوە دەزانن کە پەکەکە حەرەکەتێک نییـە ئەنهـا بۆ باکـوور بێـت، ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندایە بۆ ڕەشـکردن دەکـەن دەزانن کـە پەکەکـە ئەڤگەرێکی کوردسـتانییە و لە خۆرهەڵاتی ناویندا دەناسرێت و ئەنانەت لە ئاستی جیهانیشدا پەکەکە ناسراوە.

گوتیشی: لە سەر ئەو بنەمایانە پەکەکە وەک هیوایەک دەبینرێت، بەو ئەندازەیە بەشداری پەکەکـە دەبن، لە ئەنەوەکانـی تری وەکوو عـەرەب، تورکمـان، کەسـانی ئەوروپی و ئەننەرناسیۆنالیسـت، ئەمریکـی، کەنـەدی، ئەنها بەشـداریی یەپەگە/یەپەژە نابن، بەڵکوو لـە بنەڕەتـدا بەشـداریی پەکەکـە دەبـن، هـەر بۆیـە پەکەکە بزوتنەوەیەکـی فراوانە، سروشـتییە کە ئازادکردنی کورد و کوردستان بنەمـا و ئامانجـە، بـەڵام حەرەکەتێکـی مرۆڤایەتییـە، بۆیـە ئـەو قسـانە پوچـن و مێژووی ئەو ئاخاوتنانە بەسەر چوە و کەسیش باوەڕ نـاکات، پراکتیکی پەکەکە، هەبوون و نێکۆشـانی گەریلا، بەڕێوەبەرایەتیی پەکەکە، ئەو سیاسـەتەی کـە بەڕێـوە دەچێت وەک نەتـەوەی دیموکراتیک، وەک کۆنفیدرالیزمی خۆرهەڵاتی ناوین پەسەند دەکات، هەر کەس ئەوە دەخوێنێتەوە و دەیبینێت و دەیناسێت، یانی ئەوانە لە خۆیانەوە قسە دەکەن و جێی باوەڕی نین بۆ خەڵک، پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەمـا و پوچە و پراکتیکی پەکەکەش هەموو ئەوانەی بەناڵ کردوەتەوە.

پڕۆفایل
ئەویندار ئارارات
- ئەندامـی کۆردیناسـیۆنی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان- (کەژەکە).

پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ گروپ‌و کەسایەتیی و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شەیما سەعید حەمەلاو (مامۆستای میژوو)

ئـەم بابەتە لە کتێبی (کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشانی کوردسـتانی ئێران_کۆمەڵە، لـە مـاوەی (1969_1988)) وەرگیراوە، کە گرنگی لەوەدایـە کۆمەڵە وەک چەپێکی نوێ هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی 1988 لـە سـەرجەم ئـەو ڕووداو و گۆڕانکارییانـەی بە سـەر چەپی ئێـران و سیسـتمی حوکمڕانی ئێرانـدا هاتووە، وەک ڕێکخراوێکی سیاسـیی کـورد بەشـێک بـووە لێـی و بۆ یەکـەم جارە ڕێکخراوێکـی چەپ، کە تووێـژی خوێندکاران تێیدا بەشـداربن و ڕۆڵیان لـە ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانـی سیاسـیی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان هەبووە، بـە دامەزراندنی کۆمەڵـە کۆتایی بە ژیانـی تاک حزبی هاتـوە و قۆناغی فرە حزبی بە سەرجەم کەم و کورتییەکانییەوە لە مێژووی ئەو بەشـەی کوردستان دەسـتی پێکرد. لەبەر گرینگی بابەتەکە بەپێویستمان زانی جارێکی دیکە بڵاوی بکەینەوە.

کۆمەڵە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی بەڕێگەی سۆسیالیزم دەبەستەوە و پێیوابوو ڕزگارکردنی ئێران و کوردستان لە خەباتی کرێکاران و بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن چینی چەوساوەی زەحمەتکێشی ئێران بەدیدێت، لە هەوڵی قوڵکردنەوەی خەباتی چینایەتیی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی جووتیاران و ڕوناکبیران بوو

پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ (حدکا)دا:

سەرەتای پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ (حدکا)دا، بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی(1979) ی گەلانی ئێران دەگەڕێنەوە، کۆمەڵە بەر لە ئاشکراکردنی خەباتی خۆی و لە پێش شۆڕشەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ (حدکا) نەبووە، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لەم بارەیەوە دەڵێت: «لەکاتێکدا، کە خەباتی خەڵکی ئێرانو کوردستان لەدژی ڕژێمی پەهلەویی بەرقەرار بوە، ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە مەیدانی تێکۆشان نەبوە، بەڵام چەند ڕێکخراوێک بەناوی فارسی هەبوون، دوای ئەوە کۆمەڵە دروستبووە ئەم ڕێکخراوانە نەمانو هەمووی بووە بە کۆمەڵە»، هەربۆیە ناوبراو پێیوایە ڕێکخراوێک بەناوی کۆمەڵەوە لە پێش شۆڕش بوونی نەبوە تا باس لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (حدکا)دا بکرێت. هەرچەندە، کۆمەڵە بەر لە ئاشکرابوونی خەباتی خۆی هیچ پەیوەندییەکی سیاسیی لەگەڵ (حدکا) دا نەبوە، بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی لە شێوەی گفتوگۆ و چاوپێکەوتندا پەیوەندیی لەنێوان کادیرەکانیاندا هەبوە، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو کادیرانە پەیوەندیی سیاسیی خۆیان ئاشکرا بکەن .

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، پەیوەندییەکانی کۆمەڵە و (حدکا) بە ناکۆکیی دەستپێکردو هۆی ئەم ناکۆکییانەش بەهۆی جیاوازیی سیاسیی و چینایەتییەوە بووە. کۆمەڵە لەوکاتەدا خۆی بەحزبێکی کۆمۆنیستی و (حدکا)شی بەدژی چینایەتیی داناوە، (حدکا)ش ئا ئەوکات ئاکە حزبی نێوگۆڕەپانی سیاسیی بوە و خۆی بەحزبی دەسەڵاتدار داناوە، داواشی کرد، کە کۆمەڵە و لایەنەکانی دیکە بە ڕابەری ئەو ڕازی ببن. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵە (حدکا)ی وەک حزبێکی بۆرژوا و دەرەبەگیی پێناسەکردووە، (حدکا)ش کۆمەڵەی بە ئوندڕەو داناوە و وەک چەپێکی ناڕاستەقینەش سەیری کۆمەڵەی دەکرد. خۆشی زیاتر جەختی لەسەر مەسەلەی ناسیۆنالیزم و خەباتی نەتەوایەتیی دەکردەوە و خۆی بەخاوەنی خەباتی نەتەوایەتی و خاوەن پێشینە لەم مەیدانە دەناساند، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی، کە کورد لە ئێران خاوەن هیچ مافێک نەبوە و پێیانوابوو ئەرکی هەر کوردێک و شۆڕشگێڕێک بریتییە لە نێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و هەر جموجۆڵێکی سیاسیی زیان بەم ڕەوتە بگەیەنێت و لە هێڵی خەباتی دووریانبخاتەوە ئاوانە، ئەم ماف بەخۆدانەی (حدکا)ش لەم بوارەوە زۆرجار دەبوە هۆی پاوانخوازیی. هەروەها کۆمەڵەش جەختی لەسەر مەسەلەی میللی و نەتەوەیی گەلانی ئێران و وابەستە بە مەسەلەی کوردستان دەکردەوە، ئەویش لە نێڕوانینی جوولانەوەی خەباتی خۆی بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی ماویزم، کۆمەڵە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی بەڕێگەی سۆسیالیزم دەبەستەوە و پێیوابوو ڕزگارکردنی ئێرانو کوردستان لە خەباتی کرێکارانو بەدەستهێنانی دەسەڵات لە لایەن چینی چەوساوەی زەحمەتکێشی ئێران بەدیدێت، لە هەوڵی قوڵکردنەوەی خەباتی چینایەتیی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی جووتیارانو ڕوناکبیران بوو، هەربۆیە کۆمەڵە بەردەوامیی ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ (حدکا) بۆ جیاوازیی بیری سیاسیی گەڕاندەوە، کە خۆی بە نوێنەری چینی کرێکار و (حدکا)ش بەنوێنەری چینی بۆرژوا داناوە، پێشیوابوو (حدکا) پارێزگاریی لە چینی بۆرژوا و خاوەن سەرمایەدار و موڵکدارەکان دەکات، لەبەرامبەردا خۆشی بەرگری لە مافی کرێکارانو زەحمەتکێشان دەکات .

هەریەک لە (حدکا) و کۆمەڵە، جیاوازیو دژایەتیکردنی یەکتر لە نووسینەکانیاندا ڕەنگیدایەوە، بەجۆرێک ڕاستەوخۆ دوای مینینگی مەهابادو ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای (حدکا) لە 3ی شوبات1979دا، بەیاننامەیەک بە ناونیشانی (پیلانێکی دی دژی گەلی کورد چ کەسانێک جیاوازیخوازن) لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەیاننامەکە وێڕای ئەوەی ناوی هیچ لایەنێکی بەسەرەوە نییە، بەڵام بە ئوندیی هێرشی کردووەتە سەر (حدکا) و نووسیویە: «گەلی کورد لە ئێشکان و هەڵەکانی ڕابردووی خۆی

دەرسی وەرگرتووە و ئازە حازر نییە وەدوای ئەو کۆنەپەرستانە کەوێت، کە کوردستانیان کردۆتە پاوانی خۆیان و پێڕەوییان لێ بکات». دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بەیاننامەیە کۆمیتەی سەقزی (حدکا) دژە بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی (ئێکۆشەرانی شەرمێون دەڵێن چی؟) بڵاوکردەوە، کە تێیدا وێڕای ئەوەی بەدرێژیی باسی لە مێژووو خەباتو ئێکۆشانو قوربانییەکانی (حدکا)ی کردبوو، ئاماژەی بەو خاڵەش داوە، کە ڕژێمی شاهەنشاهیی تا دوێنێ (حدکا)یان بە کۆمۆنیست‌و چەپڕەو ناوزەند دەکرد، ئەندامەکانیان بەونۆمەتانە هەڵدەواسین، ئەمڕۆ ئێکۆشەرانی شەرمێون، کە نەیانوێراوە نێوی خۆیان لەسەر بەیاننامەکە دابنێن (حدکا) بە ڕاستڕەو کۆنەپەرست لە قەڵەمدەدەن. دەرکردنی ئەم بەیاننامەیەو وەڵامدانەوەی کۆمیتەی سەقزی(حدکا) سەرەتایەک بوو بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی سارد لەنێوان هەردوو ڕێکخراوەکەدا، بەدرێژایی ساڵانی(1979_1988) ناکۆکییەکانی هەردوولا گەیشتە پێکدادانی چەکدارانە، ئەم پێکادانەش تا ساڵی 1983 زیاتر لەسەر ئاستی ناوچەیی بووە.

(حدکا) خۆی بەناکە حزبی شۆڕشگێڕیی کوردستان دادەنا، جەختیشی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت کۆمەڵە دان بەوەدابنێت، کە (حدکا) فەرمانڕەواو ڕابەری شۆڕشی کوردستانە، پەسەندکردنی کۆمەڵەی وەک دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بەستبووەوە بەو مەرجەی، کە(حدکا) ڕابەری شۆڕشی کوردستانە و مافی قسەکردنی هەیە و کانێک بە بەشداریی کۆمەڵە، ڕازیدەبێت، کە کۆمەڵە ئەم ڕابەریەتییە پەسەندبکات.

دوای ئەوە کۆمەڵە لە ساڵی1980دا کەوتە ڕەخنەگرتن لە(حدکا)و ڕەخنەی ئەوەی هەبوو کەوا (حدکا)، (دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد)ی هەڵوەشاندووەتەوە و دەیەوێت خۆی بە تەنها لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران وتووێژ بکات، بەتایبەتی کانێک (حدکا) داواکاریی گەلی کوردی لە چوارچێوەی گەڵاڵەنامەی (26) ماددەیی بۆ (6) ماددە کورتکردەوە، هەرچەندە (حدکا) جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەو (6) ماددەیە کورتکراوەی هەمان گەڵاڵەی ئەو (26) ماددەیەیە، کە (دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد) داویانە بە ڕژێم. دوای ئەوەی (حدکا) لە کۆبوونەوەکانی ناران بە تەنها لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی دانیشتن، کۆمەڵەش بە هەموو شێوەیەک دژی (حدکا) وەستایەوە و ڕازینەبوو نە خۆی بخرێنە پەراوێز، نە (حدکا)ش بەناوی هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ڕژێم دانیشتن و دانووستان بکات، هەربۆیە دوای دانیشتنەکانی (حدکا) بەجیا لەگەڵ ڕژێم، کۆمەڵە نازناوی (سازشکار)ی دایەپاڵ و ڕەخنەی لێگرت لەبری ئەوەی (حدکا) دەستەی نوێنەرایەتیی کاراتر بکات، دەیەوێت ئەم دەستەیە لەکاربخات و بەتێکدانی ئەم دەستەیەش تاوانباریکرد. کۆمەڵە و (حدکا) پەیوەندییان لە شەڕی ڕاگەیاندنەوە بەرەو شەڕی چەکدارانە چوو، دوای ئەوەی کۆمەڵە لە کۆنگرەی دووەدا، کە لە بەهاری 1981دا بەستڕا لە بڕیارنامەیەکی ناوخۆیدا، (حدکا) ی وەکو حزبیکی بۆرژوا ناساند. کۆمەڵە بە ئێڕوانینەکانی خۆی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو چین هەیە، چینی بۆرژوا، چینی کرێکار، کە (حدکا) نوێنەرایەتی چینی یەکەم دەکات و خۆشی نوێنەرایەتیی چینی دووەم، پێشیوابوو شەڕی نێوانیان شەڕی چینەکانە و قوڵکردنەوەی کێشەی چینایەتیی لەنێوان کۆمەڵە و (حدکا)دا هۆکاری سەرەکیی بوو بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان ئەم دوو هێزە، ئەمە لە کاتێکدا کێشەی سەرەکیی لە کوردستان، کێشەی نێوان کارو سەرمایە نەبووە، ئاستی گەشەکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ناکۆکیی نێوانیان بەو ڕادەیە نەبوو، کە دوو حزبی سیاسیی کورد، ناچاری شەڕی چینایەتیی و تەقاندنەوەی ململانێیەکان و لەیەکهەڵوەشاندنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتییەکان بکات.

دوای ئەوەی (حدکا)ش لە نشرینی دووەمی 1981دا بڕیاریدا بچێنە ناو (ئەنجومەنی نیشتیمانی بەرگری /شورای میللی مقاومەت)

کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە نەچووە ناو ئەم ئەنجومەنەوە، یەک لە هۆکارەکانی بەشداریینەکردنی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی، کەوا لە لایەن ئەم ئەنجومەنەوە بانگهێشتنەکراوە و پێشیوابوو هۆکاری بانگهێشتنەکردنی بەهۆی موجاهیدینەوە بووە، وەک ئەندامی سەرەکی ئەم ئەنجومەنە لەگەڵ (حدکا) دۆست و هاوکاری یەک بوون و (حدکا) ش پێیخۆش نەبوە کۆمەڵە بچێنە ناو ئەم ئەنجومەنەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە نەچووە ناو ئەنجومەنەکەوە، لە هەمانکاتدا کەوتە ڕەخنەگرتن لەم ئەنجومەنە و پێیوابوو ئەم ئەنجومەنە بەرنامەیەکی ڕیفۆرمیستیی و لیبراڵیی، کە لە سەربناغەی پاراستنی پەیوەندییەکانی سەرمایەداریی و بنیادی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە ئێران و پاراستنی دامودەزگای سەرەکیی کۆنەپەرستانە و سەرکونکەر بەهەندێک چاکسازیی کەمبایەخ داڕێژراوە، کە لەگەڵ بەرژەوەندییو داخوازی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکو کرێکار و زەحمەتکێش ناگونجێت. یەک لە ڕەخنەکانی تری کۆمەڵە ئەوە بوو، کەوا (حدکا) وەک ئەندامی ئەم ئەنجومەنە و لەگەڵ ئەو هەوڵیستەی ئەنجومەندایە، کە هەوڵ بۆ

ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی و دەسەڵاتی خومەینی دەدەن، بەڵام لەگەڵ مانەوەی حوکمی مەزهەبین و دەیانەوێت ئەم حوکمە بمێنێنەوە، (حدکا)ش لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانیی لە هەوڵی ئەوەدابووون، کە

> **قوڵکردنەوەی کێشەی چینایەتیی لەنێوان کۆمەڵە و (حدکا)دا هۆکاری سەرەکیی بوو بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان ئەم دوو هێزە، ئەمە لە کاتێکدا کێشەی سەرەکیی لە کوردستان، کێشەی نێوان کارو سەرمایە نەبووە**

ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیی کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام کۆمەڵە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە ڕاپەڕینو ناڕەزایەتییەکانی داهاتوو، نەک بەتەنها لەدژی خومەینی، یان ڕژێمەکەی دەبێت، بەڵکو لەدژی تەواوی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتی بۆرژوایە لە تێران، پێشیوابوو (حدکا) بەم سیاسەتانەوە لەناو ئەنجومەنی نیشتیمانیی هەرچی زووتر دەسەڵات و پێگەی خۆی لە کوردستان و بەتایبەتی لەناو چینوتوێژەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەدەستدەدات، بەوپێیە ناوبراو نزیکبووەتەوە لە لایەنێکی بورژوایی. کۆمەڵە و (حدکا) سەرەڕای شەڕی ڕاگەیاندنیان و ئاوانبارکردن و ڕەخنەگرتن لە یەکتر، لە تەموزی 1982دا دەفتەری سیاسیی هەردوو ڕێکخراوەکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پێکەوە کۆبوونەوەو ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان دەرکرد و پاشان لە ڕادیۆی هەردوولا بڵاوکرایەوە، ئامانجی هاوبەشیان بریتیبوو لە: «درێژەدان بەشەڕ دژی هێزەکانی ئاران بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک و دابینکردنی خودموختاری»، بەڵام ئەم هەوڵە سەرینەگرت و ئێکهەڵچوونی نێوانیان درێژەی کێشا تا لە ئەیلولی 1982دا سێ بەرپرسی کۆمەڵە لە دەورووبەری مەهاباد کوژران. بەمەش شەڕ لەنێوان ئەم دوولایەنەدا دەستیپێکرد، دوای سێ ڕۆژ لە ئێکهەڵچوون، 13کوژراو لە (حدکا)، 2کوژراو لە کۆمەڵە لێکەوتەوە. دوای ئەم شەڕە هەریەک لە (د.قاسملو، د.جەعفەر شەفیعی) گەیشتنە ئاگربەست، دیلو چەکە دەستبەسەرکراوەکانیان ئاڵوگۆڕ کردەوە، هەردوولا بڕیاریاندا ڕێز لە دیموکراسیی کوردستان بگرنو بەتایبەتی (حدکا) ڕێگەبدات لایەنگرانی کۆمەڵە بە ئازادیی ڕۆژپاگەندەی خۆیان لە گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی (حدکا) ئەنجامبدەن، جگە لەم شەڕە، چەندین شەڕی دیکە لەنێوان ئەم دوو هێزەدا ڕوویانداوە، سەرکردایەتیو ڕێبەرانی هەردوولاش لە هەڵگیرسان و دەستپێکردنی شەڕەکاندا ڕۆڵی خراپیان بینی، نە (حدکا) کۆمەڵەی وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی و شۆڕشگێڕ لە کوردستان پەسەند بوە، نە کۆمەڵەش(حدکا)ی بە ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەو بەشەدا دەناسی و دانی پێدادەنا، هەردوولاش لەسەر ویستی خۆیان بۆ پاوانخوازیی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەیان بەشەڕدا، بەڵام پاش ماوەیەکو لە ئەنجامی هێرشی بەردەوامی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ کۆمەڵە و (حدکا) ڕوونبووەوە، کە ئیدی ناتوانن یەکتری پشتگوێ بخەن، سەرەڕای ناڕازیی بوونی کۆمەڵە لە ئەندامیەتیی (حدکا) لەئەنجومەنی نیشتیمانی لە تشرینی دووەمی1982 ڕازیبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا هاوکاریی (حدکا) بکات. کۆمەڵە لە 6ی تەمووزی 1983دا، سەبارەت بە هاوکارییکردن لەگەڵ (حدکا) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی بڕیارنامەیەکی دەرکرد و چەند خاڵێکی خستەڕوو لەوانە: «هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ستراتیژی جوولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و نێکشکاندنی هەموو هێزەکانی سەرکوتکەر و داگیرکاریی کۆماری ئیسلامیی لەسەرتاسەری کوردستان، دیاریکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی خودموختاریی، بە هاوبەشی و بەڵێندان بەیەکتری، کە بەیەکەوە نێدەکۆشن لەبەرامبەر ڕژێم بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانیان، بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان خودموختاریی بەپێی یاسای ئوسووڵیی دیموکراتیک لەسەر بناغەی دەسەڵاتداریی کۆمەڵانی خەڵک پەرەسەندنی هەرچی زیاتری دیموکراسییە لە کوردستان»، کۆمەڵە هەڵوێستی خۆی لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ (حدکا)و بەشێوەیەکی چەکدارانە و سیاسییانە ڕووبەڕووی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ببنەوە دەربڕی و ڕاشیگەیاند هەرکاتْ (حدکا) ئامادەبێتْ بەو مەرجانەی ئامازەی پێکردووە ڕازیبێتْ بۆ دانوستانْو گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆمەڵە، ئەوا کۆمەڵەش ئامادەیە هەرچی پێویستْ بێتْ لەم ڕووەوە دەیکاتْ».

(حدکا)ش هەوڵیدا کۆنایی بە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە بهێنێتْ و هەردوولاش شەڕ لە دژی ڕژێم بکەن، هەربۆیە لە ئەیلولی 1984دا د. قاسملوو لە پەیامێکی ڕادیۆیدا ڕایگەیاند: «لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتْ داوا دەکەم لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەڕی دژی ڕژێمی خومەینی دا هاوکاریی بکەن و ئەم هاوکارییە لە زۆر جێگا، کە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە یەک سەنگەردان پێکهاتووە، بەڵام پێویستە پەرەی پێبدرێتْ، دەبێتْ پیشمەرگەی هەردوولا ئەو ڕاستییەیان لەبیربێتْ، کە دوژمنی هاوبەشمان ڕژێمی خومەینییە».

بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە هەردوولاش (حدکا) و (کۆمەڵە) لەماوەی دوو ساڵدا چەند هێرشێکی چەکداریی هاوبەشیان کردووەتە سەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و چەند سەرکەوتنێکی سنووردارییشیان بەدەستهێنا .

وێڕای ئەوەی (حدکا) و کۆمەڵە چەند هێرشێکی هاوبەشیان کردە سەر ڕژێم، لە هەمانکاتیشدا چەند شەڕێکی ناوچەیی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، لەوانە: (لە سەرەتای ئابی1983دا پێشمەرگەی (حدکا) لە ناوچەی سەردەشتْ هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی کۆمەڵە لە (بەردەسوور)، لەو هێرشەدا سێ پێشمەرگەی کۆمەڵە بەناوەکانی (عەزیز بایەزیدی، حسین عبداللهی، عەتا سلیمانی(محەمەد) کوژراون، دوای ئەم شەڕە، مەکتەبی سیاسیی هەردوولا بڕیاریانداوە کۆنایی بە کێشە و شەڕی نێوانیان بهێنن و دیلەکان ئازاد بکەن و لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و دۆزینەوەی ئاوانباران پێکبهێنن. دوای ئەوەی لیژنەیەک لە (مەلا محەمەد غەفور لە لایەن کۆمەڵەوە، مەلا حەسەن نەزهەتْ زادە لە لایەن دەفتەری شێخ عیزەدین حوسەینی، حوسێن مەدەنی لە لایەن دەفتەری سیاسی (حدکا)، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پێکهاتووە، بەڵام ئەم لیژنەیە لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە (حدکا) ئامادە نەبوو ئاوانباری ئەوکارە سزابداتْ. سەعید کاوە ئامازەی بەوە کردووە، کەوا کۆمەڵە لەم شەڕەدا دەستپێشخەر نەبوە، هەرچەندە ناوبراو دەفتەری سیاسیی (حدکا)ی لە ڕاستیی ڕووداوەکە ئاگادارکردووەتەوە، پاشانیش لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە بە ئەنجام نەگەیشتوون، کێشەی نێوان هەردوو حزب بەبێ چارەسەر ماونەتەوە .

دوای ئەوەش کۆمەڵە لەگەڵ (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/سەهەند) یەکیانگرتْ و (حکا)یان پێکهێنا، کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران درێژەی بەکاری سیاسییو چەکداریی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەی (حدکا) بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم یەکگرتنەی کۆمەڵە و پێکهێنانی (حکا) نەبووە، لە هەمانکاتیشدا کێشەی نێوانیان قوڵتر بووەوە .

(حدکا)، کە کۆنگرەی شەشەمی خۆی لە22ی کانوونی دووەمی1984دا بەستْ، پەیوەندییەکانی خۆی و کۆمەڵەی دیاریکرد و ڕایگەیاند: «حزبی دیموکراتْ دەیەوێتْ لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاریی بکاتْ و بەهیچ جۆرێک پێیخۆش نییە هیچ نێکهەڵچونێک لەنێوان حزب و کۆمەڵەدا پێکبێتْ، ئەگەر کۆمەڵە شەڕ لەگەڵ حزب هەڵگیرسێنێتْ، ئەوکاتْ حزب ناچارە زۆر بەنوندی بەرەنگاری کۆمەڵە بێنەوە، ئەنانەتْ بە ڕاشکاویی پێیان گوتراوە، کە هەڵایسانی شەڕ لە لایەن کۆمەڵەوە لە یەک ناوچەی کوردستان دەبێنەهۆی شەڕێکی سەرتاسەریی و چی دیکە ڕێگانادرێتْ کۆمەڵە لە هەر جێگایەک خۆی بە بەهێز زانی، زەبر لە حزب بداتْ ... هیوادارین ئەم هەڵوێستە بێنەهۆیەک بۆ پێشگرتن لە نێکهەڵچوون».

هەرچەندە (حدکا) هەوڵیدا بەم سیاسەتەی پێش لە شەڕکردن لەگەڵ کۆمەڵە بگرێتْ، بەڵام بە پێچەوانەوە کۆمەڵە لێکدانەوەیەکی تری بۆ ئەم بڕیارەی (حدکا) کرد و پێیوابوو بەفشاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی (حدکا) ناچاری دەرکردنی بڕیارێکی لەو جۆرە بووە، هەرچۆنێک بێتْ ئەم بڕیارەی (حدکا) نەک کۆنایی بە شەڕی هەردوولا نەهێنا، بەڵکو شەڕی قورس و سەرتاسەریی نێوانیانی بەدوادا هاتْ.

لەنێو کۆمەڵەدا سەبارەتْ بەشەڕکردن لەگەڵ (حدکا)، نێوری (سێگۆشە) هاتە ئاراوە، بەپێی ئەم نێوڕە (کوردستان لەگەڵ سێگۆشەیەک بەرەو ڕووبووەتەوە، گۆشەی کرێکار، کە کۆمەڵە ڕێبەرایەتی دەکاتْ، دوو گۆشەی بۆرژوا، یەک لەو دوو گۆشە (بۆرژوازی ئێران) ە، کە خومەینی ڕابەریدەکاتْ، گۆشەی سێیەم (بۆرژوای کورد)ە، کە(حدکا) نوێنەرایەتی دەکاتْ)، هەربۆیە خەباتی کۆمەڵە وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی بۆرژوای کورد، ڕووبەڕووی سنەمکاریش بەشەڕ دێتْ، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵەدا د.قاسملو دەڵێتْ: «نێکهەڵچوون لەگەڵ کۆمەڵە ڕوویداوە، بەڵام ئەوە بەمانای دووبەرەکی نییە، ئێمە نوێنەری زۆربەی نزیک بە نەواوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانین، ئەوەی ڕاستیشە لە سیاسەتی کۆمەڵە ناگەم، ئەوان دەیانهەوێتْ ئەوە بەسەر ئێمەدا بسەپێنن، کە لە کوردستان شەڕ لەگەڵ بۆرژوازی

دەکـەن، بـەڵام خۆ ئێمـە بـۆرژوازی نین، ئێمە جوواڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردسـتانی ئێران ڕێبەری دەکەیـن، هیچمان لە کۆمەڵە ناوێـت بێجگـە لەوە ئەوان بیسـەلمێنن، کە حزبی دیموکراتی کوردستان جووڵانەوەیەکی شۆڕشـگێڕانەیە، ئەوەش لەبەرئەوە نییە، کە پێویسـتمان بـە سـەلماندنی کۆمەڵە هەبێت لـەو بارەیـەوە، بەڵکو بە خاتـری داهاتووی کوردستانە» .

(حدکا)، (حکا) و مەنسووری حیکمەت، ڕەزا داوەری و چەند فارسـێکی دیکـەی ناو ئەم ڕێکخراوەی بە هەڵگیرسێنەری شەڕی (حدکا) و کۆمەڵە ناوانبارکرد، ئەم شـەڕەی بەشەڕی (حـکا) و (حـدکا) داناوە، بـەڵام جەماوەری هەردووالاو خەڵکی کوردسـتانیش بەشـەڕی دوو هێـزی کـوردی (حـدکا) و کۆمەڵەیـان داناوە، نـەک شـەڕی (حـدکا) و (حـکا) ، شـەڕ لەنێـوان کۆمەڵـە و (حدکا)دا لەسـەر ئاسـتی ناوچەیـی نا 16ی نشـرینی دووەمی 1984 بـەردەوام بوو، لـە کاتێکدا ژمارەیەک لـە پێشـمەرگەی کۆمەڵـە چوونـە ناوچەی (قەڵەزە) لە هەورامان بە مەبەسـتی ئەوەی دوو خانەوادەی خەڵکی نەوسـود بەرەو پاوە بەڕێکەن لە ڕێگەدا ڕووبەڕووی پێشمەرگەی (حـدکا) دەبنـەوە و ئەقەیـان لێدەکەن(3) پێشـمەرگەی کۆمەڵـە کوژراون، 10کەسـی دیکەشـیان لە لایەن (حـدکا)وە بەدیلگیراوە و پاشان سـەرجەمیان بە شێوازی جۆراوجۆر کوشـتووە، ئـەم شـەڕەش بە(کارەسـاتی یەکەمـی هەورامان) ناسـراوە. دوای ئەوەی بەرپرسـانی هەردووال لـەم ڕووداوە ئاگادار دەکرێنەوە بڕیـاردەدەن نوێنەرانی هەردووال لە18ی نشـرینی دووەمی1984دا بۆ مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـەو چارەسـەر کردنـی کێشـەکانیان و کۆتاییهێنـان بەشـەڕ کۆبنـەوە، دوای ئـەوە نوێنـەری هەردووال پێکەوە کۆدەبنەوەو ئاگربەسـت ڕادەگەیەنن و لەهەمانکاتدا بڕیاریاندا لیژنەیەک لە نوێنەرانی هـەردووال پێکبێـت و بچێنـە هەورامـان بە مەبەسـتی دامەزراندنەوەی بنکەکانی کۆمەڵە و گەڕاندنەوەی ئاشتی و هێمنی بۆ ناوچەکە، دوای ئـەوەش بەیاننامەیەکـی هاوبەشـیان ئیمزاکـرد، بـەڵام ئـەم ڕێکەوتنـە کۆتایـی بەشـەڕی (حـدکا) و کۆمەڵـە نەهێنـاو بـە پێچەوانەوە ناکۆکیو شـەڕی نێوانیان پەرەی سـەند، شـەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردووال دەسـتیپێکردەوە، کۆمەڵـە لە 24ی نشـرینی دووەمی 1984 لە ڕادیۆی خۆیەوە ڕایگەیاند: «ئـەم جینایەتـە بەبـێ وەڵام ناهێڵێنـەوە»، ڕاشـیگەیاند: «بەمافی خۆمـان دەزانین، کە هێـز و دەسـەڵاتی چەکـدار و ڕێکخـراوی زەحمەتکێشانی وشـیاری کوردستان و هێزی پێشـمەرگەی کۆمەڵـە بـۆ بەرپەرچدانەوەی ئـەو جـۆرە جینایەتـە و... بـۆ پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی دیموکراتـیو شۆڕشـی کوردسـتان بخەینەگەڕ»، (حدکا)ش کۆمەڵەی ناوانبارکرد بەوەی، کە لە دانیشتنەکان لەگەڵ نوێنەرانـی (حدکا) بۆ چارەسـەری کێشـەی (کارەساتی هەورامان) جڵەوی خۆی بەدەستخۆی نییە، بەڵکو کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی حزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران لـە کوردسـتان کاردەکات و ئـاگاداری فەرهەنگیـی کورد و بیروباوەڕی خەڵکی کوردستان نییە .

وێـڕای ئـەوەی کۆمەڵـە و (حـدکا) لـە ڕاگەیاندنەکانیانـەوە یەکتریان ناوانبارەدەکرد، بـەڵام جارێکیتـر نوێنەرانـی هـەردووال لە 25ی نشـرینی دووەمی 1984دا، کۆبوونەوە و بڕیاریانـدا کۆمسـیۆنێک بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە (کارەسـاتی هەورامـان) پێکبهێنرێـت، جگـە لـەوە کۆمەڵـە لـەم کۆبوونەوەیـەدا چەند پێشـنیازێکی خسـتەڕوو لەوانە: «ئەم ڕووداوە لـە لایـەن (حـدکا)وە مەحکـوم بکرێـت و ناوانبـاران بناسـرێن و لـە لایەن حزبەوە سـزابدرێن». کۆمەڵە لە چوارچێوەی پێشـنیازەکانیدا جەختـی لـەوە کـردەوە ئەگەر سـەرکردایەتیی (حدکا) ئـەو ڕێگایانە نەگرێتەبـەر، ئـەوا بەمافی فەرمیـی خۆیان دەزانـن، کە وەڵامی ئەم هێرشـە بدەنەوە. دوای ئـەوەی جـەلال نالەبانـی سـکرتێری گشـتیی (ی.ن.ک) لـە کارەسـاتی هەورامان ئاگادارکراوەتەوە، ناوبـراو چەند ئەندامێکی حزبەکەی ڕاسـپاردووە، کەوا بچنە ناوچەکەو وەک ناوبژیوانێـک کۆتایی بەشـەڕی (حدکا) و کۆمەڵـە بهێنـن، هەربۆیە بە بەشـداریی نوێنەرانی (ی.ن.ک) لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لـە (کارەسـاتی هەورامـان) پێکدێنـن، ئەم لیژنەیـەش لـە نوێنەرانی (حـدکا) و کۆمەڵە و (ی.ن.ک)، کـە پێکهاتبوون لـە (ئیبراهیم جـەلال، جەمیـل هەورامـی _نوێنەرانـی (ی.ن.ک)، مسـتەفا شەڵماش، مامۆستا گۆران _نوێنەرانـی (حـدکا)، فاڕووق بابـا میری، فاتـح شێخولئیسـلام _نوێنـەری کۆمەڵـە) پێکهاتووە، ئـەم لیژنەیەش لە 17ی کانوونی یەکەمی1984دا دەسـتی بـە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی کرد و دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکانیان تا10ی کانوونـی دووەمـی1985 کۆتاییهات، نوێنەرانی (ی.ن.ک) ڕاپۆرتی خۆیان لەسـەر ڕووداوەکـە خسـتووەتەڕوو ڕایانگەیانـد: «ئەگەر (حدکا) سزای پێشمەرگەکانی نەداتو دان بە هەڵـەی خۆیدا نەنێت، لە ماوەیەکی کەمـدا گەورەتریـن کارەسـاتو شـەڕی ناوخۆیـی دروسـتدەبێت». لـە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، نە (حدکا) سزای بکوژەکان و تاوانبارانی خۆی داو، نە کۆمەڵەش دەستی لە تۆڵەکردنەوە هەڵگرت، دەستەی لێکۆڵینەوەش دوای ئەوەی بە ئەنجام نەگەیشـت و شەڕی کۆمەڵـە و (حـدکا)ش کۆتایـی پێنەهـات، شـەڕی ڕاگەیاندنیـان دەسـتیپێکردەوە،

ئەحمەد موفتی زادە

ناسری سوبحانی

کۆمەڵە لە ڕاگەیەندنەکانیدا (حدکا)ی بەوە ناوانبارکرد، کە لە سیمای حزبیکی جەماوەریی‌و میللی لایداوە و حزبیکی میللی نییە و سیاسەت و کاری لە بەرژەوەندیی و خزمەتی بۆرژوایە، لەهەمانکاتدا کۆمەڵە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بەرنامەو سیاسەتی خۆی بریئییە لە خزمەتکردن بە چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی چینی بۆرژوا، کە(حدکا) یە و بە کۆسپی بەردەم چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانی دانا، هەروەها کۆمەڵە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە وەک حزبێکی کرێکاریی شۆڕشگێڕ لە بەرامبەر (حدکا)دا وەک حزبی بۆرژوا تێدەکۆشێت و هەر شەڕێکی (حدکا) و هێرشی چەکدارانەی بۆ سەر کۆمەڵە، هێرشە بۆ سەر چینی کرێکاری شۆڕشگێڕی، شەڕی نێوانیان شەڕی چینەکانە و شەڕی نێوان کرێکار و بۆرژوایە، جگە لە سیاسەتی ئوندی کۆمەڵە و شەڕی ڕاگەیاندنی لەگەڵ (حدکا)، بەپێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و پێشوەخنە، لە شەوی 6/5ی کانوونی دووەمی 1985دا هێرشی کردە سەر بنکەکانی (حدکا) لە هەورامان، لەم هێرشەدا (17) پێشمەرگەی (حدکا)و(12) پێشمەرگەی کۆمەڵە کوژران، ئەم شەڕەش بە خاڵی گۆڕانی پەیوەندییەکانی (حدکا) و کۆمەڵە دادەنرێت، چونکە لەدوای ئەم شەڕە، پەیوەندییەکانی هەردوولا بەرەو ئاڵۆزیی چوون، بەجۆرێک ڕێگەیەک بۆ ئاشتی‌و ئاگربەستی نێوانیان نەمایەوە. شەڕێکی سەرتاسەریی لەنێوان هەر دوولا هەڵگیرسا، کە نزیکەی شەش ساڵی خایاند64، چەندین شەڕی قورس لە ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوان هەردوولا ڕوویداو چەندان پێشمەرگەو لایەنگرانی هەردوولاش کوژران65، ئەنها لە مانگی ئاب‌و ئەیلولی 1985دا چەند شەڕێک لەناوچە جیاجیاکانی وەک (باش بڵاغ، دەرویان، سەرشیو، قشقلاخی هایجان، سەرشیوی سەقز، کەلەجار ... هتد) ڕوویداوە لەم شەڕانەدا زیاتر لە(15) پێشمەرگەی کۆمەڵەو(33) پێشمەرگەی(حدکا) کوژرانو ژمارەیەکیش لە هەردوولا بریندارببوون، دوا هەوڵەکانی ڕێکخراوە سیاسیی‌و کەسایەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕی کۆمەڵەو(حدکا) هەوڵی(6) لایەن بوو، کە پێکهاتبوون لە (شێخ عیزەدین حوسەینی، چریکی فیدایانی خەڵقی ئێران، چریکی فیدایانی خەڵقی ئێران _ارنش رهائی بخش خەڵکی ایران، ڕێکخراوی چریکی فیدایانی خەڵقی ئێران، دەفتەری سیاسیی راهی کارگەری شۆڕش ئێران_راە کارگەر، کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان _ئێران) ئەم شەش لایەنە سەبارەت بە نێوانگیری شەڕی کۆمەڵە و (حدکا) لە 26ی ئایاری 1987دا بڕیارنامەیەکی سێ خاڵیان دەرکرد: (ڕاگرتنی خێرای شەڕ، چارەسەرکردنی ناکۆکیی لەڕێگای سیاسیی، بوونی ئازادیی ڕاگەیاندن‌و مافو ئێکۆشانی سیاسی‌و چەکداریی)، لە پاش ڕاگەیەندراوی ئەم (6)لایەنە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی

سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان

مجاهیدینی خەلقی ئێران

کۆمەڵە

کۆمەڵــە و (حــدکا)، کۆمەڵە هەڵوێســتێکی ئەرێیی دەربڕیو لــە 2ی حوزەیرانی1987دا وەڵامی شــەش لایەنەکــەی داوەتەوە و ئاک لایەنــە ئاگربەســتی ڕاگەیانــد68، هەرچــی (حدکا)یــە بەیاننامــەی ئــەم شــەش لایەنەی ڕەتکــردەوە، چونکە پێیوابــوو ئەوانەی ئەو بەیاننامەیەیــان واژۆکــردووە، هەموویــان بەشێک نین لە جووڵانەوەی کورد و بەگشتی بەیاننامەکــە شــتێک نییــە، جگــە لــەکاری بەرەیەک، کە لە لایەن کۆمەڵەوە پێکهێنراوە، بۆیە شەڕ لە لایەن (حدکا)وە کۆنایی نەهاتە و هەندێــک جاریــش پێکادانــی چەکداریــی لەنێوان هەردوولا ڕوویداوە، تا سەرهەڵدانی کێشــە ناوخۆییەکانی (حــدکا) و جیابوونەوە (حدکا)_ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) ، لە (حدکا)، پــاش ئــەم جیابوونەوەیــە لە 19ی نیســانی 1988دا (حدکا) _ڕێبەرایەتی شۆڕشــگێڕ) لە کۆنفرانسی چواری خۆیدا بڕیاری ئاگربەستی یەکلایەنەی لەگەڵ کۆمەڵە پەســەندکرد و بە هەنگاوێکی دروست و قازانجی جووڵانەوەی میللی و دیموکراتیی گەلی کوردی دانا، بەڵام (حــدکا) ئاگربەســتی ڕانەگەیاند، تــا لە 7ی ئایاری 1990دا بڕیاریدا شــەڕ لەگەڵ کۆمەڵە درێــژە پێنــەدات و ئاگربەســتی ڕاگەیانــد و کۆمەڵەش لە14ی ئایاری 1990 شەڕی ڕاگرت و دەســتەبردن بــۆ چەکی لــە دژی (حدکا) ڕاگەیاند، بەمەش کۆنایی بە قۆناغی شــەڕی نێوان کۆمەڵەو (حدکا) هات .

پەیوەنــدی کۆمەڵــە لەگــەڵ ســازمانی خەباتــی نەتەوایەتــی ئیســلامیی کوردستانی ئێران (خەبات) :

پەیوەندییەکانــی کۆمەڵــە لەگــەڵ خەبات بە قۆناغــی جیاجیادا نێپەڕیــوە و لەقۆناغی وادا پەیوەندییــان بەهێز و بــاش بووە، هەندێک جاریــش پەیوەندییــان ســاردیی نێکەوتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشــتی شەڕی چەکدارانە لەنێوانیانــدا ڕووینــەداوە و پەیوەندییەکانــی هــەردووڵاش بــاش بــووە. ســەید جــەلال حوســەینی، پێــش دامەزراندنــی خەبات، لە دەفنەری شێخ عیزەدین حوسەینی کاریکردووە، بەهۆی نزیکیی کۆمەڵەش لە دەفنەری شــێخ عیزەدیــن، ســەید جەلالیــش پەیوەندیــی و دۆســتایەتیی لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبووە، بەڵام کاتێک ســەید جــەلال بڕیــاری دامەزراندنی خەبانــی داوە، شــێخ عیزەدیــن لەگــەڵ دامەزراندنی ئەم ســازمانە نەبووە، هەربۆیە شــێخ عیزەدینو ســەید جەلال ساردییەک لە پەیوەندییەکانیانــدا دروســتبووە، بەهەمــان شــێوە کۆمەڵە بەهۆی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شێخ عیزەدین، لەسەرەتاوە پەیوەندی لەگــەڵ خەباتدا ســارد بــووە، بــەڵام دواتر پەیوەندییەکانیان ئاســایی بووەتەوە، لەســەر ئاســتی کەسایەتی، ســەید جەلالی حوسەینی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە باش بووە، ئەمەش کاریگەریی لەســەر پەیوەندییەکانی هەردوو ڕێکخراوەکە هەبووە، سەید جەلال سەبارەت بە هاوکاریــو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە دەڵێت: «لەگەڵ کەسانێک لە کۆمەڵە، لە هەموو ناوچەکان دۆســتایەتیی شەخسیم بــووە، لەکاتــی شۆڕشیشــدا حــەزم کردووە هاوکارییــان بکەم، هەر چەندە بیروباوەڕمان لێکدووربــووە». دوای ئەوەی خەبات لەپێناو ئامانجەکانی خۆی و بــۆ زیاتر دژایەتیکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی هاوکاریی مادیی و چەکداریی لــە ڕژێمی بەعس وەرگرت، هەر چەنــدە لەســەرەتاوە کۆمەڵــە ڕەخنەی لەو گروپو کەسو لایەنانە گرتووە، کە چەک لە ڕژێمی بەعس وەردەگرن بە وابەستەی ڕژێمی بەعس ناویبردوون، بەڵام کۆمەڵە ڕەخنەی لەم کارەی سەید جەلالو ڕێکخراوەکەی نەگرت، چونکــە ســەید جــەلال زۆرێک لــەو چەکو هاوکارییانــەی لە ڕژێمــی بەعس وەرگرتووە بەشێکی لێداوە بە کۆمەڵە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵــەو خەبات بیــرو نێڕوانینیــان جیاواز بوو، خەبات زیاتــر ڕێکخراوێکی نەتەوەییو مەزهەبیی بــوو، بــەڵام پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی باش بووەو پەیوەندییەکانی هەردوولا تا ســاڵی 1983 بە باشــی ماوەتەوە، کۆمەڵە لــە کۆنایــی1983وە دوای ئــەوەی لەگــەڵ (یەکێتیی نێکۆشــەرانی کۆمۆنیستسەهەند) یەکیــان گرت و (حکا)یان پێکهێنا، لەوکاتەوە

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

حیزبی تودەی ئێران

سازمان چریکە فیدایییەکانی خەلقی ئێران

هەموو خەباتی نەتەوەییان بە خراپ دەزانی و پێشیانوابوو، کە ئەم جۆرە خەباتە کێشەیە لە بەردەمیان، ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵە بووەهۆی لێکدوورکەوتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکە، هەرچەندە پێشتر هەردوو ڕێکخراوەکە لەبواری بیروباوەڕەوە لە یەکتر جیاواز بوون، بەڵام لەم قۆناغە بەدواوە لە لایەنی نەتەوەیش لەیەکدوورکەوتنەوە، هەربۆیە هەندێک جاریش ناکۆکیی نێوچەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، بەڵام شەڕی گەورەی لێنەکەوتووەتەوە و زوو کێشەکانیان چارەسەرکردووە. هەرچەندە کۆمەڵە و خەباتی بە دروستبوونی (حکا) پەیوەندییەکانیان وەک پێشوو نەمایەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت پەیوەندییەکانی ئەم دوو ڕێکخراوە بە پەیوەندییەکی ئاشتیانە دابنرێت، چونکە بە درێژایی (1980_1988) نە خەباتی وەک ڕێکخراوێکی ئیسلامیی لەدژی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی وەستاوەتەوە، نە کۆمەڵەش لەم لایەنەوە دژایەتیی خەباتی کردووە، زۆرجاریش بەتایبەتی لە کاتی هێرشەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەو خەباتی لەگەڵ (حدکا) بە هاوبەشیی شەڕیان لە دژی ڕژێم کردووە، چەندین پێشمەرگەی هەر سێ لاش لەو شەڕانەدا کوژراون .

کۆمەڵە و خەباتی، هەرچەندە شەڕی چەکدارانە لەنێوانیاندا ڕووینەداوە و پەیوەندییەکانیان بە دۆستایەتیی هێشتەوە، بەڵام هیچ کاتێ ئەم دوو هێزە نەگەیشتنە ئەوەی بەرەیەکی هاوبەشی کوردیی لەگەڵ یەکتر دروستبکەنو هێزو توانەکانیان یەکبخەن، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی کۆمەڵە و (حدکا)دا، خەباتی بەشداریی لەم شەڕانەدا نەکرد، زۆرجاریش پێشمەرگەکانیان لە کاتی ئەنجامدانی چالاکیی خۆیاندا کەوتوونەتە ناو بۆسەکانی (حدکا) و کۆمەڵەو لەم ڕووەوە زیانیش بەر ئەم ڕێکخراوە کەوتووە. خەباتی هەڵوێستی خۆشی سەبارەت بە شەڕەکە لە بڵاوکراوەیەکیاندا ڕاگەیاند: «کوڕی کورد، چەکی بۆ کورد کوشتن نەکردووەتە شانی، دایکو باوکی چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نییە، کە بەگژ هاوسەنگەریی خۆیدا بچێت و لە شەڕی دژی گەلەکەیو بەقازانجی دوژمنانی کوردکوژ بەشداریبکات...، بەکوشتدانی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی یەکتری، خودموختاریو دیموکراسیی ناڕەخستێنێت، سۆسیالیزمو دیموکراسیی شۆڕشگێڕی بە قازانجی زەحمەتکێشان بێت، ناهێندەی و ئێمە بەنێوی سازمانێکی بەشدار لەخەباتی خۆیاویی کوردستاندا لە کاتێکدا ئەم شەڕە بە تۆندی مەحکومدەکەین، بێزاریی خۆمان سەبارەت بە کوشتدانی پێشمەرگەی کوردستان بەدەستی یەکتر دەردەبڕین، داوا لە ڕابەرایەتیی هەردوو حزب دەکەین هەلومەرجی تایبەتیی ئەم قۆناغە و خەباتەکەمان لەبەرچاوبگرنو بە هەستی بەرپرسیو سۆزی کوردایەتیو چاوی واقیعبینیو شۆڕشگێڕی لە کوردستان بڕوانن، داوا لە ڕێبەرانی هەردوو لایەنی شەڕەکە دەکەین، کە چی دیکە درێژە بەم کارەسانە ناڕەواو دڵنەزێنە نەدەنو لە زووترین کاتدا شەڕ ڕاگرنو ناکۆکییەکانیان چارەسەربکەن».

ئەمەش هەڵوێستی سازمانی خەباتە بووە وەک سازمانێکی نەتەوایەتیو ئیسلامیی هەرچەندە بەشێک نەبووە لە شەڕەکە لە هەمانکاتدا ڕۆڵی ئاشتی گێڕاوە هەوڵی خۆشی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی (حدکا) و کۆمەڵە خستوەتەگەڕ .

جێگەی باسە، کۆمەڵە لەگەڵ باڵی جیابووەوەی خەباتە بە نێوی (ڕێکخراوەی خەباتی شۆڕشگێڕانی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران)، بە باش و خراپەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نەبووە .

سێیەم_ پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ (مەدرەسەی قورئان_مەکتەبی قورئان) :

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی(مەدرەسەی قورئان)، پەیوەندیی (نەشکیلاتی_کۆمەڵە) لەگەڵ ئەم مەدرەسەیە باش نەبووە، سەرەتای ناکۆکییەکانیشیان بۆ سەرەتای ڕاپەڕینو شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێنەوە،

هـەر چەنـدە کۆمەڵە خەباتی خۆی ئاشـکرا نەکردووە، بەڵام ئەندامانو لایەنگرانی لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ناسرابوون لە لایەن ئەندامـان و لایەنگرانی (مەدرەسـەی قورئـان) بـە مارکسـییەکان ناوبـراون، ئەم

> **حزبی دیموکرات دەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاریی بکات و بەهیچ جۆرێك پێیخۆش نییە هیچ تێکهەڵچونێك لەنێوان حزب و کۆمەڵەدا پێکبێت، ئەگەر کۆمەڵە شەڕ لەگەڵ حزب هەڵگیرسێنێت، ئەوکات حزب ناچارە زۆر بەتوندی بەرەنگاری کۆمەڵە بێتەوە**

مەدرەسـەیەش لـە نێڕوانینێکی ئیسـلامیو مەزهەبیـی خۆیـەوە ڕوانیویەتیە چەپەکان، لەوانەش لایەنگرانو ئەندامانی (ئەشکیلاتـ_ کۆمەڵـە)، زۆرجاریـش ناکۆکیـی لەنێوانیاندا ڕوویـداوە، لەوانـە لەسـەرەتای ڕاپەڕیـنو خۆپیشـاندانەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەکاتـی ئازادکردنـی زیندانییـەکان، خەڵکی شـارەکان بۆ پێشوازی کردنیان کۆبوونەتەوە، بەڵام مەدرەسەی قورئانو لایەنگرانی موفتی زادە دژی پێشوازیکردن بوون لە ئەندامان و لایەنگرانی (ئەشکیلاتـ_کۆمەڵە)، پێیانوابووە ئەوان مارکسـیی و دژە ئیسلامن و پێویستـ بە پێشوازیکردنیان ناکاتـ. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانی ئێران، موفتی زادە پێیوابوو کۆماری ئیسلامیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسـلامیی، خودموختاریی بەکـورد دەداتـ، بـۆ ئەم مەبەسـتە هەوڵیـداوە لـە کۆماری ئیسـلامیی نزیکبێتەوە، کۆمەڵـەش دژی ئەم هەڵوێسـتەی موفتـی زادە بـوو، کۆمەڵـە و موفتـی زادەو مەدرەسـەکەی سـەرەڕای جیاوازیـی بیروڕایان، لەسـەر خودموختاریی بـۆ کوردسـتانیش جیاوازبـوون، موفتـی زادە داوای (خودموختاریـی ئیسـلامیی) کـردووە، کە ئـەم خودموختارییـەش لەگەڵ داواکاریـی کۆمەڵـە وەک حزبێکی مارکسـی یەکینەدەگرتـەوە. ناکۆکییەکانی مەدرەسـەی قورئـانو لایەنگـرانو ئەندامانـی کۆمەڵـە، بـە سـەرکەوتنی شۆڕشـی گەلانـی ئێـران پەرەیسەند، بەتایبەتی کاتێک لە شاری سنەدا هێـزە سیاسـییەکانو لایەنگرانی موفتی زادە بنکـە و بـارەگای خۆیـان دامەزراند، موفتی زادە ئاڕادەیەکیش لەم شـارەدا پێگەی بەهێز بوو، ناوبراو سـەرەڕای مەدرەسەی قورئان، بنکەیەکـی بەنـاوی (ناوەنـدی فەرمانـدەی شۆڕشی ئیسلامیی/ سنادی شۆڕشی ئیسلامیی) دامەزرانـد، هەریەک لە هێزە سیاسـییەکانو لایەنگرانـی موفتـی زادەش لـە هەوڵی خۆ پڕچەککردندا بوونو هێرشـییان کردە سـەر بنکەکانـی ڕێزەمـی شاهەنشـاهیی ڕووخاو، لـەم کاتـەدا ناکۆکیـی لەنێـوان لایەنگرانی کۆمەڵـە لەوانـەش ئەندامانـی (دەفتـەری بەرگـری لە ئـازادیو شـۆڕش)، کـە دواتر بوونە بەشـێک لە پێکهاتەی کۆمەڵە ڕوویداو لایەنگـرانو ئەندامانی (دەفتـەری بەرگری) هێرشـیانکردە سـەر (ناوەنـدی فەرمانـدەی شۆڕشی ئیسلامیی)، ئەم بنکەکەیان چەککرد و بەمەش شـەڕ لەنێوان هەردووڵادا ڕوویداو پاشـان ڕێزێـم دەسـتیوەردایە ناکۆکییەکانـی شـاری سـنە، بەمـەش شـەڕی (نـەورۆزی خۆێناویی سـنە)ی لێکەوتەوە، دوای شـەڕی نـەورۆزی خۆێناویـی سـنە، کانێـک ڕژێمی کۆمـاری ئیسـلامیی، ڕەزامەندیـی دەڕبڕی، کـە لەڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە شـاری سـنە (شـورایەک) پێکبهێنێتـ ئا ئەرکی شارەوانیو ئاسـایشو کاروباری شارەکە بەڕێوبەرێتـ، لە 13ی نیسـانی1979دا هەڵبژاردن بەڕێوە چوو (11) کـەس دەنگیان هێناوە، کـە زۆربەیان لـە چەپەکان و لەوانەش لایەنگرانی کۆمەڵە، بوونەتە ئەندامی سـەرەکیی شوراکە. موفتی زادەو مەدرەسـەی قورئانیـش دژی ئـەم هەڵبژاردنـە بـوون، هەربۆیـە موفتی زادە هەوڵیدا بەڕێگـەی کۆکردنەوەی لایەنگرانی، بە خۆپیشـاندان فشـار بخاتە سەر ڕژێم، کە هەڵبژاردن دووبارەبکاتەوە .

جگـە لـە شـاری سـنە، ناکۆکیـی لەنێـوان مەدرەسـەی قورئانو لایەنگرانی کۆمەڵە، لە شـارەکانی تـر ڕوویداوە لەوانەش لە شـاری مەریوان لـە 14ی تەمووزی1979دا کۆمیتەی ژنان، کۆمیتەی خوێندکاران، کە ڕێکخراوەکانی سـەر بە کۆمەڵە بوونو پاشان بوونە بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵە، شـورای شـار، چریکی فیدایـان، بڕیاریانداوە خۆپیشـاندان لە دژی سیاسـەتەکانی ڕژێـم ئەنجامبـدەنو بۆ ئەم مەبەسـتەش داوایـان لـە کۆمەڵـەو یەکێتیی جووتیـاران کـردووە، کـە پارێزگاریـی لـە خۆپیشـاندەران بکەنو بەشداربن، کۆمەڵەش بـە پشـتیوانیی یەکێتیـی جووتیـاران، کـە

مریەمی ڕەجەوی و مەسعودی ڕەجەوی

هێـزی چەکداریی بـوون، بەشـداریپانکرد، بـەڵام پێـش ئـەوەی خۆپیشـاندەران بگەنە بنکـەی ڕادیۆ و ئەلەفزیۆنی ئەو شـارە، کە مەبەستی خۆپیشـاندەران بووە بۆ دەڕبرینی ناڕەزایەتییەکانیان لە بەرامبەر سیاسـەتەکانی ڕژێمی کۆمـاری ئیسـلامیی، دەگەنە بنکەی (مەدرەسـەی قورئان_مەکتەبـی قورئـان)، بەهـۆی هەڵوێسـتی مەدرەسـەی قورئان لە پشـتگیریکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی، ناڕەزایـی خۆپیشـاندەران لـەم هەڵوێسـتە، ئێکهەڵچـوون لەنێـوان خۆپیشـاندەرانو لایەنگرانـی موفتـی زادە ڕووەدات، لـە ئەنجامـدا بریندار و کـوژراوی لە هەردوولا لێدەکەوێتـەوە، دواجاریـش خۆپیشـاندەران و لایەنگرانـی کۆمەڵـە دەستبەسـەر بنکـەی (مەدرەسـەی قورئـان)دا دەگـرن و بەدەسـتێوەردانی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی ئاڵۆزییەکانـی ئـەو شـارە پەرەدەسـێنێت، ئێکهەڵچونەکانـی مەدرەسـەی قورئـان و کۆمەڵـە زۆرجار گەیشـتووەتە ڕادەیەک، کە کۆمەڵە و لایەنگرانیان لە شـارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بنکەکانی مەدرەسەی قورئانیان سـوتاندووە، زۆرجاریش یەکدییان ئاوانبارکـردووە، کۆمەڵـە لایەنگرانی موفتی زادە و مەدرەسـەی قورئانی بـە ئوندڕەو و کۆنەپەرسـت و هاوکاریـی ڕژێمـی کۆماری ئیسلامیی ئاوانبارکرد و مەدرەسەی قورئانیش کۆمەڵـە و لایەنگرانـی بە مارکسـیی و دژە ئایین ئاوانبارکرد .

لـە ڕاسـتیدا موفتـی زادە لـە سـەرەتای بە دەسەڵاتـ گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بڕوایەکی پتەوی بە دۆزینەوەی چارەسـەری ماموناوەند بۆ ئەو گیروگرفتـ و کێشە سیاسیی و بیروڕایانە هەبوو، کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژێمدا ئووشـیهاتووە، بەڵام پـاش ماوەیەک موفتـی زادە بێئومێد بوو لە ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی لە بەدیهێنانی خواسـتەکانی کورد لـە چوارچێوەی (خودموختاریی ئیسـلامیی)، هەروەهـا ئێکهەڵچوون لەنێوان مەدرەسـەی قورئـانو هێزە چەپەکانی شـاری سـنە، کە زۆرجار ڕووداوی کوشـتنی نێوان هەردوولای لێکەوتووەتـەوە، موفتـی زادە ناچاربـوو لە کۆتایـی 1979دا شـاری سـنە بەجێبهێڵێتـ و ڕووبکاتە کرماشـان، لەم شـارەدا درێژەی بە خەباتی ئیسـلامیی داوە، لـەم کاتە بەدواوە ئێکهەڵچـون لەنێوان (مەدرەسـەی قورئان_ مەکتەبـی قورئـان) و کۆمەڵـە نامێنێـتـ، بەتایبەتـی کاتێک ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی کەوتە دژایەتیکردنی موفتی زادە و پاشانیش زیندانیکرد.

پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ شێخ عیزەدین حوسەینی و کەسایەتییەکانی دیکە:

کۆمەڵـە لەسـەر ئاسـتی کەسـایەتیی، پەیوەندییەکـی بەهێزو دۆسـتایەتیی لەگەڵ شـێخ عیزەدیـن حوسـەینی هەبـوو، ئـەم پەیوەندییـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای ڕاپەڕیـنو خۆپیشـاندانەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانو شۆڕشـی گەلانـی ئێران، شـێخ عیزەدین وەک کەسـایەتییەکی ئاینیی ناسراو، ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

هەبوو، لەگەڵ بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی، شێخ عیزەدین بڕوای بە یەکێتیی و برایەتیی و پێکەوەژیانی ئاشتی سەرجەم گەلانی ئێران هەبووە، ئێرانێک، کە مافە نەتەوەییەکانی هەر گەلێکی نێدا دابینبکرێت بە شێوازێکی دادپەروەرانە بەڕێوەببرێت و خودموختاریی پێ مافێکی ڕەوای گەلی کورد و گەلانی دیکەی نافارسی ئێران بووە، لە لایەکی ترەوە بانگەشەی بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسیی لە ئێران کردووە، کە تێیدا ئایین نەبێتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ، کۆمارێکی دیموکراتیی سیکولاری بۆ ئێرانی داهاتوو ویستووە، نەک دەسەڵاتێکی ئیۆکراتیی .

شێخ عیزەدین دوای ئەوەی لە ئەیلولی 1979دا دەفنەرێکی بەناوی (دەفنەری شێخ عیزەدین حوسەینی) لە مەهاباد کردەوە بە مەبەستی ڕاپەراندنی کاروبارەکان و کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆیو چارەسەرکردنی گیروگرفتە جیاوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاشان لقی ئەم دەفنەرە لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لەوانەش لە شاری بانە کردەوە، شێخ عیزەدین بەم بیروباوەڕە میانڕەوەی خۆی، وێڕای جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیی، کۆمەڵە هەوڵیدا دۆستایەتیی و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بەهێز بکات، شێخ عیزەدینیش، دوای ئەوەی کۆمەڵە وەک هێزێکی چەپ خەباتی خۆی ئاشکرا کرد بووە پاڵپشت و دۆستی ئەم ڕێکخراوە، شێخ عیزەدین هۆکاری ئەم پشتیوانیی و دۆستایەتییەی لەگەڵ کۆمەڵە گەڕاندەوە بۆ هاوبەشی بوونیان لە بەرگریکردن لە دیموکراسییو ئازادیی و گەیشتن بە مافی ڕەوای گەلی کورد، لەبەر ئەوە لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگ بوون، ئارەزووی هاوکارییکردنی هەبووە، ناوبراو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە دەڵێت: «من سەربەخۆیی خۆمم پاراستووە بە ناونیشانی کەسایەتییەکی مەلای پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیر لە نێکۆشانی گەلی کورد ڕۆڵێکی ئایینم هەیە، کۆمەڵەش بەهێزێکی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕی ناوخەباتی گەلی کورد دەناسم، هەروەک حزبە چالاکەکانی دیکەی کوردستان، پشتیوانیی لەویش دەکەم، ئێمە لە کوردستان خەباتێ بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکەین، هەر هێزێک بەشدار و هاوبەش بێت، لای من پەسەندە» .

عەبدوڵڵا موهتەدی، سەبارەت بە پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ شێخ عیزەدین دەڵێت: «پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوان کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەدین و دەفنەری مامۆستا هەرچی وەکیەک پتەو نەبوو، بەڵام سەرجەم دەورێکی چاکی گێڕاوە، لە ڕاستیدا ئەندامانی دەفنەری مامۆستاش کۆمەڵێک نێکۆشەری کۆنو خۆشنێو بوون، کە ئێمە لە دۆستایەتییان پاشگەز نەبووینو نین»، هەر لەبەر ئەم دۆستایەتییەی نێوان شێخ عیزەدینو کۆمەڵە، هەندێک لە کەسە دیارەکانی کۆمەڵە لە دەفنەری شێخ عیزەدین هەڵسوڕاون و کاریانکردووە، (فاتح شێخ الاسلام)، لە دەفنەری شێخ عیزەدین بوە و بەشی زۆری بەیان و بڵاوکراوەکانی دەفنەر لە لایەن ئەوەوە نووسراون، (ئەحمەد ئەسکەندەر)یش لە نزیکەکانی کۆمەڵە بووە و زۆرجاریش بووەتە قسەکەری دەفنەری شێخ عیزەدین، ئەم پەیوەندییانەی نێوان کۆمەڵە و شێخ عیزەدین بە دۆستایەتیی و باشیی ماوەتەوە تا ساڵی 1983، دوای ئەوەی کۆمەڵە لە کۆنایی1983 دا لەگەڵ (یەکێتیی نێکۆشەرانی کۆمۆنیست/سەهەند) یەکیانگرت و (حکا)یان پێکهێنا، شێخ عیزەدین هەر لەسەرەتاوە دژی ئەم نێکەڵبوونی کۆمەڵە بووە، هەربۆیە وێڕای ئەوەی ڕەخنەی ئوندی لە کۆمەڵە گرت، لە کۆنگرەی دامەزراندنی (حکا)ش بەشدارینەکرد، شێخ عیزەدین هەڵەکانی ئەم یەکگرتنەی دەستنیشانکردووە و خستوویەتیە بەردەم کۆمەڵە و خۆشی بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بە کۆمۆنیست نەبووە، هەربۆیە ئەم یەکگرتنەی کۆمەڵەشی پێخوشنەبووە .

شێخ عیزەدین لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی ئوند بووەتەوە، چ لە لایەن هێزە سیاسییەکانی دیکەوە چ لە لایەن پیاوە ئایینیی و کەسایەتییەکانی ئری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێت، لەوانە کەریم دانشار، کە خۆی چەندیین ساڵ لە نزیکەوە لەگەڵ شێخ عیزەدین، کاریکردووە لە دەفنەر ماوەتەوە و شارەزایی لە پەیوەندییەکانی شێخ عیزەدینداا، هەبووە و دەڵێت: «شێخ عیزەدین دەینوانی شەخسیەتی سەربەخۆی سیاسیی خۆی ڕابگرێت و کزبوونی جێگە و پێگەی مامۆستا شێخ عیزەدین لە هەڵێکی میژووییداو لە وڵاتێکی ئایین سالاریدا زەربەیەکی هەرەسامناک بوو، کە لە گەلی کورد درا « .

شێخ عیزەدین بەگشتی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە باش بووە و پشتیوانیی کۆمەڵە بووە، هەمیشە جەختی لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی کردووەتەوە و دژی هەموو تێکهەڵچوونێکی ئایینی بووە، کە لەسەر کێشەی ئیسلام لەتێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبداتو و کۆمەڵەش ڕێزیان لەو کەسایەتییە گرتووە، هەمیشە بەدۆست و پشتیوانیی خۆیان زانیوە، ئەم کەسایەتییە تا لەژیاندا بووە، لە ڕێنوێنی و دۆستایەتییکردنی کۆمەڵە کەمنەرخەمی نەکردووە، سەرنج و

مامۆستا شێخ عیزەدینی حسێنی

ئێرۆانینەکانیشی لە لایەن کۆمەڵەوە بە گرنگ سەیرکراوە و کاریگەریی خۆشیان لەسەر کۆمەڵە هەبووە .

کۆمەڵە پەیوەندی لەگەڵ پیاوە ئایینیو کەسایەتیيە دیارەکانی ئری ڕۆژهەڵاتی کوردستان باش نەبووە، زۆرجاریش پێکادانو ناکۆکیی لەنێوانیاندا ڕوویداوە و لەوانەش کوشتنی مەلا کەریمی شاریکەندی، لە 22ی ئازاری 1982، کە دوای نوێژی بەیانی لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، لە لایەن چەند چەکدارێکی کۆمەڵەوە هێرشیکراوەتە سەری و کوژراوە، کۆمەڵە یەک لە هۆکارەکانی ئەم کوشتنەشیان گەڕاندەوە بۆ هەوڵەکانی شاریکەندی بۆ وتووێژ کردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی .

هەروەها کۆمەڵە پەیوەندیی باش و دۆستایەتیی لەگەڵ هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) و سەڵاح موهتەدی هەبووە، سەڵاح موهتەدی سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵ دەڵێت: «هەرچەندە بێئاگاداریی من (ئەشکیلاتی کۆمەڵە) دامەزرا، هەربۆیە نەچوومەتە ناو ئەم ڕێکخراوە و هیچ کات ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نەبووم، بەڵام هەمیشە یارمەتیم داونو لە قۆناغە جیاوازەکاندا پشتیوانییان بووم» .

پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ حزبی تودەی ئێران:

کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ حزبی تودە نەبووە، لە هەمانکاتدا ڕەخنەی لێگرتووە و بەگرێدراوی سۆڤیەت و ناڕۆشنیی و ناجێگیریی لە سیاسەت و بە ناشۆڕشگێڕیان لە قەڵەم داوە.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە 11ی شوبات 1979، ئەندامانو ڕێبەرانی حزبی تودە لەدەرەوەی ئێران گەڕانەوە بۆ ئێران، سەرلەنوێ چالاکیی سیاسییان دەستپێکردەوە، ئەم حزبە پێیوابوو لەبەردەم هەلێکی مێژوویدایە بەئامانجی بەدیهێنانی دروشمەکانی و بەرجەستەکردنی ئەو هەلە لەپێناو پنەوکردنی پێگەیان لەگۆڕەپانی سیاسیی، داوای خەباتیان کردووە دژ بە داگیرکەر و سەرمایەداریی، لەهەمانکاتیشدا لەم لایەنەوە نەیاننوانی هەڵوێستێکی دژانە لە بەرامبەر ڕابەری شۆڕشو کۆماری ئیسلامیی بگرنەبەر، هەربۆیە حزبی تودە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی، کەوتە پشتگیریکردنی بێمەرجی باڵی ڕادیکاڵیی

و مەزهەبیی و بەسنتنی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ سۆڤیەت و هەوڵدان بۆ پیشاندانی ڕووی شۆڕش وەک شۆڕشێک دژی ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداریی، هەروەها ئوانی ناڕادەیەکیش بە شێوەیەکی کاتیی شۆینی خۆی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بکاتەوە و وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفادار و یاسایی لە پێشەوەی خەتی (ئیمام)دا خۆی بنوێنێت و لە هەوڵی ئەوەدابوو لە سایەی ئێزی (ڕێگەی ناسەرمایەداری گەشەکردن) بەپشتبەستن بە ئاکنیکی کۆکردنەوەی ئەواوی هێزە دیموکراتو پێشکەوتووخوازەکان لە پشتی ئیمام خومەینییەوە لەبەر ئیشکی بەرژەوەندیی بلۆکی سۆسیالیستیو بەرزکردنەوەی دروشمی (چەسپاندنو قوڵکردنەوەو فراوانکردنی شۆڕش) پایەی سیاسیو پێگەی کۆمەڵایەتیی لەدەستدراوی چەند ساڵەیان قەرەبووبکەنەوە. هەربۆیە حزبی ئودە، پشتیوانیی لە حکومەتی خومەینی کردو بووە بڵندگۆی خومەینیو وشەی ئیمامی زیاتر بۆ زەقکردەوە بەمەبەستی ئەوەی سەرنجی خومەینی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لەم ڕێگەشەوە درێژە بەخەباتی سیاسیی بدات، حزبی ئودە پێیوابوو، خومەینی بەئوندی دژی داگیرکەر و بەنایبەتی ئەمریکایە، لەڕێگای دژایەتیکردنی ئەمریکاوە ئابووریی ئێران بەرەو ڕێگای گەشەکردنی ناسەرمایەداریی دەبات، پێیوابوو خومەینی لەدواجاردا هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێت جگە لەوەی بکەوێتە نێو کەناڵی وڵاتە سۆسیالیستەکانەوە، ئەنانەت ئەگەر ناوی ئیسلامییشی هەڵگرتبێت .

شایەنی باسە، سیاسەتی حزبی ئودە بووەهۆی ئەوەی کۆمەڵە بە درێژایی ساڵی (1979_1988) هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵیدا نەبێت و لە هەمانکاتیشدا هەردوولایان ڕەخنەیان لەیەکتر گرتووە، گرنگە، کە ئەم ڕێکخراوە بەهەڵگری ئاڵای کۆمۆنیزم (دیارە کۆمۆنیزمی ئەمریکایی) هەوڵیداوە یەکێک لە پایە گرنگەکانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەدژی ئێران ...بەجێبگەیەنێت، بەم مانایە، کە لە هەر ڕێگەیەکەوە دەلوێت، ئاگری کێشە و ناکۆکیی نێوان هێزەکانو لایەنگرانی ئیمام خومەینیو هێزە شۆڕشگێڕەکانی لایەنگری ڕاستەقینەی سۆسیالیزمی عیلمیو نێکۆشەر، ڕەسەنەکانی خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئێران هەڵگیرسێنێت، کۆمەڵە بەدرۆ بە حسابێکی دیاری لە (کۆمۆنیزم) دەدوێت و لە ئەنیشت بەخنیار و ئەمریکا و ئیسرائیلەوە لەدژی شۆڕشو ئێران شەڕدەکات بۆ ئەوەی موسڵمانانی نێکۆشەری دژە ئیمپریالیزم لە ئاست کۆمۆنیزمی ڕاستەقینەی ڕەسەن بەدبیین بکەن». حیزبی ئودە جگە لەم هەڵوێستەی، بێ ئەوەی ڕێزێک لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکان بگرێت، کە داوای خودموختارییان بۆ کوردستان دەکرد، لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتْ ئەوان لەبەرامبەر ئەو مافەدا (چەمکی خودگەردانی)یان زەقکردەوە و لە هەوڵی ئەوەشدابوون دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد هەڵوەشێننەوە و ناکۆکیی و ململانێ بخەنە نێو ڕیزی هێزە سیاسییەکان و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی بەنایبەت کۆمەڵە و (حدکا) ، هەروها حزبی ئودە هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ ئا (حدکا)، بەنەنها لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی گفنوگۆ بکات، (حدکا)ش لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بکشێنێتەوە و شکست بە دەستەکەش بهێنێت، لە هەمانکاتدا حزبی ئودە، کۆمەڵەی وەک هێزە سیاسییەکانی تر بە هاوکاریو پەیوندیی بە ڕژێمی بەعس ئاوانبارکرد، ئەمە لەکاتێکدا بووە، کە کۆمەڵە

حیزبی دیموکراتی کوردستان

کۆمەڵە ڕەخنەی لە حزبی ئودە گرت بەوەی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نزیکبووەنەوە، بە پاشکۆی ئەو ڕژێمەی داناوە، پێشیانوابوو ئەم سیاسەتەی حزبی ئودە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی وابەستەیی بە سۆڤیەتەوە، چونکە سۆڤیەت دژی ئەمریکا بووە و حزبی ئودە، پێیوابوو سیاسەتی دژە ئەمریکایی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت، هەربۆیە کەوتوونەتە پشتیوانیکردنی ئەم ڕژێمە، حزبی (ئودە)ش وەک دوژمن دەیڕوانییە کۆمەڵە، چونکە سیاسەتەکانی کۆمەڵە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی یەکیاننەدەگرتەوە و دژی یەکتر بوون، حزبی ئودە بەهۆی سیاسەتی پشتیوانیکردنی لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی، دژی هەر هێزێک بوون، کە لەبەرامبەر ئەم ڕژێمە بوەستێتەوە و دژایەتی بکات .

حزبی ئودە، کۆمەڵەی بە سیخوڕی (C. I. A) و پشتیوانیکردن لە ئەمریکا ناوانبارکرد و پێیوابوو ئەمریکا کۆمەڵەی دروستکردووە بۆ دژایەتیکردنی سۆڤیەتو پشتیوانیی لێدەکات، کۆمەڵەو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدژە شۆڕش ناودەبردو داواشی لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی کرد ئەم دژە شۆڕشانە لەناوببەرێت، لە یەکێک لە بڵاوکراوکانیدا هاتووە: «سەرنجدان بە نەخشی کاولکاریی کۆمەڵە لەم لایەشەوە

ئەوکاتی نـوده ئاوانبـاری کردووه، هێشـتا پەیوەندیـی لەگەڵ بەعس نەبووە، (نورەدین کیانوری) سـکرتێری حزبی نـوده، کۆمەڵە و (حدکا)ی بە ئیرۆرسـت ناوبردووە و دەڵێت: «حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئاقمـی کۆمەڵـە ...لـە دەرەوەی مەرزەکانـی وڵاتـ لەژێر سـایەی دەوڵەتـی عێراق داو لە خاکی ئەو وڵاتەدا شـۆڕشیان بۆ کراوەتەوە و لەوێوە بە ئۆپراسـیۆنی ئێکدەرانـە و هێندێک کاری ئیرۆرستی هەڵدەسن». حزبی ئوده بەهەموو شـێوەیەک دژی هەر هێزێکی سیاسـیی بوو، چ چەپەکان یان ڕاستڕەوەکان بێت، کە لەدژی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی و چەک هەڵگرێت و ئەوانیش لەبەرامبەردا هاوکاری پشتیوانیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامیی لە بەرامبەر هەر هێرشێکی چەکداریی دەردەبڕی .

پەیوەنـدی کۆمەڵە لەگەڵ ڕێکخراوی چریکی فیدایانی خەڵکی ئێران:

کۆمەڵـە هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییەوە (چریکـی فیدایانی خەڵک)ی بە ڕێکخراوێکی شۆڕشـگێڕو ئێکۆشـەر داناوەو لەهەمانکاتدا ڕەخنـەی لێگرتووە، پێوابوو چریکی فیدایان، زیاتـر بایـەخ بـە کاری حزبـیو سیاسـییو ڕێکخسـتن نـادات، هەروەهـا ڕێکخراوێکی چەکداریـی بـووە، بایەخی بە (پۆپۆلیسـتی/ خەڵکگـەرای) نـەداوە، هەربۆیە کۆمەڵە بەر لە ئاشـکرابوونی هێزێکی چەکـدار نەبووە، بەڵکـو ڕێکخراوێکـی پۆپۆلیسـتی بووە، لەم لایەنەشـەوە ڕەخنـەی لـە چریـک گرتووە، کۆمەڵەو چریک پێش شۆڕشـی گەلانی ئێران پەیوەندیـی لـە نێوانیانـدا هەبـووە، بەڵام ئـەم پەیوەندییانـە بەشـێوەیەکی نافەرمـی بووەو بەگشـتی پەیوەندییەکانی هەردووڵاش بـاش بـووە. چریـک یەکەمینـی ڕێکخراو سەرانسـەرییەکان بـوو، کـە ژمارەیـەک لە ئەندامەکانی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان کرد (شاخەی کوردسـتان)یان بەسەرپەرشتیی (محەمـەد ئەمیـن شـێرخان)، ناوێکـەوە دامەزرانـد، ئـەم ڕێکخراوە لە کوردسـتاندا لەپـاڵ هێـزە سیاسـییەکانی کوردسـتان لـە هێرشـی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسـلامیی بـۆ دەستبەسـەراگرتنی ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان شـەڕیان لـەدژی ڕژێـم کردووە و ڕۆڵـی چالاکانەیـان لەشـەڕەکاندا بینیوە، کۆمەڵەش پەیوەندییەکانی لەگەڵیان باش بووە و پێکەوەش لە ڕووداوەکانی شەڕی نەورۆزی خوێناویـی سـنە بەشـداربوون، (بەهـرۆز سلێمانی)، بەڕپرسـی ڕێکخستنەکانی چریک بووە لە شـاری سنەو لەگەڵ سدیق کەمانگەر کەسـایەتیی دیـاری کۆمەڵـە بە هاوبەشـیی هـەردوولا (شـورای کانـی شـۆڕش)یان، دامەزرانـد، پێکەوەش ڕووبەڕووی هێرشـی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی بوونەوە و لەدژی ئـەم ڕژێمە شـەڕیانکرد. چریک سـەرەڕای بەشـداریان لەگـەڵ هیـزە سیاسـییەکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دژی ڕژێـم، وەک ئەندامی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردیش بەشـداریان کـرد و لەگـەڵ کۆمەڵە و شـێخ عیزەدین حوسـەین گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەیان هەبـووە، سـەبارەت بەچۆنیەتی دانوسـتان لەگـەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسـلامیی بڕیاریاندا لەکاتـی دانوسـتانەکانیان لەگـەڵ نوێنەرانی ڕژێـم لەگـەڵ کۆمەڵـە و شـێخ عیزەدین و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هاوهەڵوێست و یەکدەنـگ بـن، جەختیشـیان لەسـەر داخوازییەکانـی گەلی کورد لـە چوارچێوەی بەدیهێنانی خودموختاریی کوردستان کردەوە، لەم ڕووەشەوە پشـتیوانیان لە خەباتی گەلی کورد کرد، چریک بەئاشکرا هاوهەڵوێستیی و پشـتیوانیی خۆیـان لە جووڵانـەوەی میللیو دیموکراتیـی گەلـی کـورد دەربـڕی و ئاکە ڕێگەش بۆ چارەسەری ئاشتیانە و پرسی کورد لـە ئێران، بـە گوێگرتن بـۆ داخوازییەکانیان داناوە .

چریـک دژی سیاسـەتی چەکدارانـە و ئێکهەڵچوونـی ڕژێمی کۆماری ئیسـلامییە لە بەرامبـەر کورد و گەلانی ئری ئێران بوون و

> **هەر چەندە لەسەرەتاوە کۆمەڵە ڕەخنەی لەو گروپو کەسو لایەنانە گرتووە، کە چەك لە ڕژێمی بەعس وەردەگرن بە وابەستەی ڕژێمی بەعس ناویبردوون، بەڵام کۆمەڵە ڕەخنەی لەم کارەی سەید جەلالو ڕێکخراوەکەی نەگرت**

ڕایانگەیاند: «لـەم هەلومەرجەدا هەر جۆرە ئێکهەڵچوونی چەکدارانە و گرنتەبەری ڕێگای چەکداریـی بـە زیانی خەڵکی ئێـران کۆنایی دێت، ئەنیا بەقازانجی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی

هەلپەرسـتانی ناوخۆیـە»، جەختیان لەسـەر چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد بە ئاشـتیانە کـردەوە، لـە یەکێـک لـە بڵاوکراوەکانیاندا هاتووە: «ڕێکخراوی چریکی فیدایانی خەڵکی ئێران لەگەڵ ڕێکەوتنی ئاشتیانەیەو پشتیوانیی

> **کۆمەڵە لەپاڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بڕیاریاندا لەم هەڵبژاردنەدا بەشداریبکەن و دەنگ بە ڕەجەوی بدەن، چونکە ناوبراو بەشێوەیەکی زارەکیی بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو داواکاریی کورد لە چوارچێوەی خودموختاریی، جێبەجێدەکات**

لە کوردسـتان دەکاتو هەر هەوڵێکیش لەم لایەنـەوە بدرێـت بـۆ کۆتاییهێنـان بەشـەڕ بێـت و لە بەرژەوەندیی گەلـی کورد بێت، درێغیـی ناکەنو ئـەوان خوازیاری ڕێکەوتنی دادپەروەرانـەی ئاشـتیانەن بـۆ کوردسـتان لەپێناو خەباتکردن لە دژی ئیمپریالیزم».

سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە و چریک پەیوەندیی دۆسـتانەیان لەگـەڵ یەکدی هەبـوو، بەڵام لەسـەرەتای هەشـتاکان گۆڕانکاریی بەسـەر پەیوەندییەکانیـان هـاتـ، چریـک ڕەخنـەی توندیـان لـە کۆمەڵـە گـرتـ سـەبارەتـ بە چەککردنـی سـوپای ڕزگاریـیو پێیانوابـوو کۆمەڵـە یـەک لایەنە بەو کارە هەسـتاوە و هیـچ پـرس و ڕاوێژێکی بـەوان نەکردووە، کۆمەڵەیـان، ناوانبارکـرد بـەوەی، کـە بـە نیـازە بە نهێنیی لەگەڵ پاشـماوەی سـوپای ڕزگاریی ڕێکبکەون و لە کاتێکدا ئەو سـوپایە بـە کرێگیـراوی بەعسـن و چـۆن دەبێـتـ کۆمەڵـە لەگەڵیان ڕێکبکەوێتـ، بەڵام کۆمەڵە ڕەنیکردەوە کەوا هیچ پەیوەندییەکی نهێنییان لەگـەڵ سـوپای ڕزگاری هەبێتـ، ئەگەر هەر هەوڵێکیـش هەبوو بێتـ بۆ دانیشـتن لەگەڵ سوپای ڕزگاریی، بە ئاشکرا بووە .

دوای ئـەوەی چریـک لـە سـاڵی 1980 ڕووبـەڕووی کێشـەی نێوخۆیـی بوونـەوە، بـوون بـەدوو بەشـەوە، بەشـێکیان بەناوی (ئەکسـەرییەتـ) لەگەڵ حزبی ئودە دایانەپاڵ کۆماری ئیسـلامیی، بەشێکی دیکەیان بەناوی (ئەقەلییـەتـ) لـە بـەرەی شـۆڕش مانەوە، ئـەم جودابوونەوەیە یەکێـک بوو لەو چەند جودابوونەوانـەی، کـە بەدرێژایـی مێژووی ئـەم ڕێکخـراوە بەخۆیەوە بینیـوە. یەکێک لە هۆکارەکانی جیابوونەوەی چریک لەسـەر مەسـەلەی کوردستان و شۆڕشـەکەی بووە، (ئەقەلییەتـ) سـوور بوو لەسـەر مانەوەی لە کوردسـتانو درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی کۆمـاری ئیسـلامیی، بەڵام (ئەکسـەرییەتـ) دژی ئەم بۆچوونە بوون، هەربۆیە لە شەڕی ناوچەکانی کوردسـتانو بەئایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (حدکا) و کۆمەڵە دووڕکەونەوە، بـەڵام (ئەقەلییـەتـ) لـە کوردسـتان مانەوە و درێژەیـان بـە خەباتی خۆیـان داوە، بەو پێیەش هەڵوێسـتێکی ڕادیکاڵیان لە بەرامبەر ڕژێمـی کۆماری ئیسـلامیی هەبوو، هەربۆیە پەیوەندییەکانیشـی لەگـەڵ کۆمەڵـە بـە شێوەیەکی دۆستانە مایەوە .

چریکی فیدایان ئەقەلییەتـ، لە ماوەی ساڵانی 1984_1985 لە شەڕی نێوان (حدکا) و کۆمەڵە هەوڵیانـدا ڕۆڵی ناوبژیوانـی ببینن و کۆتایی بەو شـەڕە بهێنن، ڕێکخراوەکە لە نامەیەکی ڕەخنـە ئامێزدا، کـە بۆ (حـدکا)ی ناردووە لە هێرشـی پێشـمەرگەی (حدکا) و ڕێگرتن لە چەکدارانـی ڕێکخراوەکەیـان لە ناوچەی بانە، ناڕەزایی خۆی دەڕبڕیووە، لە بەشـێکی ئـری نامەکەیانـدا هاتـووە: «ڕایدەگەیەنین، کـە دەفنـەری حزبی دیموکراتی کوردسـتان دەبێـتـ لە هەر چەشـنە ئاکارێکی دوژمنانە و کارەسـاتـ خوڵقێـن لـەدژی پێشـمەرگە شۆڕشـگێڕەکانی گەلی کورد دەسنهەڵگرێتـ، لـەوە زیاتـر مەنئیقی سیاسـیی نەنێنە لاوە و هەڕەشەی ئێکهەڵچوونی خوێناویی چەکداری لە هێزە شۆڕشـگێڕەکان نەکاتـ». هەرچەندە ئەقەلییـەتـ هەوڵیـدا ڕۆڵـی ناوبژیوانـی لە شـەڕی نێـوان (حدکا) و کۆمەڵـەدا ببینێتـو کۆتایـی بەشـەڕ بهێنێـتـ، بـەڵام کۆمەڵـە لەبـری ئەوەی پێشـوازیی لەم هەڵوێسـتەی ئەقەلییەتـ بکاتـ، ڕەخنـەی توندی لێگرتـو تاوانباریشـی کرد، بەوەی کەوا پشتگیریی لە (حدکا) کردووە، لە بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەدا هاتووە: «لە شـەڕێکدا، کە هەر درێژەی ئەو سیاسـەتـ و کرداڕە دژە دیموکراتییەی حزبی دیموکراتـە، لە مافـی دیموکراتیکی خەڵکی زەحمەتکێشـی دانیشـتوانی کوردسـتان و خودی ئەم سازمانی (ئەقەلییەتـ)ە پارێزگاری دەکەیـن، بێدەنـگ مانـەوەی (ئەقەلییەتـ) تا ئێسـتاو ئەو سـکاڵایە، کە ئەمڕۆ دەیکاتـ نیشـاندەری ئـەو پاشـکەوتنوویی و بەرچـاو

ئەسکییە سیاسییەیە، کە بەشێکی _بەرین لە چەپی ئێران، کە بانگەشەی کۆمۆنیزم دەکەن، پێی گیرۆدەن». لە بەشـێکی ئری ڕەخنەکانی کۆمەڵـە لـە ئەقەلییـەتْ، پێیوابـوو هـۆی بێدەنگبوونی ئەقەلییەتْ، لە شـەڕی کۆمەڵە و (حدکا) بەئایبەئی لە (کارەسانی هەورامان) و شـەڕەکانی دیکە، بۆ مەبەسـئی سیاسـیی خۆیان بووە و هەوڵـدان بووە بۆ پارێزگاری و بەدەسئهێنانی دەسکەوئی ئایبەتْ، هەربۆیە ئەوکاتەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە لایەن (حدکا)وە کەوئە مەترسییەوە، ئەوکاتْ کەوئنە هەڵوێسئوەرگرئن و ناڕەزایی دەربڕین .

کانێک کۆمەڵە لەگەڵ (یەکێنیی ئێکۆشـەرانی کۆمۆنیستْسەهەند) یەکیانگرتْ و (حکا)یان پێکهێنا، ئەقەلییەتْ دژی ئەم یەکگرئنە بووە، بەمەش جیاوازیی‌و ناکۆکیی ئاشـکرا لەنێوان هەردوولا هەبـووە، هەربۆیە لەڕووی بیر و ئیۆرییەوە لە یەک دوورکەوئنەوە .

لەڕاسـئیدا پەیوەندییەکانی کۆمەڵە و چریک لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا جیـاواز بـووە و لـە سـەردەمی شۆڕشـی گەلانـی ئێرانـدا بەشـێوەیەکی گشئی باشـبووە، بە هاوبەشی بەشـدارییان لـە ڕووداوەکانـی کوردسـئاندا کـردووە، پـاش جیابوونەوە لەنـاو چریک، کۆمەڵە بەشێوەیەکی گشـئی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەقەلییەتْ باشـبووە، بەڵام لە سـاڵی 1983وە بەهـۆی گوڕانکارییـە نێوخۆییەکانی کۆمەڵـە و جیاوازیی نێوانیـان، هەردوولا لە یەکنر دوورکەوئنەوە، بەڵام شەڕی چەکدارانە لەنێوانیاندا ڕووینەداوە .

پەیوەندیـی کۆمەڵـە لەگـەڵ موجاهیدینـی خەلق:

بەر لە شۆڕشـی گەلانی ئێـران، موجاهیدین وەک ڕێکخراوێکی مارکسـی ئیسلامیی بووە، کۆمەڵـە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵدا نەبووە، دوای سـەرکەوئنی شۆڕشـی گەلانـی ئێران بەهـۆی ئـەوەی موجاهیدین پشـئیوانیی لە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران کـرد، پەیوەندیی لـە نێوانیاندا نەبووەو لـە یەک دوور بوون، بـەڵام لـە پاییـزی 1980دا کانێـک کۆماری ئیسـلامیی بڕیاریدا سـەرۆک کۆمار بۆ وڵاتْ هەڵبژێرێتْ، ڕەجەوی سـەرۆکی موجاهیدین یەک لەو کاندیدانە بوو بۆ سـەرۆک کۆماری دیاریکرابوو، کۆمەڵە لەپاڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردسئان بڕیاریاندا لەم هەڵبژاردنەدا بەشـداریبکەن و دەنگ بە ڕەجەوی بدەن، چونکە ناوبراو بەشـێوەیەکی زارەکیی بەڵێنی بە خەڵکی کوردسئان دابوو داواکاریی کورد لە چوارچێـوەی خودموخئاریی، جێبەجێدەکاتْ، بـەڵام بەدوورخسـئنەوەی ڕەجـەوی لـە هەڵبـژاردن، ئـەم هەوڵەیان سـەرینەگرتْ، کانێکیـش (ئەنجومەنی نیشـئیمانی بەرگری/ شـورای میللـی مقاومەتْ) لە سـاڵی1981دا دامـەزرا، کۆمەڵـە لـەم ئەنجومەنـەدا بەشـداریینەکرد، یـەک لـە هۆکارەکانـی نەچوونیشـی بۆناو ئـەم ئەنجومەنە، بەهۆی ئەندامیەئیـی موجاهیدیـن بـوو، کە هێزی سـەرەکیی و بنیادنـەری ئەنجومەنەکە بوو، کۆمەڵـە پێیوابـوو موجاهیدیـن هێزێکـی دیموکراتیـک نییە و سـەبارەتْ بە مافەکانی گەلی کوردیش هەڵوێستْ و بەرنامەی ڕوونی نییـە، لە هەمانکاتـدا پێیوابـوو موجاهیدین وەک ڕێکخراوێکـی ئاینیی دەورێکی ئەوتۆی لە ئێراندا نەماوە، کۆمەڵە هەر لەسـەرەتاوە دژی ئەو ئەنجومەنە بوو، بەڵام لە ساڵەکانی دواتردا هەوڵێک لەنێوان کۆمەڵە و موجاهیدین بۆ لێکنزیکبوونەوە دراوە، بۆ ئەم مەبەسـئە کۆمەڵە (د.جەعفەر شـەفیعی)، نارەد پاریس بۆ گفتوگۆکـردن لەگەڵ ڕەجەوی، بەڵام ئەم هەوڵە نەبووەهۆی دروسـئبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوو ڕێکخراوەکە .

شـایەنی باسـە، کۆمەڵە بە یەکگرئنی لەگەڵ (یەکێنیی ئێکۆشەرانی کۆمۆنیستْسەهەند)و پێکهێنانـی (حکا) لە مەسـەلەی نەئەوایەئیی دوورکەوئەوە و خەباتی سیاسەئی چینایەئیی سەرئاسـەریی گرئەبـەر سـەرەڕای ئـەوەی نەئوانی ببێئە حزبیکی سەرئاسـەریی خاوەن پێگەی بەهێـز، لە هەمانکاتْدا لە کۆکردنەوە و ڕزگارکردنـی چەپی ئێـران لەو قەیرانانەی کـە ئێیکەوئبـوو، سـەرنەکەوتْ و زۆرێـک لـە چەپـەکان و هێـزە بەرهەڵسـئکارەکانی وەک (حزبـی ئـودە، موجاهیدیـن خەلقـی ئێـران، چریکـی فیدایانـی خەڵکـی ئێران) لێیدوورکەوئنەوە .

سـەرچاوە: کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران-کۆمەڵە (سازکا) (1969_1988)

شەیما سەعید حەمەلاو

دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە/2017

بەرەو مەریوان



قادر عەبدوڵڵا
وەرگێڕانی: سەلاحەدین بایەزیدی

ئەم بابەتە لە کتێبی (کوردەکان دەڵێن چی؟) نووسەری فارس قادر عەبدوڵڵا وەرگیراوە و گرینگی لەوەدایە ئەم کتێبە باس لە سەردەمی دوای شۆڕشی ئیسلامی دەکات لە ساڵی 1979، کە نووسەر ئەو کاتە وەک ڕۆژنامەنووسێک هاتووەتە کوردستان و ڕۆژانە هەموو ئەو بەسەرهات و ڕووداوو چاوپێکەوتنانە یاداشت دەکات و پاش گەڕانەوەی لە دوو توێی لاپەڕەی ئەم کتێبەدا بەچاپی دەگەیەنێت. بۆ زیاتر بە ئاگا بوونی خوێنەران بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرینگ بوونی بابەتەکە، لێرەدا بەشیکی بڵاودەکەینەوە

بۆم دەرکەوت باشترین ڕێگە بۆ ناسینی کوردستان ئەوەیە بڕۆم و ئەوێ لە نزیکەوە ببینم، بۆیە جانئاکەم دەست دایە و کەوتمە ڕێ، سەرەتا نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، دوای ڕووداوەکان کەوتم، ڕەنگە ئەمە ڕێگەیەکی باش نەبێتێ بۆ ناسینی کوردستان، بەڵام لەمە زیاتر هیچم لە دەست نەدەهات. (1979) لە مەریوان کوشت و بڕ بووە، ڕادیۆ دەڵێت مەریوانییەکان سیانزە پاسداریان کوشتووە، دەڵێت پاسدارەکانی ئێمە خۆشاوی شەهادەتیان نۆشیوە، دەڵێت دەچنە بە هەشت و گومانی ئێدا نییە لە قەراغ حەوزی کەوسەر لێو نەڕ دەکەن، ئەمنیش دەچمە مەریوان، دیارە لەوێ هەندێک شت ڕوو دەدا.

ئەمڕۆ گەیشتمە پارێزگای سنە، حەپەساو و دەستەوەستانم، چاوەڕوانی شتێکی نائاساییم کە چاوم بە هیچ ناکەوێت، پەنا بۆ خەیاڵ دەبەم:

کانێک دەچینە نێو شاری سنە و ڕوو دەکەینە قاوەخانەیەک، کە چاوت بە قەڵافەتی ژن و پیاوی کورد دەکەوێت، بە خۆت دەڵێتی گەلی کورد، سەربەستی، ئازادی، یان هەرچی بیەوێت، بە دەستی دێنێت.

هەڵبەت دیارە قسەیەکی زلم کردووە، چونکە خۆ بە چوونە نێو قاوەخانەیەک و بینینی هەندێک کەس بە جلی کوردییەوە ناتوانی یەکسەر فەتوا بدەیت و خێرا بەو ئاکامە بگەیت کە چییان پێ خۆش بێت بە دەستی دێنن، کاتێک زیاتر دەچینە پێش و بەرە بەرە ئاشنا دەبیت بە مێژووی خەبانی گەلی کورد، بۆت دەردەکەوێت چەندە دوور بوویت و دوانر پەی بە هەڵەکەت دەبەیت. کانژمێر دووی پاش نیوەڕۆیە، ڕادیۆ هەواڵەکان دەخوێنێنەوە، کوردەکان پۆل پۆل لە دەوری ڕادیۆ کۆبوونەتەوە:

«لە مەریوان دۆخەکە ئاڵۆزە».

ئێر چاوەڕێ نابم. خۆم دەگەیەنمە گەراج، بە پاسێک بەرەو مەریوان دەکەومە ڕێ کە ئامادەی ڕۆیشتنە و لە موسافیر جمەی دێت و گەرمای ناوی دەنێپشێنێت.

لەسەر نەخشە، مەریوان و سنە مەودایەکی ئەونۆیان نییە، پێت وایە هەرە زێدە سەعات و نیوێک دەخایەنێت، بەڵام کانێک سواری پاس دەبیت و دەکەوینە ڕێ و دونیایەک پێچ و دۆڵ و سەراوژێر و دەستەو هەوراز و ئەپوتۆز ئێدەپەڕێنیت، دەبینیت پێنج کانژمێرە لە ڕێ دایت و هێشتا نەگەیشتووینە مەریوان. لە نزیک شار، پاسەکە بەڵایەکی بەسەر دێت و دەوەستێت، ڕێبوارە گەرمابردووەکان لە پاسەکە دێنە دەر و بە ناچاری، لە ژێر ئەو ئاوەدا بڵاو دەبنەوە، نۆز سەر و پۆنەڵاکی هەموویانی داپۆشیوە. لەگەڵ یەک دوو موسافیری دیکە دەست لە بارهەڵگرێکی بچووک هەڵدێنین و بەرەو شار دەڕۆین. شۆفیرەکە کوردە و لەگەڵ ئەوانی تر بە کوردی قسە دەکات، لە قسەکانیان ناگەم، بەڵام دەبێت شەڕوپێکدادان کۆنایی هاتبێت. لە پرێکدا، شۆفێرەکە کە ئێدەگات من غەریبم و سەرودەر لە قسەکانیان دەرناکەم، بە فارسییەکی دەست و پێ شکاو دەڵێت:

«ئێدەگەی؟ شەڕی نێوان جووتیار و خومەینییە».

«کۆمینە و ئاغاکان دەیانەوێت بمانکووژن».

ئەوجا بە دەنگێکی بەرزتر ئێژێ:

«ئێمە خومەینیمان ناوێت، سەربەستیمان دەوێت».

بارهەڵگرەکە خێرا لە شار نزیک دەبێنەوە. کە بە نێو شاردا پیاسە دەکەی، زوو بۆت دەردەکەوێت هەندێک شت لە گۆڕێیە. لاوان بە چەکی سەر شانیان، بە خەنجەر و نارنجۆک و فیشەکی نێو قەدیان دێن و دەچن و پاسەوانی دەکەن، بەڵام جگە لەم پیاوە چەکدارانە کە لە سۆنگەی غەریبەوە نائاسایین، هەموو شتەکانی تر ئاسایی و ئارامن. ژنان بە جلی خۆماڵییەوە لە نێو شار دەبینرێن، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی سەر شەقامەکان پەنجەکانی قامک ئێناپەڕێنێت، زۆربەیان بارهەڵگری بچووکن و خەڵک لە گوندەوە دێنن بۆ شار. ڕیزێک منداڵ لە بەردەم دوکانێکی گچکە دانیشتوون و هەر کامە و کارتۆنێکیان بە دەستەوەیە، پیاوێک لە پشت ئامێرێکی کارەبایی دانیشتووە

و پەشمەک دروست دەکات. منداڵەکان هەموویان لە بێکارییان پەشمەک دەفرۆشن، منداڵێکی پەشمەک فرۆش خەریکە ڕاگەیەندراوی ڕووداوەکانی مەریوان بۆ خاوەن دووکانەکە دەخوێنێنەوە. منداڵەکان پەشمەکێک بە قڕانێک دەکڕن و دوو دانە بە پێنج قڕان دەفرۆشن، بەڵام پێش ئەوەی هەموویان بفرۆشن، هەندێکیان دەپڕووکێن، یان لەبەر ئاوێ دەنوێنەوە.

پێرەمێردەکان لە بن دیوارەکان ڕاوەستاون، غەریبێک لە نێو شاردا زۆر زوو دەناسرێنەوە. هەر بۆیە چەند چەکدارێک ئابلۆقەم دەدەن: «هەواڵنێری؟»

هەموویان گەنجن، وێدەچێت قونابی دواناوەندی بن، هەڵسوکەوتیان دۆستانەیە.

-نا، هەواڵنێر نیم، موسافیرم، بۆ خۆم دەنووسم.

-با بڕۆینە بنکە، گەنجە ئێگەیشتووەکان هەموویان لەوێن، یارمەتیت دەدەن.

نازانم بنکە کوێیە و چییە، بەڵام ئێدەگەم بنکە هەمان شورای هەرێمی و جەماوەریی شاری مەریوانە، هەر ئەو شورایەی خەڵکی شار لە سەر چاویانی دادەنێن، بەڵام دەوڵەتیان قبوڵ نییە. بنکە، ناوەندی چالاکی و فەرماندەیی شاری مەریوانە. بەرەو بنکە هەنگاو دەنێین، ژن و منداڵ لە بەر دەرکە و پەنجەرەکان دانیشتوون و دەڵێنی هەموان چاوەڕوانی کەسێکن کە ڕاستییەکانی ڕووداوەکانی مەریوانی بۆ باس بکەن و ئەویش ئەم ڕاستییانە بە گوێی ئەوانی تر بگەیەنێت.

-کاکە ڕادیۆ درۆ دەکات.

-دەزانم.

-کاکە ئێمە هەموومان یەکین، ئێمە بەس دەڵێنین با خۆمان شارەکەی خۆمان بەڕێوە بەرین، پاسداری بێگانە مەنێرن، بەڵام گوێ نادەنێ، دەیانەوێت هەر چۆنێک بووە شەڕ بەرپا بێت. دەیانەوێت بیانوویەک بدۆزنەوە، هەڵبکوتنە نێو شار، هەنجن هەنجمان بکەن و چەکەکانمان لێ زەوت بکەن.

-بەڵێ، ئێدەگەم.

دەگەینە بنکە، شوێنێکە لە بینای قوناباخانەیەک دەچێت، لە وانەشە پێشتر هۆڵی فریاگوزاری بووبێت، حەوشەکە پڕە لە پیاوانی چەکدار، هەموویان حازر و ئامادەن. ئەو گەنجەی ڕێنوێنمە، پێم دەڵێت:

"ئەمانە کۆمەڵێک پێشمەرگەن کە لە سەرانسەری کوردستانەوە هاتوون، زۆربەیان جووتیارن، پێشمەرگەی یەکێنیی جووتیارەکان، خوێندکار و قوتابیشیان لەگەڵە. لە هەر شوێنێکی کوردستان پێکدادان ڕووبداث، لە یەکێنییە جووتیارییەکان، لە سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و لایەنگرانی پارتیزانە فیداییەکانەوە پێشمەرگە دێن و دژ بە دوژمن دەجەنگن".

خەریکە لە هەندێک شت حاڵی دەبم، بەڵام سەرەدەر لەو ناوانە دەرناکەم کە هێنانیە زمان، دوانر وردە وردە لێکیان دەکەمەوە. ڕێنوێن دەمبانە نووسینگەی شۆڕا و بە کوردێکی چەکداری باڵابەرزم دەناسێنێت کە سەراپای گیانی نوقمی چەک و گوللە و قونبەلەیە.

بە خۆمدا دەشکێمەوە، چونکە دەزانم شایەنی ئەوە نیم ئەم خەڵکە ئێکۆشەرە ئەوەندە ڕێزم بگرن، هەروەها لەبەر ئەوەی نازانم چ لەو لاوانە بپرسم، لە کوێوە دەست پێ بکەم، پیاوە کەڵەگەنەکە دەستم دەگوشێ و بەخێرهاتنم دەکا، پاشان بێدەنگی وەک مۆنەکە بەسەرماندا زاڵ دەبێت، ئەخر بە پێی نەریت من دەبێت قسە بکەم، شێ بپرسم، شیکردنەوەیەک بدەم، یان بڵێم لەم بگرەوبەردەیەدا بۆچی هاتووم، کەوانە بێدەنگی سوودێکی نییە، دەپرسم "کاکە، لێرە چ باسە، مەسەلە چییە، دەتوانن بۆم باس بکەن؟" هەرچی بێ ئەو بۆم شی دەکاتەوە، بەشێک لە قسەکانی یادداشت دەکەم، بەڵام بۆ سانێک لە بیرم ناچێت کە ئەو هەمووە ڕێگەیەم بڕیوە بۆ ئەوەی بزانم چ لە دەوروبەرم ڕووەدات، کانێک ئەو پیاوە، یان کەسێکی دیکە قسەم بۆ دەکات، گوێقوڵاغ دەبم ئاوەکو شنێک فێر ببم، هەر ئەمە و بەس، قەت هیچ بانگەشەیەکی ئرم نەبووە. پیاوەکە دەڵێت:

"ملکدارەکان خودان دەسەڵاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، خەباث دژ بە ڕژێمی شا هەرگیز بەشێکی دابڕاو نەبووە لە خەباث دژ بە فیۆدالیزمی هەرێمی".

ئەها، کەوابێت ئەمانە وەکچۆن دژ بە ڕژێمی شا شەڕیان کردووە لە فیکری بنبڕکردنی فیۆدالەکانیش دابوون، دەی چیتر؟

"دیارە کۆنەپەرستەکانی لە مەڕ خۆمان و فیۆدالەکان ئا ڕۆژی شۆڕش لایەنگری شا بوون، کە شا ڕۆیشت، پشتی بەخنیاریان گرت و هەر کە شۆڕش سەرکەوت، ئەوان پێگەیان نەما و کوون بە کوون بە دوای پاڵپشت و یاریدەدەرێکدا گەڕان، ئەم پاڵپشتە ئیمپریالیزم بوو، بەڵام دەبوایە دارەدستەکانی بە هانای ئەم دەرەبەگانەوە بێن، کە دارەدستی ئیمپریالیزم، شای بەکرێگیراو ڕووخا و بەخنیاریش هەڵات، دەبوایە هەرچی زووە ئەم دارەدستە بدۆزرێنەوە، دەبوایە دوای شا هاوپەیمانێکی ئر خۆی ناساندبا و بە سەرنجدان بە دەوڵەتی نوێ و حکومەتی ناوەندی ئوانیان هاوپەیمانەکانی خۆیان لە ڕیزی ڕێبەریدا بدۆزنەوە، ئەم هاوپەیمانانە لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دەستنیشانکرابوون و پێشوەختە بڕیارەکان دەرکرابوون".

"کۆنەپەرسـتەکان سەرەتا شـان بە شانی شا جووتیارەکانیان دەچەوسـاندەوە و دوای شا، هاوپەیمانی نوێیان لە نێو پیاوانی دەوڵەت و کومپانەکاندا بینییەوە، ئەوانە پاش ڕۆیشـتنی شـا بوونە موسـڵمان و لایەنگـری پلە یەکی شۆڕشی ئیسلامی"

"دەوڵەتیـش دەسـتی ئەم نەوموسـڵمانانەی گوشی و چەک و چۆڵی پێ دان، فیۆدالەکان خەیاڵـی پووچـی گرتنـەوەی دەسـەڵاتـ و دزێژەدان بـە چەوسـانەوەی وەرزێرەکانیان کەونەوە سەر، بەڵام ئەم جارەیان وەرزێرەکان زوو وەخـۆ کەوتن، لە بەرامبـەر یەکگرتنی دەرەبەگەکان، چەند یەکێتییەکیان دروستکرد و چەکیـان هەڵگرت، بەم جـۆرە ڕێکخراوتر بوون و بە تـوندی وەڵامی دواین دەستدرێژی دەرەبەگەکانیـان دایەوە، سـەلماندیان کە بە ڕاستی دەرەبەگایەتی لە ڕوانگەی مێژوویییەوە لە ناو چووە، لە ڕوانگەی سیاسییەوە دابڕاوە و هێزێکی لەرزۆکە".

"پێکدادانەکانـی ئـەم دواییانـەی مەریـوان، شەڕی نێوان ئاغاکان و پاسدارەکان لە لایەک و هی وەرزێرەکان لە لایەکی تر بوو".

"بە سـەرنجدان بە شۆڕشی ئێران و ئەرک و ئامانجە هەنووکەییەکانی ئەم شۆڕشـە، ئێمە لە قۆناغێک داین کە ئەم جارەیان دەبێت بە هێزی جووتیـاران، دەربەگایەتی لە ناوچەکە بنبـڕ بکەیـن، لێ دەبێت لـە زۆر هەوراز و نشـێوان ئێپەڕ بین، شکسـت و سەرکەوتن، هـاوکات چاوەڕێمانـن، ئـەوەی ئێسـتا لـە کوردسـتان لـە گۆڕێیە، خەباتی مسـۆگەر و چارەنووسسازی نێوان جووتیاری چاوکراوە و پاشماوەکانی فیۆدالیزمی هەڵوەشاوەیە، ئەمە دواین شەڕێکە لەم بوارەوە ئەنجام دەدرێت و هیچ جۆرە پشتیوانییەکی دەرەکی ناتوانێت بە هانای دەربەگایەتییەوە بێت".

"ئەزموون نیشـانی داوە کە لە ماوەی سـێ – چـل سـاڵی ڕابـردودا، ئیمپریالیـزم بـێ دەرەبەگایەتی نەیتوانیوە پێ بنێتە کوردستان، دەربەگایەتیش نەیتوانیوە بێ ئیمپریالیزم خۆی بـە سـەر جووتیاراندا بسـەپێنێت، ئێمە ئەم ئەزموونەمـان لە مەریوان بـە چاوی خۆمان بینـی، ئەوانە پاش ئەوەی سـەرجەم پیلان و ساتـ و سەودا و کردە دژە شۆڕشگێڕییەکانیان لـە نێو هێزە جووتیاریـیـەکان و ئەوانی تردا ئووشـی شکسـتـ بـووەوە، بڕیاریانـدا لـە چوارچێـوەی سـوپای پاسـدارانی شـۆڕش و بـە پەیوەندیـی لەگەڵ هێزە نیوە فاشیسـتە نێوەندگەراکانی وەک ڕێکخراوی موجاهدینی شۆڕشی ئیسلامی لە مەریوان، یان شوێنەکانی تری کوردسـتان دەسەڵاتـ بە دەسنەوە بگرن و هەڵبکوتنـە سـەر گەلـی کـورد و گەلانی نـری ناوچەکـە، بـەڵام ئەم جارەیـان هێزە پێشکەوتنخوازەکان شـان بە شانی جووتیارە چاوکـراوەکان بەربەرەکانیان کـرد و نیازیان وایە دەربەگەیانی بە خاک بسـپێرن، ئەوەی لە مەریوان و لە کوردسـتان بە گشتی ڕووی دا، هەمووی لەم چوارچێوەیە دایە..".

لـە سـەر قسـەکانی بـەردەوام دەبێـتـ و شیکردنەوەی زیاتر دەدا، منیش بە سەرنجەوە گوێی بۆ ڕادەدێرم. پاشان کە قسەکانی تەواو دەبـن و وەک بڵێـی چاوەڕێیە پرسـیارێکی لێ بکەم، مـن هیچم بۆ گوتن پێ نامێنێتـ. پێم وابێـتـ لـەم دۆشـداماوییەم نێدەگاتـ، لـە وانەشـە نازانم، هەرچی بێـتـ ئاماژە بۆ دەرەوەی پەنجەرەکە دەکاتـ و دەڵێتـ:

"کـوڕەکان لـە دەرەوەن، بـڕۆ لەگـەڵ کێ پێـتـ خۆش بوو قسـە بکە. ئـەوان دەتوانن یارمەتیتـ بدەن".

بەو چاکەیەی دەرهـەق بە من دەیکاتـ، بە پەلـە هەڵدەسـتم و دەچمە حەوشـەکەوە، نازانـم چ بکـەم و لەگـەڵ کێ قسـە بکەم، هـەر ئەوەنـدە فێر بـووم و دەزانم کە لەم کاتانەدا کەمێک سەبر و بێ موبالاتی هەموو شـتێک چارەسـەر دەکاتـ. هەنـگاو دەنێم، بێگومـان هەر چەشـنە جموجوڵێکـم لە ژێر چاودێری و نیگای وردی پێشمەرگەکان دایە. یەکـەم جار کە ناوی پێشـمەرگەم بیسـتـ، ڕاچەنیم و بە خۆمم وتـ کەوانە مەبەسـتیان لە پێشـمەرگە ئەمانەیە. ئاخۆ ئەمانە هەمان ئـەو پارتیزانـە خەباتگێـڕە کوردانـەن کە ئا دوا دڵۆپـی خوێنیـان لـە ڕێگـەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا شـەڕ دەکەن؟ بێگانەیەک یەکەم جـار بـە چـاوی ڕێـز و سڵایشـەوە لێیـان دەڕوانێـتـ، بەڵام کە کەمێک لە کوردسـتان دەمێنێنـەوە و لـە نزیکەوە لەگـەڵ خەڵکدا ئاشـنا دەبێتـ، بۆی دەردەکەوێتـ پێشمەرگە بوون و پێشـمەرگایەتی لەم ناوچەیە شتێکی ئاساییە و لە پێناو گەیشتن بە ئازادی، گشتـ بنەماڵەیەکی کورد ئامادەیە ڕۆڵە گەنجەکەیان لە ڕێزی پێشمەرگەکان دابێتـ.

بـەم جۆرە لـە نـاو پێشـمەرگەکاندا دێم و دەچم، دواجار یەکێکیان دەستنیشـان دەکەم و لێی دەچمە پێشێ:

"ببـوورن کاکە، ئێوە کە پێشـمەرگەن چیتان گەرەکـە وا چـەک بە شـان حـازر و ئامادە ڕاوەستاون؟"

نـاوی ئەحمـەدە، ئەمەنـی بیسـتـ و پێنج ساڵە، جووتیارە، خەڵکی بندۆڵی هەورامانە، دەڵێتـ:

"ئێمـە دەمانەوێـتـ بژیـن، وەک ئێـوەی فـارس، ئاغامـان ناوێتـ، بێجگـە لە مە هەر داواکاریـیـەک ئەوانی تـر بیانەوێتـ، ئەمنیش دەمەوێـتـ، بـڕۆن لـە لاوە خوێنـدکارەکان بپرسـن، بزانـن چییـان دەوێـتـ، ئەمنیـش هەمان شتم دەوێتـ".

کەوانـە دەبێتـ لـە دەرفەتێکدا بچم لە لاوە لـە خوێندەوارەکانیان بپرسـم و بزانم چییان دەوێتـ، ئێسنا بە چوار دەورمدا کوزیلکەیان

بەسـنووە، لەگەڵ پێشـمەرگەیەکی نەنیشنم قسـە دەکەم، ئاسـنگەرە، ناونیشانەکەیم پێ دەدات و بە شانازییەوە ئێژێ:

"بنووسە ئاسنگەر، شـەقامی بلوار، 56 ساڵم نەمەنـە و لـە دایکبـووی1305م. بنووسـە کـورد دژی نەزویـرە، کەسـیش بـە دوژمن نازانێـت، داوای مافـی خـۆی دەکات، ئێمە دژی ئاغاکانین، دژی قیادەی موەقەنین. ئەو قیادە موەقەنەی خومەینی بە ڕێی خسنووە، دارودەسنەی بارزانی، ئەوانەی لە عەزیمییەی کـەرەج لـە نێو قێـلای خۆشـدا دەژین، بە فەرمانـی خومەینـی و بە فەرمانـی بازرگان هانـوون، کەونوونەنە نێو ژیانی ئێمەوە و لە گیـان بێزاریان کردووین. بنووسـە ئەو قیادە موەقەنانـەی بـە فەرمانی دەوڵـەت هانوون ئێمە سـەرکوت بکـەن، دژی خەڵک و دژی ئێرانن، ئەوانە سـەردەمی سـاواک، ساواکی بوون و ئێسناش لە لایەن قومەوە پارەیان پێ دەدرێت، خراپەکارن، بەکرێگیراون.

ئـەوان خەڵـک دنـە دەدەن، خەڵکانێک کە خۆیان دەنوانن ئاسایشی شارەکەیان بپارێزن، چ پێویسـنیان بە قیـادەی موەقەنەیە؟ ئەوان مامۆسنا باشـەکانمان بە بیانووی کۆمۆنیسـت بـوون دەگـرن، ئەشـکەنجەیان دەکەن و لە گرنووخانەیان دەپەسنێون.

ئێمە بێ پوواڵ و پارە سنووورەکان دەپارێزین، ئەمـن وازم لـە ژیانی خۆم هێنـاوە و ئەوە شـەش مانگـە پاسـەوانی دەکـەم، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە منـی ڕیـش چەرمـوو ئێـژن دژەشـۆڕش، بەو هیچ و پووچە خراپکارانەی مانگـێ دوو هەزار نمەن لە قوم وەردەگرن، دەڵێن موجاهید. بنووسـە گاڵنەجارییە، ئێمە دژەشـۆڕش بین، کوردی ئێرانی دژەشـۆڕش بێت، بەڵام قیادە موەقەنی عێراقی موجاهید و پشنیوانی ئیسلام. ئەمانە بنووسە.

خەڵکی مەریوان، خەڵکی کوردسـنان، ئەگەر دوژمنێک هێرش بکاتە سەر ئێران، هەموویان دڵخوازانە ئامـادەن گیانیان فیدا بکەن، ئێمە گیانفیـدای ئێـران و گیانفیـدای کۆمارین، بـەڵام کۆمارێـک نا کە لـە دژی ئێمە بێت، کۆمارێک نا کە لایەنگری دەرەبەگەکان بێت. ئێمە گیانفیدای کۆمارێکی خەڵکین، گشـنمان سـەربازی ئێرانیـن، نەنیـا ئێـران دەناسـین و ئێرانمـان دەوێـت، بۆچـی کـەس لە مە نێناگات، بۆچـی کەس گوێی لە دەنگی ئێمە نابێت، بـۆ ئێمە چیمان گونـوە کە هەموان نـووڕە بوون، دار میوەیەکە خـودا داویەنی و هەموویـان دەبێـت لە بەرەکـەی بخۆن. دەبێت مافی گـەلان بدەن، ئێمە بەس مافی خۆمانمـان لەو میوەیە دەوێت کە ئێوە دەی خـۆن و جیاخواز نیـن، ئەمەیان سـەد جار بنووسـە، ئێمە جیاخواز نین، ئێمە خودامان دەوێـت، ئیسـلاممان دەوێـت، ئێرانمـان دەوێـت، کوردسـنانمان دەوێـت، لاوەکانی خۆمانمان دەوێت. هیچکاممان دژە شـۆڕش نین، شا ئەگەر ئێمەی چنگ کەونبا لەنوپەنی دەکردیـن. ئێسـناش بووینەنە دژەشـۆڕش. بـە خـوا ئەمن ئاسـنگەرم، هـەر لەبەر ئەم کۆمارەی سـێرە لـە لاوەکانمـان دەگرێت و دڵیـان دەپێکێـت، چل هـەزار نمەنم زەرەر کـردووە، 24 سـەعاتە لە ژێـر بەفر و باران و گەرمـا پاسـەوانیم داوە، ئێمـە ئێرانمـان دەوێـت، ئێرانێکی بـێ فرنوفێڵ، بێ غەل و غەش. ئەوە یانی چی کرێکارێک، جوونیارێک بووەنە دژەشۆڕش و لە بەرامبەردا موفنیزادە بووەنە زانا و شۆڕشـگێڕ، قیـادەی موەقەت بووەنە موجاهید؟

نوخوا ئەمانە بنووسـە، بنووسـە سەرەدەری لێ دەرناکەین".

پیاوە ئاسـنگەرەکە قسـەکانی نەواو دەکات، مـن خەریکـە لـە هەندێک شـت نێدەگەم. گوێم لە ناوەکانـی وەک یەکێنی جوونیاران، قیادەی موەقەت، موفنیـزادە، دەرەبەگەکان و کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەنکێشـانی کوردسـنان دەبێت. چەنـد جارێک گوێم لێ بـووە کوردەکان بە شـانازییەوە باسـی ئەم کۆمەڵەیە دەکەن، باسی پارنیزانە فیداییەکانی گەلیش دەکرێت، بە دڵنیاییەوە پاشان زیاتر لە گەڵیان ئاشـنا دەبم. ئێسنا بە ئاسانی دەنوانم لەگەڵ پێشـمەرگەکان هەڵس و کەوت بکەم، ئیتر پرسـیار ناکەم، هەر کەس قسەیەکی پێ بێـت، خۆی پێم دەڵێت، پـاش ئەوەی پیاوە ئاسـنگەرەکە کۆنایـی بە قسـەکانی دێنێت، پێشـمەرگەیەکی نـر دێنـە پێشـێ و لە بن دارێک لە نەنیشنم دادەنیشێت و دێنە گۆ:

"با من پێت بڵێم گەلی کورد چی دەوێت". بە پەلە قسـەکانی دەنووسـمەوە کە ڕوو لە من و لەوانی نر دەیانکات:

"من نوێنەری یەکێنیی جوونیارانی سەقز".

قادر عەبدوڵڵا

کوردەکان دەڵێن چی؟

وەرگێڕانی: سەلاحەدین بایەزیدی

دەزگای ئایدیا 2018

هەڵوێستی ڕێکخراوی چریکی فیداییەکانی خەڵکی ئێران- زۆرینە (ئەکسەریەت) بەرانبەر بە دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد
مامۆستای زانکۆ

ئەم بابەتە لە کتێبی (هەڵوێستی حزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنە چەپەکانی ئێران بەرانبەر بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی (1979-1990)) وەرگیراوە و گرنگی لەوەدایە، لە هەڵوێست و تێڕوانینی حزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان لە (چەپی کلاسیکیی، چەپی ماویی، ئەڵقە جۆراوجۆرەکانی چەپی ناوەند، چەپی تڕۆتسکیی...هتد) بەو گروپ و لقە جیاوازانەی کە لەو ڕێکخراوانە جیابوونەتەوە، بەرانبەر بە دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شرۆڤە دەکات، کە وێڕای ناساندنی پێڕەو و پرۆگرامی سیاسیی و ستراتیژیی ئەو هێز و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستییە جیاوازانە، بە بۆچوون و ئایدۆلۆژیایی تایبەتی خۆیان، هەڵوێستیان لە ڕووی تیۆریی و کردارییەوە دەخاتەڕوو، پاشان تیشکی خستووەتە سەر هەڵسەنگاندنی ئاستی پەیوەندییەکانی حزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەگەڵ هێز و لایەنە کوردییەکان، لەبەر گرینگی بابەتەکە بەپێویستمان زانی جارێکی دیکە بڵاوی بکەینەوە.

ئەم جۆرە سیاسەتە نوێیەی (زۆرینە)کان، کاریگەری نەرێنی کردە سەر تێڕوانینی ئەم ڕێکخراوە لە هەمبەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، (زۆرینە)کان لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێبازی ڕۆحانییەکان، لە کوردستاندا بەشێوەیەکی ڕواڵەتیانە کەوتنە شوێن پەیڕەویکردن لە گۆڕینی بەرخۆدانی چەکداریی بۆ سیاسەتی نەرمو دانوستان لەگەڵ ڕژێم

پەرلەبوونی باڵە جیاوازەکانی چریک، قۆناغێکی نوێی لە مێژوویی ئەو ڕێکخراوە هێنایە ئاراوە، بە چەشنێک باڵی (زۆرینە) ڕێبازی سیاسیو سترانیژییان بە ئاڕاستەی کۆماری ئیسلامیی بایدایەوەو ئەو ڕژێمەیان بە دەوڵەتێکی ورده بۆرژوایی دژە ئیمپریالیستیی ناساند، کە بە گرتنە بەری ڕێگەی گەشەی ناسەرمایەداریی بەرەو کەناری سۆسیالیستیی هەنگاو دەنێت، هاوکات خومەینییان وەک ڕابەری شۆڕش ناودەبرد، هەروەها بە چاوپۆشین لە مێژووی ناکۆکییە ئایدۆلۆژیو سیاسیەکانی نێوانیان، حزبی ئودەیان بە حزبی چینی کرێکارو یەکێتیی سۆڤیەتیش بە دەوڵەتێکی سۆسیالستیی شۆڕشگێڕ وێناکرد، بەم چەشنە (زۆرینە)کان دایانە پاڵ حزبی ئودەو لە ئشرینی یەکەمی 1980 بە دەرکردنی پەیامێکی هاوبەش، هاو هەڵوێستی هەردوو ڕێکخراوەکە لە سەنگەری بەرگریو وەفادارایی شۆڕشو پارێزگاریی لە ئیمام کۆکردەوە .

(زۆرینە)کان لە وادەی سەرهەڵدانی جەنگی ئێران- عێراق، بەناوی شەڕی نیشتمانیی، پاراستنی سنووری وڵاتو شەڕی کۆنەقینی فاشیزمی عێراقیی، بازووی خۆیان بۆ پاڵپشتی کۆماریی ئیسلامیی خستەکار، زیاتر لەوە بە پێویستیان دەزانی ئەواوی هێز و لایەنە فرە ڕەنگەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، دەست بدەنە دەستی برا پاسدارەکانو بارى سەرشانیان لە پاراستنی سنووری وڵاتو دەستکەوتەکانی شۆڕش سوک بکەن، بۆ ئەم مەبەستە کرێکارانو چەوساوەو زەحمەتکێشانی ڕێکخراوەکە لە ئۆرگانو ناوەندە کرێکارییەکانو ڕێکخراوەکە، بەوپەڕی وەفاداریەوە خرانە خزمەت شەڕی ئیمپریالیزمی ئەمریکیی، ئەنانەت لقگەلێکی وەک (خوزستان، ئەهواز، خورەمشەهر... هتد) هاوشانی سوپا چەکیان هەڵگرت، بۆ پاراستنی سنووری وڵاتو لە دەستدرێژیی دەرەکیو وەشاندنی زەبری گورچکبڕ لە نەیارانی شۆڕش لە ناوخۆدا .

ئەم جۆرە سیاسەتی نوێی (زۆرینە)کان، کاریگەری نەرێنی کردە سەر ئێڕوانینی ئەم ڕێکخراوە لەهەمبەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، (زۆرینە)کان لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێبازی ڕۆحانیەکان، لە کوردستاندا بەشێوەیەکی ڕواڵەتیانە کەوتنە شوێن پەیڕەویکردن لە گۆڕینی بەرخۆدانی چەکداریی بۆ سیاسەتی نەرمو دانوستان لەگەڵ ڕژێم، لە ناوەڕۆکیشدا بە ئاڕاستەی دژایەتیی هێزو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانو ناوزەندکردنیان بە هێزو لایەنی دژە شۆڕشو دژایەتیی نەواوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەنگاوینا .

(زۆرینە)کان بۆ نێۆریزەکردنی بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی نەتەوەیی، بێ خوێندنەوەی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی کێشەی کورد، گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی ئەگەر ئیمام خومەینی بەرنامەی (چاکسازی زەویی) جێبەجێکاث، ئەوا چارەسەری کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد بە ڕێگەی ئاشتەوایی مسۆگەر دەبێث .

(زۆرینە)کان بە پاساوی بنەبڕکردنی دەستی بەعسییەکان، کەوتنە دژایەتیکردنی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەم پێیە (حدکا)یان بە حزبیکی بۆرژوایی هەلپەرست ناوبرد، کە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستیەوە لێکدەدانەوە، بەمەش دەرگای لەبەردەم کاریگەری ناڕاستەوخۆی ئیمپریالیزم لەسەر خۆی ئاوەڵاکردووە، سەبارەث بە کۆمەڵە، لەو باوەڕەدابوو کە ڕێکخراوێکی ئەنارشیستی ورده بۆرژوایی نوێنەرایەتی دەکاث، کە دەیەوێث ڕەنج و ماندووبونی کرێکاران فیدایی کێشە نەتەوەییەکان بکاث، هەروەها پەیوەندیی چەواشەکارانەی کۆمەڵە بە هێزەکانی (سوپای ڕزگاریی، سمکۆ عەلیار، شێخ جەلال حوسێنی) گەواهیدەری ئەوەیە، کە کۆمەڵە خوازیاری بەردەوامی شەڕە، هەروەها سەبارەث بە شێخ عیزەددینی حوسێنی پێی وابوو کەسایەتیەکی ڕۆحانی لیبراڵو ناسیۆنالیستەو نێکەڵاوی بیروڕایەکی چەپڕەوانە بوە، پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە و هەندێک لە هێزە نەتەوەیی و ناسیۆنالییەکان هەیە، بە سوود وەگرتن لە مقاماتی

شـێخایەنییەکەی پەیوەندییەکـی دامەزراوی هەیە لەگەڵ عێراقدا، هەروەها سەبارەت بە (کەمینە)کان پێیانوابوو، ئەم ڕێکخراوە کەونۆنە ناو مەحفەلی وابەستە بە ئیمپریالیزمو ئەسلیم بـوون بە ئیـرادەی بۆرژوازیـەت، هەروەها

(ژۆرینە)کان لە وادەی سەرهەڵدانی جەنگی ئێران- عێراق، بەناوی شەڕی نیشتمانیی، پاراستنی سنووری وڵاتو شەڕی کۆنەقینی فاشیزمی عێراقیی، بازووی خۆیان بۆ پاڵپشتی کۆماریی ئیسلامیی خستەکار، زیاتر لەوە بە پێویستیان دەزانی تەواوی هێز و لایەنە فرە ڕەنگەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، دەست بدەنە دەستی برا پاسدارەکانو یاری سەرشانیان لە پاراستنی سنووری وڵاتو دەستکەوتەکانی شۆڕش سوك بکەن

خۆشیان وەک هێزێکی پێشکەوتوخواز دژ بە کۆنەپەرستیی ئیمپریالیزمو داکۆکیکار لە مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد پێناسە کرد .

لـەم ڕووەوە دوپاتیدەکـردەوە، حکومەتـی عێراق لە ناوچەی کرماشان دزەی کردۆتە ناو جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردو لە ڕێگەی داردەستەکانی وەک (سەردار جاف، ئوەیسی، پالیزبـان، سـوپای ڕزگاریـی، شـێخ جـەلال حوسـێنی، شـێخ هادی...هتد)، دەیانەوێت ئەزموونی شـۆڕش لە ئێراندا بەلاڕێدا بەرن، هاوکات دژ بە خواستەکانی کورد، ئەو هێزانە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە بە فاکتەرێک بۆ پێشێلکردنی سەروەرییەکانی خاکی ئێران، دیسان پێیان وابوو، ئەو هێزانە سوودیان لەم سـەرچاوانە وەرگرتووە بۆ لێدانی شـۆڕشو دژایەتیکردنـی ئیمـام خومەینـی، هەر بۆیە بە پێویسـتیان دەزانی بەهۆی مەترسییەکانی زایۆنیـزمو دەسـتدرێژییەکانی حکومەتـی عێراق، لایەنگرانیان لە کوردسـتاندا هاوکاری سـوپا بکـەن، هەربۆیـە کاتێـک لایەنگرانی پالیزبانو ئوەیسـی لە ئازاری 1980 هێرشیان کردە سـەر سەربازگەیەکی سـوپای پاسداران لە شـاری کرماشـان، (ژۆرینە)کان بۆ یەکەم جار هاوشانی سوپای پاسداران بەرپەرچی ئەو هێرشـانەیان داوەتەوە، هەروەها لەبەرانبەر پیشـاندانی وەفاداریان بۆ ڕژێمو گرتنە بەری ڕێگەی ئاشـتییانە لە کوردسـتاندا بڕیاریدا بە ڕادەسـتکردنی چەکەکانیانو ئازادکردنی ئەو دیلانەی لە کوردسـتاندا گیرابوون، هەروەها لە پرۆسەی کشـانەوەی لایەنگرانی (ژۆرینە) کان لـە کوردسـتاندا، دیارتـرین ڕێبـەرە ناسـراوەکانی وەک (بەهـرۆز سـلێمانی، یوسـف ئەردەڵان...هتد) کوردستانیان چۆڵ کرد، بەمەش نـەک پێگەی ڕێکخراوەکەی لە کوردستاندا بنکۆڵکرد، بەڵکو ڕێکخراوەکە لە هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری نزیکبووەوە .

لـە سـۆنگەی هێورکردنـەوەی بۆچوونـە ئوندۆلۆژەکانی (ژۆرینە)کان لە کوردسـتاندا، لەهەمان کاتدا بۆ وەڵامدانەوەی لایەنگرانیان، خۆیان لـە (حـدکا) نزیککردووەتـەوە، بەو هۆیـەوە لە 30ی مایسـی 1980 لە ناوچەی مەنگورایەتـی مەهابـاد کۆبوونەوەیەکیـان ڕێکخسـتو بەیانێکـی هاوبەشـیان بڵاوکردۆتـەوە، ناوەڕۆکـی ئـەم پەیامـە بـە ئامانجـی ڕێگیریی بوو لە بـەر پابوونی شـەڕی برا کوژی، هەروەها (ژۆرینە)کان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێسـتی خۆیان دەربارەی بارودۆخـی کوردسـتان، ڕایانگەیانـد، ئەنها دان دەنێـن بـە گەڵاڵەی 6 مـاددەی (حدکا) وەک چارەسـەری ئاشـتیانەی پرسـی کوردو گێڕانەوەی ئارامی کوردسـتان، هەربۆیە هەر هێزێکی ئر ئەم گەڵاڵەیە پەسەند نەکات وەک هێزێکی دژە شـۆڕش دەناسێنرێت، هەروەها لـەم پەیامەدا (ژۆرینـە)کان داوایان لە بەنی سـەدر کـرد بیـرۆڕای چاکسـازیی زەویی و خودموختاریـی پێشـنیارکراو لەلایەن (حدکا) بە فەرمی بناسێنن .

سەرباری ئەوە، ئەم پەیامە نەبووە بناغەیەکی دروسـت بۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکانی نێوان (ژۆرینـە)کانو (حـدکا)، چونکـە لـە سـاتە وەختـی قۆڵبوونـەوەی بارگرژییەکانـی نێـو ڕێبەرایەتـی (حـدکا)، (ژۆرینـە)کان بەهۆی نزیکیـان لە حزبی ئودەوە پشـتیوانی خۆیان بـۆ غەنی بلوریـان دەربڕیـوەو لەبەرانبەردا ڕەخنەیان لە پێڕەوە سیاسـیەکانی قاسـملوو گرتـووە، بـەوەی بۆچوونێکـی ئەسـکی ناسیۆنالیسـتانە لەنێـو حزبەکەیـدا پێـڕەو دەکاتو هەنـگاو بـەرەو ڕێکەوتنی مادیو سـەربازیی لەگەڵ ڕژێم عێراقـدا بە مەرجی ڕووخانـی کۆمـاری ئیسـلامیی دەنێت، هەر بۆیـە (عەلی ڕەزا شـاندیز) پشـتیوانی خۆی بـۆ بۆچوونەکانی غەنـی بلوریان دەربڕیبوو، ئەوەشـی دووپاتکردبووەوە، کە (ژۆرینە)کان سیاسـەتێکی نوێی گرتووەتەبـەرو بەهەموو توانایـەوە لایەنگـری درێژەدان بـە وتوێژە، هەروەهـا ڕایگەیانـدووە، (ژۆرینـە)کان نە لەگـەڵ حزبـی ئـودەو ئەسـلیم بوونـی بە

کۆماری ئیسلامیی یە، نە لەگەڵ بۆچوونێکی ناسیۆنالیستانەیە، بەڵکو خواستی سەربەخۆی خۆی هەیە، هەر بۆیە بە پێویستی زانیوە (حدکا) بە ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێگری لە شێواندنی ئەبایی ڕیزەکانی شۆڕشگێڕان بکات .

هەروەها (زۆرینە)کان بۆ بێ بەریکردنی خۆیان لە ڕاکێشانی (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار- حدکا) وایان نیشانداوە خوازیاری ئەو لەنبوونە نینو حزبی ئودەی بە سەربەبکار ناوانبارکردووە، کە بەهۆی باڵێکی چەپئاژو دەستی خستووەتە ناو (حدکا) بە بیانوی ڕێگیریی لە گەشەکردنی باڵی ناسیۆنالیستیی قاسملوو، کە دەیەوێت لایەنگرانی بلوریان لە ڕیزی شۆڕشگێڕان دەرکەن، بەم هۆیە لە پاش جیابوونەوەی (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند: «چریک هیچ کات نەیوستووە کاربکات بۆ ڕاکێشانی ئەوباڵەی (حدکا)، کە هەوڵی چەکدارانی حزبەکەی دەدات لە کوردستاندا، هەر بۆیە ئسولی نادیموکراتیی بلوریان بە ئوندی ئیدانە دەکەین، چونکە دەرفەتی دەرکەوتنی بیری شۆڤێنی لەنێو (حدکا) پەرەپێدەدات»21، بەڵام ئەم پەیامە نەواو پێچەوانەی سیاسەتەکانی ڕێکخراوەکە بووە، چونکە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە، کە (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) بەتەواوی کەوتونەتە بەر کاریگەری حزبی ئودەو (زۆرینە)کان، وەک خودی بلوریان گوتویە: «گەورەترین هەڵەمان ئەوەبوو بێ ئەوەی هیچ کارێکمان لەدەست بێت چوینە ژێر سیاسەتی حزبی ئودە و چریکە زۆرینەکان»، ئەمە سەرباری ئەوەی نزیکبوونەوەی (زۆرینە)کان لە (حدکا) بووە هۆی دوورکەوتنەوەی یەکجاری کۆمەڵە لە (زۆرینە)کان چونکە کۆمەڵە بۆی ڕوونبووەوە، کە سەروکاری لەگەڵ (حدکا) هەیە .

لەگەڵ ئەوەشدا، وێرای نانەبایی سیاسیی و فیکریی لەگەڵ (حدکا)و سووربوونی (زۆرینە) کان لەسەر گەڵاڵەی 6 ماددەیی، هەروەها هەستیاری بارودۆخی کوردستانو فشارەکانی ڕژێمو هەوڵەکانی ئودە بۆ لێکنرازانی هێزە سیاسییەکان، (حدکا)و (زۆرینە)کانی لیکنزیکتر کردەوەو بە ئاکامی ڕێکەوتنێکی سیاسیی گەیاندن، هەرچەندە (حدکا) دوودڵبوو لە ڕێکەوتنێکی لەو چەشنەو ڕایگەیاندبوو نابێت ڕێکەوتنەکە زیانی بۆ حزبەکەیان هەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا پەیامێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوەو خواستی خۆیان بۆ کۆتایهاتنی هێرشەکانی ڕژێمو چارەسەری ئاشتیانەی پرسیی کوردو دەستپێکردنەوەی خولی نوێ وتووێژەکان نیشاندا، هاوکات گەڵاڵەیەکیان وەک پێشمەرجی وتوێژ خستە بەردەم کۆماری ئیسلامیی، کە پێکهاتبوو لە: (کشانەوەی سوپای پاسدراران لە کوردستاندا وەک وەڵامێک بۆ نیەت پاکی ڕژێم لەبەرانبەر چارەسەری کۆتایی پرسی کورد، پەسەندکردنی گەڵاڵەی پێشنیازکراوی 6 ماددەی (حدکا) دەربارەی دامەزراندنی حکومەتی خودموختاریی، هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووریی، دەستپێکردنەوەی خولێکی نوێی وتوێژەکان، دانانی دەوڵەت بە دەستەبەرکردنی ئازادیی سەرانسەری لە ئێراندا، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاسایی قەدەغەکردنی چالاکیەکانی سیاسییەکانو چارەسەری پرسی دانانی چەک) .

سەرباری ئەوەی ئەو هەوڵانە بێ ئاکام مانەوە، ڕێکەوتنە هاوبەشەکە بە زووی شکستهێنا، ئەویش بەهۆی ئەوەی (زۆرینە) کان (حامیدی حەمە ئاهیر بەگی جاف)، کە یەکێک بوو لە دەرەبەگەکانی ناوچەی هەورامانو جوانڕۆ، بە بیانوی وەگرتنی چەک لە حکومەتی عێراق دەستگیرکردو دواتر لە کونجی زیندانی (زۆرینە)کان لە شاری مەریوان گوللەباران دەکرێت، ئەم کردەوەیە ناڕەزایەتی (حدکا)ی لێکەوتەوە، هەرچەندە چەند دانیشتنێک بۆ بەرگرتن لە ناکۆکیەکانی نێوانیان پێکهات، بەڵام نەگەیشتنە ڕێکەوتنی کۆتایی، بەمەش خاڵی لاوازی ڕێکەوتنەکەو ساردی لە جێبەجێکردنیدا بینراو بۆ هەردوولا ڕووبۆیەوە تا چ ئەندازەیەک ستراتیژیان لە کوردستاندا لێکدووەرە .

لەگەڵ ئەوانەشدا، بارودۆخی (زۆرینە) کان لە ڕووی ئۆرگانی، ئەشکیلاتیی، باری سیاسیو ستراتیژیی لە کوردستاندا سەقامگیر نەبووە، ڕێبەرایەتیەکەشی بۆ ئاوتوێکردنی دوا هەڵوێستیی خۆیان لەسەر پرسی چارەنوسسازی گەلی کورد، لە حوزەیرانی 1980 لە ماڵی (عەلی ئەوەسەلی) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆبوونەوەیەی ئایبەتی ڕێکخستووە، لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای ناڕەزایی ئەندامە کوردەکانی ڕێکخراوەکە، بە کۆی دەنگی ئەندامان بڕیاری هەڵگرتنی خەباتی چەکداریان لە کوردستاندا، بەم هۆیەوە پەیامێکی بڵاوکردووەتەوەو ئایدا هاتووە، «ئاشکرایە حکومەتی بەعس بە پاڵپشتی ئەمریکاو بە چاوپۆشین لە ئاوانەکانی دەرهەق بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان، دەیەوێت کوردستانی ئێرانیش بکاتە لانکەی دژە شۆڕش، هەربۆیە لە ڕوانگەی هەستی بەرپرسیارێتیمان وەک هێزێکی دژە ئیمپریالیستیی و دیموکراتیی، چەکەکانمان لە کوردستاندا دادەنێین و ڕوودەکەینە چارەسەری ئاشتیانە» .

لەم قۆناغەوە، (زۆرینە)کان هەڵوێستی خۆیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو لایەنگرانیان ڕوونکردەوە، کاتێک بە مەبەستی ئاشکراکردنی نیازیی ئازەی ڕێکخراوەکە بۆ لایەنگرانیان، لە شاری مەهاباد کۆبوونەوەیەک لەلایەن

دوو ئەندام بـە ناوەکانی (عبدولڕەحیم پور، عەلی ئەوەسـەلی) پێکهێنراوە، بەڵام گۆڕینی ئاڕاسـتەی کۆبوونەوەکـە بـە ئەقینەوەیەکی لەنـاکاو و کوژرانی 8 کـەس و بریندارببوونی دەیـان لـە ئەندامەکانـی لێکەونـەوە، ئـەم کـردەوە ئیرۆرییـە (زۆرینە)کانـی خسـتە دۆخێکـی شـپرزەییو گومانکـردن لە هێزو لایەنە سیاسییەکان، بەم هۆیەوە (زۆرینە)کان جەنگی ئاشکرایی خۆیان لەگەڵ ئەو هێزانەی بە دژە شۆڕشـیان ناودەبردن لە کوردستاندا ڕاگەیاند .

شرۆڤەی نا واقیعیانەی ڕووداوەکە، (زۆرینە) کانی خستە سەر ئەو بۆچوونەی بە هاوکاری سـوپای پاسـداران لـە 8ی ئەمـووزی 1980 شەڕێکی سـەخت دژ بە لایەنگرانی (سەردار جـاف، شـاپور بەختیار، ئوەیسـی، پالیزبان) لە قەسـری شـیرینو ناوچە گوندنشینەکانی (گۆران، سەنجاب، بێوەنێژ) ئەنجامبدەن، بێ سـڵەمینەوە داوای لە لایەنگرانی کردووە لە کوشتنی لایەنگرانی ئەو هێزانەو یارمەتیدانی سـوپای پاسـداران درێخی نەکـەن، هاوکاتـ چەند هێرشێکیان کردووەتە سەر سەربازگەی سنە، بە پاساوی ئەوەی گومانی ناردنی چەک بۆ هێزە کوردییەکانی لەسـەرە، کە بە بڕوای (زۆرینە)کان دەبووە هۆی جۆشـدانی ئاگری شەڕی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی .

لەبەرانبـەر نواندنـی دڵسـۆزیی بۆ سـوپای پاسداران، کۆماری ئیسلامیی وەڵامدانەوەیەکی ئەونـۆی بـۆ ئـەم هەڵوێسـتانەی (زۆرینە) کان نەبـوو، بەڵکـو لـە 9ی ئابـی 1980 سـەربازگەی مەهاباد لە هێرشـێکیدا بۆسەر کاروانێکی چەکدارانی (زۆرینە)کان ژمارەیەک چەکدارییـان دەسـتگیرکرد، لەمبارەیـەوە (زۆرینـە)کان ڕایانگەیانـدووە: «ئاشـکرایە دەرئەنجامـی زەرەرو زیانەکانـی جەنـگ لە کوردسـتانو جێبەجێکردنـی خواسـتەکانی حەقوازی گەلی کورد، سیاسەتی ئاشتەوایمان گرتووەتـە بـەر، بـەڵام داخ لەوەدایـە تـا ئەمڕۆ ژمارەیەک پلەداری سـوپای پاسداران، سیاسـەتیی درێژەدان بە جەنگی کوردستانیان گرتۆتەبەر، ئێمەو ئەواوی هێزە سیاسـییەکان بـە دژە شـۆڕش لـە قەڵـەم دەدەن، ئەمـە ئەوەمـان پێ دەڵێتـ، ئەگەر ئەمریکاو عێراق ئـاواتـ بە لەناوچوونی ئێـران بخوازن، ئەوا کۆماری ئیسلامیی خوازیاری شەڕی برا کوژیی گەلی کوردە» .

بۆچوونـی هەڵپەرسـتانەی (زۆرینـە)کانو نا سـەقامگیریی هەڵوێسـتیان بەرانبەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، لە قۆناغی سەرهەڵدانی جەنگـی ئێران- عێراقـدا35، کاریگەرێتیەکی نەرێنی لەسـەر بۆچوونی ئـەم ڕێکخراوە لە کوردسـتاندا هەبوو، لەو سۆنگەیەی هێرشیی حکومەتی عێراق، گیانی بەرگریی جەماوەری ئێرانـی بزوانـد، زۆرینەی هێـزە نەیارەکانی کۆماری ئیسـلامیی، بـە ئامانجی پاراسـتنی سنووری وڵاتـ، خەباتی سیاسیو چینایەتییان بەشێوەیەکی کاتی ڕاگرتـو بە ئەواوی هێزی خۆیـان بەدەنـگ بانگـەوازی خومەینیـەوە چون، کە ڕایگەیاندبوو، «لەبەرانبەر هێرشـی ڕژێمی فاشیستیی عێراق، ئێرانییەکان گیانیان بەختبکەنو بەهەشـتی خودا مسۆگەر بکەن» .

لـە کاتێکـدا هەڵگیرسـاندنی ئـەو جەنگـە دەرفەتێکـی لەبـاری بـۆ بزوتنـەوەی ڕزگاریخوازیـی کورد هێنابووە کایەوە، بەڵام بە لەربەرچاوگرتنی کاریگەرێتی لێکەونەکانی جەنگەکەو مەترسـیی لەناوچوونی ئەزموونی شـۆرشو ڕووخانـی کۆمـاری ئیسـلامیی، هەسـتی شـۆڤێنیو نەتەوەپەرسـتیی حزبی نـودەو چریکەکانـی (زۆرینـە)ی جوڵانـد، سـەرباری ئـەوەی ئـەم هێزانـە تـوانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی هێرشـەکانی عێراقیـان نەبوو، بەڵام لە کوردستاندا ببوونە بریکاریی سـوپای پاسـداران، لـە گـەڕان بـەدوای ئەندامانی هێزە سیاسـییەکانو ئاشکراکردنی پێگـەی شـوێنکەوتوانیان، بەنـاوی هاوکاری ڕژێمـی عێراق، بەسـەختی دژی گەلی کورد دەجەنـگان، لـەم سـۆنگەیەوە (زۆرینە)کان وایـان نیشـاندەدا، بـەو پێیـەی کوردسـتان ناوچەیەکی سـنووریە لەگـەڵ عێراقدا، ئەو هێزانـە بـۆ دژایەتیـی کۆمـاری ئیسـلامیی هاوکاری دەسـتدرێژیەکانی عێـراق دەکەن، بـێ ئەوەی لـەوە ئێبگەن، کـە عێراقییەکان بـە ئەنها دژی کۆماری ئیسـلامیی نین بەڵکو دژی شارسـتانیەتی ئێـرانو خاکەکەیـن، هەربۆیـە لـەو باوەڕەدابـوون، بزواندنـی هەستی نەتەوەپەرستی کوردو پاڵپشتیکردنی عێراقییـەکان، چەنـد هێنـدە ترسـناکترە لە بۆردومانـی نـۆپو هێلیکۆپەتـەرەکان، لەم ڕووەوە لقـی کوردسـتانی (زۆرینـە)کان لە ڕاپۆرتێکدا بۆ کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکە لـە ئـاران، لـە 9ی ئشـرینی یەکەمی 1980 ڕایگەیانـدووە: «بەهـۆی بوونـی پەیوەندی (حدکا) بە ڕژێمی بەعسەوە لەسەر پێشنیازی خـودی قاسـملوو، بـە هەماهەنگـی لەگەڵ یەکەکانـی نۆپخانـەی سـوپای عێـراق، لـە ناوچەکانی جەلدیان- پیرانشەهر، چالاکیەکی سـەربازیی بەڕێوەدەبەن، لە کاتێکدا (حدکا) کارئاسـانی بۆ هاتنە ناوەوەی سـوپای عێراق دەکاتـ، هەروەها (زۆرینە)کان پروپاگەندەی ئەوەیـان دەکرد، کۆمەڵە لە ڕێگەی سـوپای ڕزگاریـی پەیوەندییان لەگـەڵ ڕژێمی عێراق دروسـتکردووەو چەندیـن پارچـە چەکیـان وەرگرتووەو بۆ کاتی پێویسـتـ لە شاری سنە ئامادەی کردوون .

ئەو دژایەتیە ئاشـکرایەی (زۆرینە)کان، هێزە کوردسـتانیەکانی کرد بە گـژ خۆیدا، چونکە (حـدکا)و کۆمەڵە لە جەنگـی ئێران-عێراقدا

پێشەوا قازی محەمەد لە ناو ئاپۆرەی جەماوەردا

هاوکاری ڕژێمی عێراقیان بە خیانەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی دادەنا، لەم ڕووەوە (حدکا) لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی لە 10ی ئابی 1980 (زۆرینە)کانی هاوشێوەی حزبی نوودە بە (جاش) ناوبرد، بەڵام کۆمەڵە هەلوێستێکی ئوندتری وەرگرت و لە 1ی تشرینی یەکەمی 1980 لە هێرشێکدا بۆسەر سەربازگەی بۆکان، دوو چەکداریی لایەنگری (زۆرینە)کانیان بە ناوەکانی (ئەلیاس سەقلی و ئەحمەد پور حەسەن) کوشت، کە چەکو پێداویستی سەربازیان گواستۆتەوە بۆ سەربازگەی (گونبند)، ئەمەش سەرەتای نێکهەڵچوونی نێوانیان بووە .

لەم قۆناغەدا (زۆرینە)کان بەهاوکاری سوپای پاسداران شورایەکی سەربازییان دامەزراندو لە کوردستاندا دەستەیەکی بەناوی (رزمندگان فیدایی/ نێکۆشەرانی فیدایی) پێکهێنا، بەمەبەستی هاوکاریکردنی سوپا بۆ لێدانی دژە شۆڕش لە کوردستانو پاراستنی سنورەکان لە دەستدرێژی سوپای عێراق، لەم ڕووەوە بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامیی) ئەو دەستەیە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوەو لەنەک هێزەکانی (قیادە مؤقەتە)و سوپای پاسدارانداو سەرگەرمی لێدانی هێزە کوردییەکان بووە، بەتایبەت لە گوندی (دزڵی) نزیک مەریوان هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگەکانی (حدکا)، ئەمەش ئەو بانگەشەیەی، کە (زۆرینە)کان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردو کشانەوەی هێزەکانیان لە کوردستاندا ناراست بوو، چونکە بە پراکتیک ئەو هێزانە لە کوردستاندا نەهاتنەدەر، بەڵکو دژی هێزە کوردییەکان بەکارهات، لەمبارەیەوە قاسملوو وتویەتی: «چریکەکان ئەو هێزە نین، کە جێگەی باوەڕی (حدکا) بن، چونکە ئەوان بە چەند چەکدارێکی کەمەوە هاوکاری کورد ناکەن، چۆن دەبنە هێزێکی سەرانسەری ئێران»، (زۆرینە)کان دەیانزانی کە کوردستان پێویستی بەو چەند چەکدارەی ئەوان نییە، بەڵام هەوڵیاندەدا خەباتی گەلی کورد بە خەباتی سەرتاسەری ئێرانەوە گرێبدەن، تا نیشانیبدەن خەباتی گەلی کورد بێ پاڵپشتی سەرانسەری ئێران نێکدەشکێت، هەربۆیە لەم بارەیەوە یارمەتیەکی ڕاستەقینەیان بە جوڵانەوەی کورد نەگەیاند، تەنانەت کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانو لایەنگرانیان بە ناوەڕۆکی شۆڕگێڕانە بارنەدەهێنا تا لە ناوەڕۆکی جوڵانەوەی کورد نێبگەن، بەڵکو بە هەڵوێستێکی شۆڤێنیانە لایەنگرانی خۆیان لێ دوورەدەخستەوە .

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، وێرای ئەوەی (زۆرینە)کان وایان نیشاندەدا دژی جیابوونەوەی (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار)ن، بەڵام لەم قۆناغەدا، هانی ئەو گروپەیان دەدا دژ بە باڵی قاسملوو بوەستن، وەک ئەوەی لە پەیامی (زۆرینە)کان بە بۆنەی (یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان)

هاتووە، کە ئەنها (پێڕەوانی کۆنگرەی چوار) بە جێگرەوەی شەرعی ڕێبازی قازی محەمەد دەزانێت و داواشی لێکردن بۆ لێدانی (گروپی قاسملوو) هاوکاری یەکتر بکەن، جگە لەوەی قاسملووی بەوە ئاوانبار دەکرد، کە سەرقاڵی

> **(ژۆرینە)کان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی خۆیان دەربارەی بارودۆخی کوردستان، ڕایانگەیاند، تەنها دان دەنێن بە گەلاڵەی 6 ماددەی (حدکا) وەک چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردو گێڕانەوەی ئارامی کوردستان، هەربۆیە هەر هێزێکی تر ئەم گەلاڵەیە پەسەند نەکات وەک هێزێکی دژە شۆڕش دەناسێنرێت**

کۆماری ئیسلامیی بە جەنگی عێراقەوە قۆستۆتەوەو هەوڵی داگیرکردنی پادگانەکانی مەهاباد، سەردەشت و پیرانشار دەدات، هەروەها چەند هەواڵێکی بڵاوەکردەوە لەوانە: ئەقاندنەوەی پادگانی مەهابادو بۆکان لەلایەن (حدکا) وە، یاخود سوپای عێراق بە هاوکاری (حدکا) لە ناوچەی (شوشمێ) نزیک (نەوسوود) دزەیان کردووەتە خاکی ئێرانو لەگەڵ دوو ئەندامی (حدکا) بەناوەکانی (فەرای قادری، کەمال دەباغی) هەماهەنگیان هەیە بۆ لێدانی سوپای پاسداران .

لەم قۆناغەدا سیاسەتی دوو فاقی (ژۆرینە) کان لە ئێران بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتی، ناکۆکی لەنێو ڕێزەکانی ئەو ڕێکخراوە پێکهێنا، بەجۆرێک ناڕوونی ستراتیژیی ڕێکخراوەکە لەبارەی دەستە چەکدارییەکانی کوردستان لەلایەک و بانگەشەکردن بۆ پاشەکشەی چەکداریی و گرتنەبەری خەباتی مەدەنی لەلایەکی تر، نزیکبوونەوە لە حزبی تودە بێ ئەوەی دۆستایەتی سۆڤییەتیی بۆ مسۆگەرکردبن، پاشان چەندین هۆی تر، وایکرد ژمارەیەک ئەندامی (ژۆرینە)کان بە سەرۆکایەتی (مستەفا مەدەنی) لە کانوونی دووەمی 1981 بەناوی (باڵ چەپی ژۆرینەکان) جیابوونەوە، وێرای بچوکی و لاوازیان لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا هەڵدەسوڕان .

هەرچی (ژۆرینە)کان بوون لەو پلینۆمەدا، پشتیوانی خۆیان بۆ (ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداریی) کۆماری ئیسلامیی و هاوپەیمانێتییان لەگەڵ حزبی تودە دووپاتکردەوە، هەروەها (حدکا)و قاسملوویان وەک هێزێکی دژە شۆڕشی وابەستە بە ڕژێمی عێراق ناساند، بەم شێوەیە (ژۆرینە)کان وەفاداریان بۆ سوپای پاسدارانو بەسیجو هێزە ئەمنییەکانو هەڵکوتانە سەر (حدکا، کۆمەڵە، کەمینە) بە ئەرکی پلەیەکی خۆیان ناوەدبردو ئامادەیی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن سوپاوە نیشانداوە. بۆ ئەم مەبەستە (ژۆرینە)کان بەشداری زنجیرەیەک لە ئۆپراسیۆنەکانی سوپای پاسدارانو بەسیج کردووە لە ناوچەکانی (سنە، دیواندەرە، کامیاران، حەسەن ئاباد)، هەروەها هاوکاری سوپای موسوڵمان (جاش)یان کردووە بۆ سەر سوپای ڕزگاریی کوردستانی ئێران لە ناوچەی (زالانە)، بەم هۆیەوە ڕژێم سوودی لە هاوکاری چریکو ئوتەییەکان وەردەگرێ، بەو هۆیەوە زۆرینەی شارەکانی کوردستانی گرنۆتەوەو بەمەش بەرەیەکی نوێی دژ بە عێراق کردەوەو ڕاستەخۆ شەڕەکە کەوتە کوردستانەوە .

سیاسەتی هەڵپەرست و چەواشەکارانەی (ژۆرینە)کان بە جۆرێک بوو سەرەڕای هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ سوپا دژ بە هێزە کوردییەکانو هەڵکوتانەسەر شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرەها چەکی پێشکەوتوو، کەچی لە پەیامێکدا بە بۆنەی ساڵوەختی پەیامەکەی خومەینی لە کوردستان دووپاتیدەکردەوە، کە چارەسەری پرسی کورد تەنها لە دەستی ئیمام دایە، پێویستە کورد ڕێزەکانی شۆڕش تێکنەدات و هاوشانی براکانی لە جەنگی دژ بە ئیمپریالیزمیی ئەمریکاو فاشیستی عێراق بجەنگێت، پێشیانوابوو، کە پەیامی ئیمام نەک سەلمێنەری نەواوی داخوازی کوردو خودموختارییە، بەڵکو دڵنیایی پاراستنی یەکڕیزی شۆڕشگێڕانو یەکپارچەیی ئێرانە .

(ژۆرینە)کان لە چوارچێوەی هەڵە مەزنەکانیان و کاریگەرییەکانی نزیکبوونەوەی لە ڕژێمو حزبی تودە، بنکەی جەماوەریی لە کوردستانو نەواوی ئێراندا داکشا، ئەو کاریگەرێنیە هێندەی نر گەورەبوو کاتێک لە 10ی کانوونی دووەمی 1982 لە پلینۆمی ساڵانەی ڕێکخراوەکەدا، بە پاساوی لەدەستدانی سەربەخۆیی و شوناسی ڕێکخراوەکە، دیسان گروپێکی نر بەناوی

(باڵی گشتگر) بە سەرۆکایەتی (عەلی گشتگر) کە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی بوو جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند .

هەرچەندە (زۆرینە)کان هاوشانی حزبی نودە، سەنگێکی گەورەو کاریگەربوون بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و وەدەرنانی هێزو لایەنە سیاسییەکان و دەستگرتن بەسەر ئەواوی شارەکانی کوردستان، بەڵام ڕێبەرایەتیەکەی بە چەشنی نودەییەکان فریوی هەڵوێستی لەناکاو ئوقتینەری مەزهەبیەکانی کۆماری ئیسلامیی بوونو لە سەرەتای ساڵی 1983 کەوتنە بەر شاڵاوی پەلاماردان، (زۆرینە)کان بەهۆی ئێکەڵاویی کاری سیاسییو نەشکیلاتییان لەگەڵ حزبی نودەدا، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شکستیانخواردو ئەنجاماکەشی بە گرتنو لەناوچوونی سەدان ئەندامو لایەنگری ڕێکخراوەکە کۆتایی هات، ئەمە لەکاتێکدا بەهۆی ئەم گورزەوە ڕۆڵو کاریگەریتی ئەو ڕێکخراوە لە کوردستانو نەواوی ئێراندا هەڵگیرا، پاشان ئەو بەشە لە ڕێبەرایەتیەکەی وەک (نەقی حەمیدییان، ئەسفەندیار کەریمی، ناهید قاجار، بەهزارد کەریمی، حەمید بێگی...هتد) کە نەکەوتنە بەر پەلامار، بە ناچاری ئێرانیان بەرەو ناراوگە چۆڵکردو لە شاری (لینکران)ی ئازربایجان نیشتەجێ بوون، جگە لەوە، هەندێک لە ئەندامەکانی هەڵهاتن بۆ باشووری کوردستانو لەلایەن سەرکردایەتی (حشع)ەوە شوێنی ژیانیان بۆ دابینکراوە .

هەروەها ئەو ئەندامانەی چوونە دەرەوەی وڵاتی لە ئازاری 1983 کۆمیتەیەکی 3 کەسیان لە (مەهدی فەتاپور، جەمشید ناهیر پور، ئەنوشیروان لوتفی) پێکهێنابوو، بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری سیاسییو نەشکیلاتی نوێی چریکەکان، لەیەکەم پەیامیاندا پاشگەزبوونەوەی خۆیان دەربڕیو دانیان بە هەڵەو چەوتیەکانیاندا نا، بەڵام ڕێکخستنی ناراوگەی (زۆرینە)کان بە ڕادەیەک لاوازبوو، کە جگە لە بڵاوکراوەیەکو کۆمیتەیەک بۆ بونیادنانەوە، خاوەنی چالاکییەکی ئەوتۆ نەبوون، هەرچەندە هەریەک لە (فەروغ نیگاهدار، عەلی نەوەسەلی) بەمەبەستی یەکلایکردنەوەی ناکۆکیە فیکرییەکانیان خۆیان گەیاندۆتە مۆسکۆ، بەڵام نەک سەرکەوتوو نەبوون بەڵکو لە نشرینی دووەمی 1985 (زۆرینە)کان بەشێوەیەکی فەرمی دابەش بوون بۆ دوو باڵی ڕاستو چەپ .

(زۆرینە)کان لەڕێگەی دانان بە هەڵەو سیاسەتی شکستخواردوویاندا لەبەرانبەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، لە پلینۆمێک بەناوی (بونیادنانەوە) لە ئازاری 1986، ئیشکیان خستەسەر ڕۆڵو کاریگەرێتی نەرێنیان لە کوردستانداو بە تاشکرا ڕەخنەیان لە ڕابردووی خۆیان گرتووەو جوڵانەوەی گەلی کوردیان بە جوڵانەوەیەکی ڕەسەن ناوبردووە، بەم هۆیەوە لە پەیامێکدا بە ناونیشانی (خەبات لە 1977–1983) ڕایانگەیاندووە: «هەرچەندە کوردستان بۆ هەمیشە جێگەی مانو نەمان بووە، بەڵام لە پاش ڕاگەیاندنی شەڕی ئێران- عێراق، لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەڵە لەسەر ناوەڕۆکی ڕژێم، دوایمان بە چالاکی چەکداری لە کوردستاندا هێناو هەڵوێستی چەوتمان بەرانبەر بەو جوڵانەوەیە گرت، بۆ مێژوو دەڵێین ئەو کارە زیانێکی ئەخلاقیی بوو لەمەڕ خەباتی خەڵکی کورد بۆ خودموختاریی، هەربۆیە ڕێبازی سیاسیمان لادانێکی ڕاستڕەوانە بوو» .

ئەم پاشگەزبوونەوەیەی (زۆرینە)کان لە هەڵوێستی ڕابردوویان بەرانبەر بە دۆزی کورد، لەکاتێکدا بوو، کە کاریگەریەکەی یەکجار کەم بایەخو لاوازبووە، دوانر سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە بەهۆکاری ناکۆکی فیکریی، ئاستۆیەکی ڕوونیان لەسەر پرسی کورد نەبووە، هەرچەندە لە یەکەم کۆنگرەی (زۆرینە)کان لە ئەوروپا، کە لە ئابی ساڵی 1990 دا بوو، دروشمی (سۆسیالیزمو دیموکراتیی) پێشنیارکردووە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ بابەتێکی دەربارەی مافەکانی کورد هێنابێتە گۆڕێ، ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستیەن، کە (زۆرینە)کان وەک ڕێکخراوێکی چەپی ئوندڕەو لە ڕووخسارو ناوەڕۆکدا بایەختێکی جدییان بە قازانجی دۆزی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێراندا نەداوەو ڕێبازێکی هەلپەرستانەیان لە ئاستگرتووەتەبەر .

هەڵوێستی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران- کەمینە (ئەقەلیەت) بەرانبەر بەدۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

باڵی (کەمینە)کان وەک ڕەوتێکی سیاسیی- چەکداریی، لە ئەیلولی 1979 جیابوونەوەی خۆیان لە (زۆرینە)کان ڕاگەیاند، ئەم گروپە، کە لەلایەن چەند کەسێکی وەک (سەعید سولتانپور، سیامەک ئەسەدیان، ئەکبەر کامبایی) ڕێبەری دەکران، ڕێکخراوەکە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستیی بە پشت بەستن بە پێڕەوی (هەم سترانیژ هەم تاکتیک)، دژایەتیی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامیی ڕاگەیاندو دروشمی سەرنگونی ئەو ڕژێمەی بەرزکردۆتەوە، هاوکات خومەینییان بە کەسێکی فێڵباز داوەتە قەڵەم .

لە ئێڕوانینی ئەم ڕێکخراوەدا ئامانجەکانی شۆڕش شکستهێنا لە دامەزراندنی شورایەکی کرێکاریو پیشەیی، لەبری ئەو ڕژێمێکی ئیسلامیی جێگەی گرتووەتەوە، کە لەلایەن چەند دەستێکی وەک (لیبراڵی ئیسلامیی، بۆرژوای بازرگان، بۆرژوای سونەتیی)

ڕێبەریی دەکرێت، بەمەش خەونی ئەواوی هێزە دیموکراتیی‌و کۆمۆنیستییەکان لە بەین چووە، هەروەها پێیان وابوو، کە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی لە دژایەتیکردنی ئەمریکا بە مانای دژایەتی ئیمپریالیزم نییە، بەڵکو نوێنەرانی لیبراڵیزمی ئیسلامیی، ئێرانیان بە دونیای سەرمایەداریەوە بەستووەتەوە، هەروەها (زۆرینە)کانیان وەک گروپێکی ڕیفیزیۆنیست‌و پراگماتیک ناساند، کە خیانەت بەرانبەر بە پێڕەوو ستراتیژیی چریکەکان کردووەو دژ بە مافەکانی کرێکار پشتی لە خەباتی چینایەتیی کردووە، پاشان تودەیان بە حزبیکی بۆرژوایی هەلپەرستی دژە کۆمۆنیستیی ناوەبرد، بەوەی قوربانیەکانی ڕابردوویی داوەتە دەست باڵێکی ئاخوندەی تونددڕەو، ئەمەش ئەو پەڕی خیانەتە لە بزوتنەوەی چەپ .

لە ڕاستیدا خەباتی چەکداریی‌و گرنگیدان بە کێشە نەتەوەییەکان، خاڵی بنەڕەتی پێکهاتنی (کەمینە)کان بوو، هاوکات کرۆکی ناکۆکیەکانی ئەو گروپە بوو لەگەڵ (زۆرینە) کان، چونکە (کەمینە)کان لەو باوەڕەدا بوون، (زۆرینە)کان دانیشتوی ئاران بوون‌و ئوانای شەڕکردنیان لە کوردستاندا نیە، ئەنانەت لە واقیعی کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی ئەو ناوچانە شارەزانین، هەروەها کۆماری ئیسلامییان بە ترسناکترین دوژمنی خواستە نەتەوەییەکان دادەنا، کە بچوکترین ناڕەزایەتی گەلانی ئێرانی بەتوندترین شێواز سەرکوت دەکات، بەم پێیەش کوردستان وەک ناکە خاڵی بەرەنگاربوونەوەو ناوەندیی پراکتیکردنی چالاکییەکانی (کەمینە)کان بووە .

لەو ڕوانگەیەی جەنگی ئێران- عێراق کاریگەری نەرێنی لەسەر هەڵوێستیی سیاسیی ڕێکخراوە چەپەکان بەگشتی‌و چریکەکان بە ئایبەتی هەبوو، بەڵام (کەمینە)کان ئەم جەنگەیان بە پەلامارێکی کۆنەپەرستانەی هەردوو وڵاتەکە ناوبرد، بەوەی، کە لە شەڕێکی نەخوازراوی کۆنەقین‌و پراکتیک کردنی ئەندێشەکانی خومەینی بە هاوکاری کەناڵەکانی ئیمپریالیزمیی سنەمکاریی جیهانیی، ئاگرەکەی خۆشکراوە72. هەربۆیە پێشنبینیان دەکرد ئەو جەنگە دژ بە ماهیەتی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی‌و ئابووریی گەلانی ئێرانە، هەروەها هۆشیارێانداوە لەوەی کوردستان وەک ناوچەیەکی سنووری زیانمەندی یەکەمی ئەو جەنگەیە، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامیی بە پاساوی لایەنگری خەڵکەکەی بۆ هێزە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکان گەورەترین کارەساتیان خوڵقاندووە .

هەروەها (کەمینە)کان سەبارەت بە ناکۆکیان لەگەڵ (زۆرینە)کانو ئێروانینیان لە ئاست کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، ڕادیکاڵو توندوتیژتر بوون، چارەسەری پرسی کوردیان لە وتوێژدا نەدەدی، چونکە لەو باوەڕەدابوون داپلۆسین‌و سەرکوتکاری بە ئەنها لە کوردستاندا نیە، بەڵکو ئەگەر (زۆرینە)کان دان بە وتوێژ دا بنێت سنەمکاریی لە ناوچەکانی تر بەردەوامە، پێیان وابوو باردۆخی ئاران لەگەڵ سنەدا جیاوازی زۆرە، ئەو گرفتانەی کرێکاری فارس هەیەتی جیاوازە لەوەی کوردێک هەیبێت، لەمبارەیەوە ڕایانگەیاند: «لە کاتێکدا ڕژێم خوازیاری لەناوبردنی کوردو نەتەوەکانی تری ئێرانە، بەڵام سەیر لەوەدایە چۆن (زۆرینە) کان ئاوانەکانی خاڵخاڵی لەگەڵ بنەڕەتی مارکسییزمی زانستیی بەراورد ناکەن؟ ئێمە بەو پەڕی گیانفیدایی لە سەنگەری ئازادی کوردستان بۆ چەسپاندنی خودموختاریی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکدا تا مەرگی خومەینی‌و داروودەستەکەی کۆتاندەین» .

بەم شێوەیە (کەمینە)کان دامەزراندنی (حکومەتێکی خودموختاریی لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد)دا کردبووە دروشمی سەرەکی لە کوردستان‌و ناوچەکانی تری ئێراندا، هەروەها جەختیدەکردەوە لەوەی هەر هێزێکی شۆڕشگێڕ لەبەرانبەر مافەکانی کورددا دەبێت خودموختاریی پەسەند بکات، چونکە جوڵانەوەی شۆرشگێریی کوردی بە بەشێکی دانەبڕاوە لە جوڵانەوەی سەرتاسەریی ئێران ناوبردووە، لەم ڕووەوە (کەمینە) کان خودموختارییان وەک کۆتا چارەسەری پرسی کورد ناوبردووە، لەبەرانبەردا هەر جۆرە چەمکێکی وەک مافی چارەنوس بە دەستوەردانی ئیمپریالیزم بۆ نێکدانی خەباتی نەتەوەیی‌و چینایەتیی کوردو دابڕین لە فەرهەنگیی ئێرانی‌و ترس لەسەر ئاسایشی ئەو وڵاتە ناوبردووە، بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە (کەمینە)کان لەگەڵ خودموختاریی نەک دابەشکردنی خاکی ئێران» .

هەرچەندە (کەمینە)کان وەک بەشێک لە چریکو بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری خۆیان ناساندبوو، بەڵام تەواوی هێزو پێگەو لایەنگرانیان لە کوردستاندا بووە، هەربۆیە هاوشانی هێزە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان خۆیان ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی خەباتی پارتیزانیی، بۆ ئەم مەبەستە لە پاش شەڕی سێ مانگە، بەهۆی بەهێزی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵەو (حدکا)، کە لە ڕووی سەربازییەوە هاوکاری گواستنەوەی چەک‌و تیماری بریندارانی یەکێتیان کردووەو پێ بە پێی ئەو دوو هێزە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دژ بە سوپای پاسداران‌و هێزەکانی وەک (سوپای موسوڵمان‌و قیادە مؤقەتە) خەباتی سیاسیی‌و چینایەتیان دەستپێکردووە، بۆ ئەم مەبەستە لە ئابی 1980 لە شارەکانی مەهاباد، سنەو کامیاران، بە یادی سالوەختی

کۆچی دوای (مسـنەفا سولّنانی) زنجیرەیەک چالاکیی چەکداریـیـان ئەنجامداوە، هەروەها گرنگترین بەشـداری (کەمینـە)کان لە مانگی ئـشرینی دووەمـی 1980 بـووە، لەرێگـەی زنجیرەیەک چالاکیی پارتیزانیی لە ناوچەکانی (قونقـلام)ی نزیـک مەهابـادو گوندەکانـی (قزال قوبو، سـەلّدۆز)ی دەوروبەری ورمێ، چەند پێکدادانێکیان لەگەڵ سوپای پاسداراندا هەبووەو 20 کەس لە چەکدارانی (کەمینە)کان لەو شەڕانەدا کوژراون، وێڕای ئەوەی لەشاری شـنۆ دوو لە دیارترین کادێرەکانیانی (هێزی ژنانی ئەشکیلانی شـنۆ) بەناوەکانی (خوشکە حەلیمە و سەید زولێخا) دەسـنگیرکران .

هەروەهـا لە درێژەی چالاکییەکانی (کەمینە) کانو بـە هـاوکاری کۆمەڵـە، لـە 18–25ی ئـشرینی دووەمی 1980، چەند پێکهەڵپژانێکیان لەگـەڵ سـوپای پزگاریـیـو (قیـادە مۆقەتە) ئەنجام داوە، کە دەرئەنجامەکەی بۆتە هۆی کوژرانی (موختای قەلعەوەیسـی) لێپرسراوی سەربازی (کەمینە)کان، ئەمە جگە لەوەی ئەو شـەڕانە هـۆکاری هاتنی سـوپای عێراق بوو بە قوڵایی 5 کیلۆمەتر بۆ ناوشـاری مەریوان، هەروەهـا (کەمینە)کان لە یادی دامەزراندنی کۆمـاری کوردسـتان لـە شـاری مەهابـاد، هاوپەیمانێتیەکـی سـەربازیان لەگەڵ (حدکا) پێکهێناوەو بنکەیەکیان بە دووری 7 کیلۆمەتر لە شارەکە بەشێوەیەکی نهێنی دامەزراندووە، هاوکاتـ لە شـاری بۆکان هێزێکی سەربازیان بـە هاوبەشـی لەگـەڵ کۆمەڵـە پێکهێناوە، هەروەها 4 یەکەی نیزامی ئایبەتـ بەناوەکانی (عەنبەریـان، گویلا، مسـعود زادە، سـتوانی مەهابـاد) لەلایـەن (کەمینە)کانەوە پێکهاتـ، کە پەیوەندییەکـی بەهێزیان لەگەڵ کۆمەڵەو (حدکا) هەبووە .

لە چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانێتیە سەربازیەدا، (کەمینە)کان لە شـوباتی 1981، زنجیرەیەک چالاکی هاوبەشـیان لـە ناوچەکانی مەهاباد، سنە، پاوەو مەریوان، ئەنجامداوە، هەروەها لـە شـاری سـنە هـاوکاری پێشـمەرگەکانی (حدکا)یـان کـردووە، کـە کەوتبوونـە نـاو بۆسـەیەکی سـوپای پاسـداران، لەلایەکـی تـرەوە لە ناوچەکانـی دیوانـدەرە (زۆرینە) کان هێرشـیانکردە سـەر لەشـکرێکی سوپای موسـوڵمان (جـاش)، کـە بـە جلوبەرگـی کوردییەوە هەڵیان کوتابووە سەر گوندەکانی دەوربەری شارەکە .

جێگەی باسـە، چەند بارەبوونەوەی چالاکییە سـەربازییەکانی (کەمینە)کان لە کوردستانداو پەرەگرتنـی خەباتی تودەتیزۆ ڕادیکاڵانەیان، کۆماری ئیسـلامیی بە ڕادەیەک تۆرسـاندووە، کە هەوڵیداوە بە زووییقەبارەو پێگەی ئەو ڕێکخراوە لە کوردستاندا لاوازبکاتـو ناکۆکیە ناوخۆییەکانیـان لەگـەڵ چریکـی (زۆرینـە) دا بـە قازانجی خـۆی بەکاربێنێتـ، هەروەها هەڵمەتێکـی بـۆ دەسـنگیرکردنی ئەنـدامو لایەنگرانیـان دەسـنپێکردووە تـا ناچاریـان بکاتـ هاوشێوەی (زۆرینە)کان چەک دابنێن، لـەو هەڵمەتـەدا 87 کـەس دەسـنگیرکران، کـە 49 یـان لـە کوردسـتاندا بـووەو لـەو ژمارەیـە 11 ئەندامیـان لە سـێدارە دراون، دیارترینیـان (سـەعیدی سـوڵتانپور) بوو، کە دەنگدانەوەیەکـی مەزنـی لەنێـو لایەنگرانی چریکەکان بەگشتیو (کەمینە)کان بە تایبەتی لێکەوتەوە، بەو پێیەی ناوبراو وەک سومبولی ڕۆشـنبیرانی چەپـی تێرانیـی لێبانڕوانیووە، لـە هەمـان کاتدا، هاوسـۆزی خواسـتەکانی گەلـی کـوردو چەسـپاندنی مافەکانی بووە، بـەو هۆیەوە چریکەکانـی (زۆرینەو کەمینە) وەک بەرچەکردارێـکـو وەڵامێکـی خێـرای کردەوەکانـی ڕژێـم، زنجیرەیـەک کاری چەکداریان لە 25–28ی حوزەیرانی 1981 لە ناوچـە جیاجیاکانی کوردسـتان ئەنجام داوە، جیا لـەوە (کەمینە)کان پەیامێکـی ئاوەڵایان بۆ (ئەنجومەنی شـورای ئیسلامیی) ناردووە، سـەبارەتـ بـە کوردسـتان ڕایانگەیانـدووە: «ئەگـەر ڕژێـم دەیەوێتـ هێـزە کوردییەکان چەک دابنێتـ، ئەوا دەبێتـ دەسنهەڵبگرێتـ لە کوشـتنو بڕی گەلی کوردو بێ سڵەمینەوەی مافـە دیموکراتییەکانیـان بچەسـپێنێتـ، هەر بۆیـە ئەگـەر ڕژێـم ئامـادەی سـەلماندنی مافەکانـی کورده ئـەوا هێزە چەکـدارەکان ئامادەی دانوستانن» .

پێچەوانـەی ئـەم بۆچوونـەی (کەمینـە) کان، کۆمـاری ئیسـلامیی لە ئەمـووزو ئابی 1981 هێرشـێکی بەرفراوانی لە کوردسـتاندا دەسـنپێکردووە، هەرچەنـدە (کەمینـە)کان بـە هاوکاری هێزەکانـی کۆمەڵەو (حدکا) لە ناوچەکانـی مەهابـادو پیرانشـار بەرپەرچی هێرشـەکانی ڕژێمیان داوەتـەوە، لە یەکێک لەو هێرشانەدا بۆماوەی 6 کاتژمێر کۆنترۆڵی جادەی سـەقز– سـنە یان کردووە، بەڵام لە سەرەتای ئابی، بەهۆی هێرشە بەرفراوانەکانی ڕژێم، قۆناغی کۆتایی پاکسـازیی کوردستانی ڕاگەیانـدووە، کـە تیایـدا 265 کـەس لـە لایەنگرانـی هێزە سیاسـییەکانی کوردسـتان گیراونو 42 کەسـیان لە سـێدارە دراوە، کە ژمارەیەکیان ئەندامی ناسـراوی (کەمینە)کان بوون.

بەهۆی هێرشـەکانی ڕژێم بۆ سەر شارەکانی کوردسـتانو هەڵکوتانـە سـەر ئەنـدامو لایەنگرانـی هێـزە سیاسـییەکان، (کەمینـە) کان مەودای کاری سیاسـییو چەکداریان بە ڕادەیەکی بەرچاو بەرتەسکبۆتەوە، سەرەڕای گرتـنو لـە سـێدارەدانی چەندیـن ئەندامو لایەنگرانیـان، گرفتی ماددییو کەمبوونەوەی چەکو پێویستی سـەربازیی ئەو ڕێکخراوەی بـەرەو لاوازی بـردووە، لەلایەکـی تـرەوە، (کەمینـە)کان ڕووبەڕووی چەنـد قەیرانێکی

وێنەی سێ سەرکردەی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی

ناوخۆیی بوونەوە، ئەویش پاش پێکهێنانی (شورای میللی مقاومت/ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانیی)، کە سەرنجی بەشێک لە ڕێبەرایەتی (کەمینە)کانی بە سەرۆکایەتی (مەهدی سامع) بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، ئەمە لە کاتێکدا هەریەکە لە مەسعود ڕەجەوی و قاسملوو خواستی خۆیان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش بە بەشداریی (کەمینە) کان دەربڕی بوو، هەر بۆیە ئەم ڕەونە لەنێو (کەمینە)کان بە دروشمە سەرەکییەکانی (ش.م.م) سەرسام بوون، کە خۆی دەبینیەوە لە (ڕووخاندی کۆماری ئیسلامیی، دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیی گەلی)، هەروەها لە کوردستانیشدا ئەرکەکانی بە (ڕاگرتنی شەڕو ڕاگەیاندنی خودموختاریی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی خاکی ئێران)ی بە پشت بەستن بە پێشنیاری 24 ماددەی (حدکا) وەک مەرجی بنەڕەتی بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد پەسەندکرد .

سەرهەڵدانی ناڕەزایی فیکریی و سیاسیی لەنێو (کەمینە)کاندا، ئەو ڕێکخراوەی ناچارکرد، لە نشرینی دووەمی 1981 بەشێوەیەکی نهێنی یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەببەرێت، لە نێو کۆنگرەکەدا سێ ڕەونی جیاواز خۆیان ئاشکرا کردووە، یەکەمیان، ڕەونی (مەهدی سامع، موحسین مدیر شانچی)، کە لایەنگریی دۆستایەتی موجاهدینی خەڵکی و خوازیاری چوونە نێو (ش.م.م) بوون، هەروەها ڕەونی دووەم، بە سەرۆکایەتی (ئەکبەر کامبایی)، کە پارێزەری سیاسەتیی ڕابردووی ڕێکخراوەکە بوو، هەرچی ڕەونی سێیەم بوو، لەلایەن (عەباس هاشمی، محەمەد ڕەزا، عەلی ڕەزا مەحفوزی) سەرۆکایەتی دەکرا، دەیانویست لە ڕیشەوە ستراتیژیی ڕێکخراوەکە بگۆڕن .

لەگەڵ ئەوەی کۆنگرەکە جارێکی تر لە بڕگەی دووی پەسەندکراوەکانیدا جەختیکردووەتەوە لە بەردەوامی دان بە خەباتی پارتیزانیی لە پاڵ هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا، هەروەها (حدکا)، کە ئەندامی (ش.م.م) بوو، وەک خەباتگێڕیی نەتەوەیی و چینایەتیی میللەتی کورد ناوبرد، بەڵام ڕێبەرایەتیەکەی نەیتوانی بەسەر کێشە فیکرییەکاندا زاڵببێت، کاتێکیش کۆنگرەکە ڕەخنەی تووندی لە (ش.م.م) گرتووە، بەوەی بەرنامەی ئەم ئەنجومەنە پڕۆژەیەکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕانە نیە، لەسەر خزمەتی چینی پرۆلیتاریا پایەدار نەبووە، بەڵکو بەرنامەیەکی ڕیفۆرمیستیی لیبراڵیزمی مەزهەبییە، کە بۆرژوای سەرمایەداریی سەرۆکایەتی دەکات، لەو باوەڕەدابوون، کە ئەم ئەنجومەنە دروشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردۆتەوە، بەڵام دامەزراندنی دەسەڵاتێکی مەزهەبیی لەبری ئەو ڕژێمە قبوڵە، هەر بەم هۆیە پەسەندکراوەکانی

کۆنگـرە بووە هۆی ژێر پێنانی خواسـتەکانی (مەهدی سـامع)و هاوبیرانـی، بەو هۆیەوە جیابوونـەوەی خۆیـان ڕاگەیانـدو چوونـە نێـو (ش.م.م.)، سـەرەنجام پـاش 7 مانـگ ڕێکخراوێکـی نوێیـان بەنـاوی (پیرونامـە هویـتی پێڕەونامەی شوناس) دامەزراند .

لەم کاتـەدا، (کەمینـە)کان خەباتی چریکیان لە کوردسـتاندا پەرەپێـداوە، بەم هۆیەوە لە نیسان ئاکو کانونی یەکەمی 1982 بە هاوکاری هێزەکانـی کۆمەڵـەو (حـدکا) زنجیرەیـەک چالاکییـان ئەنجامداوە، لـە گرنگترینیان: لە 14ی حوزەیرانـی 1982 هێزەکانـی (کەمینە) کان لەگـەڵ (حدکا) ڕێگـەی میانداو- بۆکان یـان کۆنترۆڵکـردووە، هەروەهـا لـە 10ی ئەموزی 1981 سەربازگەی (قوشچی) ورمێی یان کۆنترۆڵکراوە، لە 16ی ئشرینی دووەمی 1982 دەستیانگرت بەسەر سەربازەگەی (مام زینە- خوریسان) لە سەردەشتو گوندەکانی دەوروبەری .

قورسـیی کاریگەرییەکانـی ئـەو زنجیـرە چالاکیانـە، (کەمینە)کانـی گەیانـدە ئـەو باوەڕەی بۆ ڕێکخستنەوەی کارو چالاکییەکانو دیاریکردنـی سـتراتیژیی ئایندەیـان لـە کوردسـتاندا، لـە ئشـرینی دووەمـی 1982 یەکەمین کۆنفرانسـی سـاڵانە لە کوردستاندا ببەسـترێت، ئیایـدا چەند بڕیارێکـی گرنگیدا لەوانـە، پێکهێنانـی (کۆمیتـەی نهێنـیو بەرگریی)، کە ئەرکی سـەرەکی ئەنجامدانی کاروچالاکی چەکداریو ڕێکخستنی شارەکان بوو، دامەزراندنی ڕادیـۆی (دەنگی فیدایی) بـۆ بەسـتنەوەی ڕووداوەکانـی کوردسـتان بـە چالاکییەکانیـان لـە ئـەواوی ئێرانـدا، دامەزراندنـی زانکۆیەکی سیاسـیی- نیزامیی بەناوی (مەسـعود ڕەحمەتـی) بۆ کردنەوەی خولی پێگەیاندنی پێشمەرگە، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامـەی (ڕێگای گەل)ی ئایبـەت بە کارو چالاکی ڕێکخراوەکە لە کوردستان .

جێگەی باسـە، پێکهێنانـی (کۆمیتەی نهێنیو بەرگریـی) لـە کوردسـتاندا، (کەمینە)کانـی بردۆنـە قۆناغێکی نوێ لـە پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، بـە جۆرێک لەگـەڵ (حـدکا) دۆسـتایەتیان پەرەپێـداوەو هێزەکانـی چریـکو (حـدکا) لە کۆتایی سـاڵی 1983 بـە دەنگ هاوکاری پێشمەرگەکانی (حدکا) چوون، لە هێرشەکانی گوندی (حەسەن سـالاران)ی سەربە ناوچەی (سەرشیو)، کە ئوانیویانە سنوانێکی پاسداران ئێکبشکێنن، دوائر ئەم دۆستایەتیە لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەی پشتیوانی گەرمتربووە، کاتێـک 16 پێشـمەرگەی (حـدکا) لە شـاری سـنە لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپای پاسدارانداو لە ئابـی1983 کوژران، (کەمینـە)کان وێڕای ئیدانـەی کردەوەکانـی ڕژێـم، پشـتیوانی سەربازیی بۆ (حدکا) دەربڕیوە .

لە لایەکی تـرەوە، (کەمینە)کان پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵە بەرەو خراپی چوو، بەو پێیەی کۆمەڵـە لـە کۆتایی سـاڵی 1983 بووتە لقی کوردسـتانی حزبـی کۆمۆنیسـتی ئێران، بەم هۆیە ڕووبـەڕووی ڕەخنەی توندی فیکریو ئایدۆلۆژیـی بۆتـەوە لەلایـەن (کەمینە)کان، لـەو ڕوانگەیـەی چریـک بـە هەمـوو باڵە جیاوازەکانیەوە خۆیان بە ئاکە نوێنەری چەپ ئێرانـی ناو دەبردو ڕێگەیـان بە دەرکەوتنی ڕێکخراوێکـی سەرانسـەری نـەدەدا، لـەم ڕووەوە هێرشـیان کردە سەر کۆمەڵە بەوەی ئـەو ڕێکخراوە کوردسـتانییەو پەیوەندی نیە بە دۆخی گشتی ئێرانەوە، بە پاساوی ئەوەی کۆمەڵە دەیەوێت لە ڕیزی یەکگرتووی چینی کرێکاریـی ئێرانـدا دووبەرەکـی پێکبێنێت، لەبـری خەباتـی چینایەتیـی نێکەڵـی بیری ناسـیۆنالیزمیی تەسـکبینو ووردە بـۆرژوای جوتیاریی بووە .

ئەڵقەیەکـی تـری ئـەم ناکۆکیانـە، لەسـەر ڕوانینـی بزوتنەوەی چەپو هەڵوێسـتی ئەو ڕێکخراوانـە بوو لەسـەر کێشـەی نەتەوەیی گەلـی کوردو خواسـتی خودموختـاری، لەم چوارچێوەیـەدا (کەمینـە)کان پێیانوابـوو، کۆمەڵە دەربـارەی خودموختاریی پێچەوانەی بنەڕەتەکانی مارکسیی- لینینیی، بەرنامەیەکی ڕوونـی نیـە، لە کاتێکـدا خۆی بـە ڕابەری جوڵانـەوەی نەتەوەیـیو دیموکراتیـی کورد ناودەبـات، لـە بـری ئەوەی وەک بەشـێک لە خەباتی دژە ئیمپریالیسـتییو دیموکراتیی گەلانی ئێران ڕابەرایەتی کرێکارانی کوردستان بـکات، کەچی لە پێنـاو ڕازیکردنی ئەندامە فارسەکانی (حکا) پاشەکشەی لە خواستەکانی کورد بۆ خودموختاریی کردووەو ئەم پرسەی خسـتووەتە دەسـت کەسـانێک، کـە هیـچ شارەزاییەکیان لەسەر واقیعی کوردستان نیە.

لـەم ڕووەوە (کەمینـە)کان ڕایانگەیاندووە: «ئاشـکرایە کۆمەڵـە لەبـەر چەنـد هۆیەک لەڕووی نەتەوەیی تۆشی لادانێکی فرە گەورە بووە، وا دەریدەخات، کە شۆڕشـی ئایندەی چینـی کرێکاریـی ئێـرانو کۆمەڵـە پێکەوە گرێـدراون، بەڵام کۆمەڵە هێشـتا نەیتوانیوە بـە ڕوانینـە بۆرژواییەکـەی، کـە بـە قۆڵی ڕیشـەی لە تۆژی جوتیاریی کوردسـتاندایە، ئـەو پەیوەندییـە ببچڕێنێـت، ئەگەر چی لە ناوەڕۆکدا خوازیاریی ڕێکخراوی کۆمۆنیسێیی جیاوازە بۆ کوردسـتانی ئێران، بەڵام کۆمەڵە وای ڕادەگەیەنێت، کە دەتوانن لە ناوچەکەدا وێڕایی پاراسـتنی دروشمی (کرێکارانی دونیا یەکگرن)، قسـە لـە نوێنەرایەتـی جیاواز بۆ پرۆلیتاریـای ئێران بکـەن، هەر بۆیە کۆمەڵە بەشـێوەیەکی جیاواز پرۆلیتاریای کوردستانو سەرانسەری ئێران لێکدەداتەوە» .

ناکۆکیـە نێۆرییەکانـی (کەمینـە)کان لەگەڵ کۆمەڵـەدا بەرادەیـەک گەیشـتووە، کـە بە

بۆچونێکی شـۆڤێنیانەی هەندێک لە ئەندامە فارسەکان ڕقو نورەیی خۆیان لە کوردستاندا نیشـانداوە، وای دانـاوە هـەر لایەنێـک کوردسـتان بـە «داگیرگـە» لە قەڵـەم بدات ئـەوا هەڵگری بیری ناسـیۆنالیی شـۆڤێنیە، لـەم ڕوانگەیـەوە دژی کۆمەڵە وەسـنایەوە، کانێک لە پەسـەندکراوەکانی کۆنگرەی سێدا، کـە ئیایـدا هێزەکانـی کۆمـاری ئیسـلامیی بـە «داگیرکـەر» ناوبـردووە، لـە پەیامێکدا ڕایگەیانـدووە: «لەبەرانبەر ئەم دەسـنەواژە ناشـۆڕگێڕییەی کۆمەڵە ناچارین سەرنجیان بۆ هەزاران (جاش) ڕایکێشـین، کە ئەگەر ئەوان نەبوونایـە ڕژێم نەیدەتوانی هانگاوێک بچێنە پێـش، ئەو جاشـانە لەلایەن چەوسـێنەرانی ناوخۆیـی کوردسـتانەوە چەکدارکـراون، هەربۆیە سـەبارەت بە چەمکـی (داگیرکەر) بۆ کۆماری ئیسـلامیی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەو ڕژێمە دەسـەڵاتێکی بۆرژوای سەرەڕۆیە بەسـتراوە بـە ئیمپریالیسـتەوە دەنـا، ئـەو هێزەی کۆماری ئیسـلامیی هێزێکی ناوخۆیی نەک داگیرکەر، هەروەها بۆچوونیان وابووە، ئەگـەر کۆمەڵـە، کوردسـتان وەک وڵاتێکی سـەربەخۆ نابینێتو دروشمە سترانیژییەکەی بۆ ڕاماڵینی سـوپای داگیرکەر لەسـەر خاکی کوردستان، بێ سەرکەوتنی کۆمەڵانی خەڵک لـە شۆڕشـێکی دیموکراتیـدا نەبینێت، ئەمە نـەک بەرهەمهێنانـی بۆچوونـی نادروسـتی بـۆرژوای چەوسـێنەرە، بەڵکـو گـەرای ناسـیۆنالیی شـۆڤێنیی لەناو ئەو جوڵانەوەیە بەهێز کـردووە»، لەبەرانبەر ئەوەدا کۆمەڵە لـە وەڵامـی ئـەم بۆچوونـەی (کەمینـە) کاندا ئـەوەی خسـنەڕوو، بەرنامەی کۆمەڵە بـۆ خودموختاریـی لـە کۆنگـرەی سـێ لە شوبانی 1982 پەسـەندکراوە، ئەو کاتە هیچ هەنگاوێـک بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیسـت نەبووە، کەواتە ناسـاندنی سیمای چینایەتیی کۆمەڵە لەگەڵ پێکهێنای حزبی کۆمۆنیسـتو داخوازییەکانی یەکنایەتـەوە، ئەم بۆچوونانە نیشاندەری ئەو ڕاستیەن (کەمینە)کان خەباتی هێـزە کوردییەکان لەنێـو (ش.م.م)و (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) یان سەبارەت بە کوردستان لە دوو ڕوانگەوە هەڵسەنگاندووە، یەکەمیان، خەباتی چینایەتیی پێـش خەباتی نەتەوەیی، دووەمیـان، بەسـتنەوەی جوڵانـەوەی گەلی کورد بە پرۆژەی سەرناسـەری ئۆپۆزسـیۆنی چەپی ئێرانیەوە.

لـە چوارچێوەی ئەو ڕکابەرییـە ئایدۆلۆژییە، (کەمینە)کان بۆ سەلماندنی ئەو دیدەی کە لە ئواناياندایە بەرنامەیەکی پێشکەوتوتر سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد لە پەسەندکراوەکانی (ش.م.م)و (حکا) بێننە کایەوە، لەسـەرەتای سـاڵی 1984 بەرنامەیەکـی بـۆ (ڕووخاندنی کۆمـاری ئیسـلامیی و دامەزراندنی کۆماریکی دیموکراتیکی گەلی) خسـنەڕوو، سـەبارەت بە مافەکانـی گەلی کورد لـەم بەرنامەیەدا، داخوازییەکانـی لـە (خودموختاری)یـەوە بـۆ (دیاریکردنـی مافی چارەی خۆنوسـین) گۆڕیـوە، لـەم بارەیـەوە ڕایانگەیانـدووە: «ئەبێـت مافـی دیاریکردنـی چارەنـوس نا ڕادەی جیابوونـەوەو پێکەوەنانـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بۆ هەموو گەلـە زۆرلێکراوەکانی ئێران بە ڕەسـمی بناسـێنرێت، گەلانی زوڵم لێکـراوی ئێـران، دەبێت سەربەسـتانە بڕیار بۆ دیاریکردنی چارەنوسـی خۆیـان بدەن»، هەرچەندە بەکارهێنانی دەسـنەواژەی (مافی چارەی خۆنوسـین) بەرنامەیەکی گرنگ بوو، کـە (کەمینە)کان وەک یەکەمیـن ڕێکخراوی ئۆپۆزسـیۆنی چەپی ئێرانی قسـەی لەبارەوە کـردووە، بەڵام ئـەم ڕێکخراوە لـە کردارد هیـچ هەنگاوێکی بۆ نەناوە، بگرە دژیشـی وەسـناوەتەوە، بۆنمونـە لـە پەیامێکیـدا سەبارەت بە کۆمەڵە ڕایگەیاندووە: «کۆمەڵە هەموو پەیوەندییە سیاسیو ئایدۆلۆژییەکانی خۆی لەگـەڵ ئەوبۆچوونە ناسیۆنالیسـتانەی کە ڕیشـەیەکی زۆری کوناوبو ئەپچڕێنێت... کانێک ڕێکخراوێکی وا سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیـی هەڵوێسـت ئەگرێـت، دەبێت لە ڕوانگەی پرۆلیناریای ئێرانەوە لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێراندا قسەبکات»، ئەم بۆچوونە پێچەوانـەی بەرنامـەی (مافـی دیارکردنـی چارەنـوس) بـوو، کە دەردەخـات (کەمینە) کان داخوازییەکانـی کـورد لـە چوارچێوەی سنوری ئێران بنرازێت ڕەتی دەکەنەوە، جگە لـەوە، (کەمینـە)کان هەسـتێکی دەمارگیری ئوندئاژۆ بەرانبەر بە گەلی کورد نیشـاندەوە، لە کانێکدا ڕایانگەیاندووە، سنەمی نەتەوەیی لەسـەر گەلی کـورد لە بنەڕەتـدا بەرهەمی دەسـەڵاتی فارس نیە، ئـەوا ئیمپریالیزمە بۆ سەرکوتکردنی گەلانی نافارس زمانی فارسیان بەسەردا دەسـەپێنن، ئەم کارە نابێت لەسەر فـارس هەژمـار بکرێـت، هەر ئـەو هێزەی زمانی فارسیی بەسەر کورددا سەپاندووە هەر ئەو هێزە کولتورو پۆشـاکی ئەوروپای بەسەر فارسدا سەپاندووە، ئەم بۆچوونەی (کەمینە) کان سیاسـەتێکی دوو فاقیـی بـوو، چونکە لەلایەک قسە لە چەوسـاندنەوەی نەتەوەیی دەکـرد، لەلایەکـی تـر گەلـی سەردەسـتی نەتەوەیـی فارسـی ڕەتدەکـردەوەو ئۆبالـی سـنەمی نەتەوەیی دەخسنە پاڵ ئیمپریالیزم، ئەمـەش خۆ دوورخسـتنەوەبوو لە ڕاسـتییە مێژوویییەکانو ئەرکە ئینتەرناسیۆنالیستییەکەی مارکسـیزم، چونکـە نەتـەوەی چەوسـێنەر هەرچۆنێـک بێـت شـتێک نیـە بەنـاوی ئیمپریالیـزمو بە ئاشـکرا نەتەوەیی فارسـە، هەروەهـا پێچەوانـەی ئـەو ئەرکەیـە کـە لەسـەر بزاڤی مارکسـیزمیی بەجێیهێشتووە، ئەویش (ئینتەرناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕیە)، کە جیاوازی لەنێوان نەتەوەکان کاڵ دەکاتەوە .

هەروەها (کەمینە)کان چاویان لەو ڕاستیە پۆشیوە، کە نایەکسانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران تەنها بابەتی زمانو فەرهەنگ نیە، بەڵکو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تەنها بۆ فارسەکانە، دەوڵەتو دەسنکەوتە جۆراوجۆرەکان لەلایەن حکومەتەوە پێکدێت، کە لە ژێر دەسەڵاتی فارسدایەو کوردو نەتەوەکانی تر لێی بێ بەرینو بەزەبری هێز لە چوارچێوەی ئێراندا ڕاگیراون، لە کاتێکدا هەڵکوتانی سوپا بۆ سەر هەر ناوچەیەک بە مانای داگیرکردن نەبێت پێناسەیەکی تری نابێت، هەربۆیە دەردەکەوێت، کە (کەمینە) کان وێڕای خەباتی چەکداریان لە کوردستاندا باوەڕیان بە بنەڕەتی کێشەی کوردو مافی دیاریکردنی چارەنوسی ئەو گەلە نەبووە، بۆ ئەم مەبەستەش پاساوی ناجۆریان هێناوەتەوە، هەوڵیانداوە بیروڕاکانی خۆیان لە چوارچێوەی مارکسییزمدا ئێۆریزە بکەن، هەر بۆیە کاتێک (کەمینە)کان مافی چارەنوسی گەلی کوردیان دەبەستەوە بە دامەزراندنی کۆماریکی دیموکراتیی، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بوو کە باسی لە سەربەخۆیی و مافی جیابوونەوەی کوردستان کردبوو، هەروەها (کەمینە)کان لەو باوەڕەدابوون، کە بەرژەوەندی گەلی کوردو پرۆلیتاریای کوردستان هاوشانی یەک چارەنوسیان بە دەوڵەتێکەوە گرێدراوە، کە بەتەنها چریکەکان دەتوانن ئەوکۆماڕە دروست بکەنو مافی گەلە زۆرلێکراوەکانی وەک کورد بدەن، هەر پێیان وابوو، هەر لایەنێک بیەوێت لەکاتی بوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمدا کۆنایی بە ستەمی نەتەوەیی بێنێت ئەوا کارێک ناکەن جگە لە گۆڕینی سەرکۆنکردن بە شێوازێکی تری چەوساندنەوە .

سەرباری ئوندۆیژی بۆچوونی (کەمینە) کان، ئەو ڕێکخراوە لە ڕووی ستراتیژییەوە سیاسەتێکی دوو سەرەی ئەنجامداوە، لەلایەک ڕەخنەی لە هەوڵەکانی قاسملوو دەگرت بەوەی (حدکا)ی بردۆتە ناو (ش.م.م)و پاشگەزبوونەوەی لەگەڵاڵەی 6 مادەیی نێوانیان کردووە، لەلایەکی تر دڕێژەی بەهاوکاریەکانی لەگەڵ (حدکا) داوە، لە 5ی ئازاری 1984 هاوکاری هێزەکانی (حدکا)ی کرد، بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێگەی خانی- سەردەشت، هەروەها (حدکا) لە لای خۆیەوە ئەم پەیوەندییەی بەشێوەیەکی ناکتیکی هێشتۆتەوە، تا لە شەڕی کۆمەڵە لایەنگری هیچ لایەک نەکەن، لەمبارەیەوە ڕایگەیاندووە: «پێویستە لەگەڵ (کەمینە)کان هاوکاری نەکرێت بە فەرمی ئەجاهول بکرێن تا شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە هەیە بە غەیرە فەرمی ڕووی خۆشیان نیشانبدرێت» .

بەم شێوەیە، لە 12ی ئەیلولی 1984 (کەمینە) کان بە هاوبەشی (حدکا) بەیانێکیان سەبارەت دەستدرێژیەکانی ڕژێمو ڕاگواستن لە ناوچەکانی (ئالانی سەردەشت، سەرشاخان، گوندی کانی زەرد، ئەحمەد غەریب) دەرکردووە .

لە قۆناغی نێکهەڵچوونی چەکداریی نێوان (حدکا)و کۆمەڵەو بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆری ئایدۆلۆژیی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، چینایەتیو چەکداریی هانۆتە کایەوە، هەرچەندە لە پێشترا چەندین پێکهەڵپژانی ناوچەیی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، بەڵام لە نشرینی دووەمی 1984 لە ناوچەی (قەڵوەزە)ی هەورامان ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان پێشمەرگەکانی هەردوولا دروست بووەو (کارەسانی هەورامان) لەنێوانیاندا ڕوویداوە، سەرەنجام لە کۆنایی ساڵی 1984 بەرەو شەڕێکی سەرتاسەری هەنگاوی ناوە . لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵەو (حدکا) بە ئامانجی ڕێگریی لە نەشەنەکردنی شەڕەکە، کۆمسیۆنێکی هاوبەشیان پێکهێناوە، بێ ئەوەی ئەنجامێکی ئەونۆ بداتە بە دەستەوە، بەم جۆرە سەرەڕۆیی (حدکا)و ئوندڕەویی کۆمەڵە، دەرگای لەسەر چەند هێزو لایەنی

> «گەورەترین هەڵەمان ئەوەبوو بێ ئەوەی هیچ کارێکمان لەدەست بێت چووینە ژێر سیاسەتیی حزبی تودە و چریکە زۆرینەکان»

سیاسییدا کردووەتەوە تا بە پێی ویستو بەرژەوەندیان بە ناوی ڕێگری لە فراوانبوونی شەڕەکە شرۆڤەی ئیۆریو سیاسیی خۆیان بکەن، بەم پێیە هەریەک لە (کەمینەکان،

گروپـی ئەشـرەف دەهقانـی، پێڕەوانـی هەویـەتـ) لەرێگەی بڵاوکردنـەوەی پەیامی جۆراوجـۆر مەترسـییو زەرەرو زیانەکانـی ئـەو جەنگەیـان ڕوونکردووەتەوە، یەک لەو هێزانـە (کەمینـە)کان بوو، کـە نوێنەرێکیان

بۆچوونی هەڵپەرستانەی (زۆرینە)کانو نا سەقامگیریی هەڵوێستیان بەرانبەر کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد، لە قۆناغی سەرهەڵدانی جەنگی ئێران- عێراقدا35، کاریگەرێتیەکی نەرێنی لەسەر بۆچوونی ئەم ڕێکخراوە لە کوردستاندا هەبوو، لەو سۆنگەیەی هێرشیی حکومەتی عێراق، گیانی بەرگریی جەماوەری ئێرانی بزواند

بەنـاوی (مەهـدی بەهـادوری) ناردووەتـە لای جـەلال ئاڵەبانی نـا نێوەنگیریان بکاتـ، ئاڵەبانی هەریەکە لە (برایم جەلال و جەمیل هەورامـی) بەمەبەسـتی پێکهێنانـی لیژنەی لێکۆڵینـەوە ناردۆتە شـوێنی ڕووداوەکە، بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێتـ .

وێـڕای ئـەوە، (کەمینـە)کان هەوڵیانـداوە وەک لایەنێکـی نێوبژیـوان خۆیـان نیشـان بـدەن، جگەلە سـەرکۆنەی هەر خواسـتێک بۆ هەڵگیرسـانی شەڕی ناوخۆ، هۆشیاریداوە لـە پاراسـتنی ئەبایـی نێـوان هێـزو لایەنە سیاسـییەکان ئا لەبەرانبـەر ڕژێم بەهێز بن، هەروەهـا لە 27ی نیسـانی دووەمی 1984 (کەمینە)کان پەیامێکی کراوەیان بۆ دەفنەری سیاسیی (حدکا)و کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە نـاردووە، ئیایـدا بـە بیـری هـەردوولای هێناوەتـەوە ئەگەر بە گیانی بەرپرسـیارێتی لـە ڕووداوەکان نەڕوانن ئـەوا دەبێتە هۆی نێکچوونـی ڕیزەکانـی جوڵانـەوەی کـورد، هەروەها داوای ڕاگرتنی شـەڕی ڕاگەیاندنو پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی بێ لایەنیان کردووە، تـا لێکۆڵینـەوە لـە کارەسـاتی هەورامـان بـکاتـو دەرئەنجامەکـەی بـۆ کۆمەڵانـی خەڵـک ڕوونبکاتـەوەو سـزای تاوانبـاران بـداتـ، هەرچەنـدە هیـچ کام لـە (حدکا)و کۆمەڵـە بـە دەنگ ئەم پەیامـەوە نەچوون، بەڵام (کەمینە)کان بەشـێوەیەکی ناراستەوخۆ لیژنیەکی بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێناوە، هەروەها لە کۆنایی نیسـانی دووەمی 1984 ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانـی بڵاوکردووەتەوە، کە وێڕای سەرکۆنەکردنی هەردوولاو ئیدانەی کوشتنی ئەندامانـی کۆمەڵـە لەلایـەن (حـدکا)وە ڕایگەیاندووە: «کێشەی هەردوولا کێشەیەکی ئایدۆلۆژیی نێوان بۆرژواو پرۆلیتاریایە، چونکە کۆمەڵە خۆی بە نوێنەری کرێکاران دەزانێتـو (حدکا) بە نوێنەری سـەرمایەداریی‌و خەباتی بۆرژوایـی بەیەکێـک لە ئەرکەکانـی داناوە، دیـارە بۆرژوایی بێ دەسـەڵاتـ نەک حاکم، لـەدوای ئەوە کێشـەی گومـرگ، بەکرێدانی باخـی جاشـەکان، قبوڵنەکردنـی شـوراو کێشـەی هاتوچۆی خەڵکی پاوە، ڕێگەی ئەم ناکۆکیانەی خۆش کردووە، ئاشـکرایە کۆمەڵە لە باری نونـدی هەڵچوونیاندا ڕایدەگەیەنن، کـە ئـەوان (حـدکا) بـە فەرمـی ناناسـنو هەرکـەس بێنـە پێشـیان بە گوللـە وەڵامی دەدەنەوە، هەروەها پێویسـتە (حدکا) وەک هێزی یەکەمی ئەو ناوچەیە، وەڵامی فەرمی هەبێـتـ، ئەگەر هەر لایەک نیازی درێژەدان بـە شـەڕی پاوانخوازیی هەبێـتـ، ئەوا جگە لە زیانە سیاسـییو کۆمەڵایەتیی، گەورەترین شکسـتی بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕیی گەلـی کوردە» .

(کەمینـە)کان بە هۆکاری نائەبایی سیاسـییو ئایدۆلۆژییان لەگەڵ کۆمەڵە، لێکۆڵینەوەکانی ناڕاستەوخۆ لایەنگیری (حدکا)ی پێوە دیاربووە، لەمبارەیـەوە دژ بـە کۆمەڵـە ڕایگەیاندووە: «کۆمەڵە لە چەند ساڵی ڕابردوو بە درێژەدان بە سیاسـەتی سیکناریسنییخۆیی نەک بەتەنها هەلی شـەڕێکی لەو جۆرەی ڕەخسـاندووە، بەڵکـو هۆکاربـووە بۆ چەندبـارە بوونەوەی جەنگ لەناوچـە جۆربەجۆرەکانـدا، کۆمەڵە چەند سـاڵ بەر لە ئێستا ویسویەتی پێیەکانی بخاتـە نـاو جەنگێکـی سەرتاسـەریی، هەر بۆیە کۆمەڵە ئەمڕۆ سـوودمەندە لەو کەشـە نەخوازراوەی ڕوویداوە، هەوڵدەدات شـەڕی ئایدۆلۆژیی نیۆریزە بکاتـ، دژ بە بۆرژوازیەتی (حـدکا) شـەڕ هەڵبگیرسـێنێتـ، ئەگـەر بە فەرمی دەیەوێتـ بەرگری لە دیموکراسیەتی شۆڕشـگێڕانەی گەلی کورد بکاتـ، دەتوانێتـ بەر بەم شەڕە بگرێتـ» .

هەوڵەکانـی (کەمینـە)کانو نـەواوی هێـزو لایـەنو کەسـایەتیەکان نەیانتوانـی ڕێگـری لەشـەڕی نێـوان (حـدکا)و کۆمەڵـە بکەنو سـەرەنجام کۆمەڵە لە نۆڵـەی ڕووداوەکانی کارەسـاتی هەورامان لـە 21ی ئازاری 1985 بـە چەککردنـی بنکەی (ئـاژوان)ی (حدکا)،

بانگەشــەی شەڕێکی سەرناسەرییو خوێناویی ڕاگەیاند .

کــە ئــەو شــەڕە هەڵگیرســا، (کەمینــە)کان پەیامێکی کراوەی بۆ هەردوو لایەن ناردووە لــە 25ی کانوونی دووەمــی 1985 داوای لە ڕێبەرایەتییەکانیان کردووە لە پێناو پاراســتنی بەرژەوەندییەکانــی گەلــی کوردو پاراســتنی دیموکراســیی بــە زووییــی ناکۆکییەکانیــان وەلانێنو شەڕەکە بوەستێنن، بەڵام سەرەڕای ئــەوەی ئەو هەوڵانەی (کەمینە)کان بێ ئاکام بــووە، کۆمەڵــە ڕەخنــەی ئونــدی لێگرتووە بــەوەی نائوانێت بێ لایەنــی بپارێزێت، لەم ڕووەوە کۆمەڵــە پێــی وابــوو، هەرچەنــدە (کەمینــە)کان وای نیشــاندەدەن کە شــەڕی ناوخــۆ لە کوردســتان دژی هەموانە، بەڵام لە بنەڕەتدا خۆیان بەدوور دەگرن لە ڕاستو دروستیەکانو دەستنیشــان کردنی ناوەڕۆکی ناکۆکییەکە .

ساڵی 1985 پەیوەندییەکانی نێوان (کەمەینە) کانو (حدکا) بــەرەو گرژییو دوورکەوتنەوە هەنگاوینــا، کانێک (حدکا) لە نیســانی 1985 بەهۆکاری دەســتپێکردنەوەی وتوێژی نهێنی لەگــەڵ کۆماری ئیســلامیی دا لــە (ش.م.م) کرایــە دەرەوە، هەرچەنــدە وەک ئاماژەمان پێدا (کەمینە)کان ئەندامی شــوراکە نەبوونو دانیشیان پێدا نەناوە، بەڵام ڕەخنەی ئوندیان لــە (حــدکا) گرتــووە بــەوەی هەوڵیــداوە دانوستان لەگەڵ ڕێژێمدا بکات، لەم ڕووەوە پێیــان وابــووە دەبــوو (حــدکا) وردتر بیری بکردایەتەوەو لە ئەزموونی ڕابردووی کەڵکی وەربگرتایە، چونکە دەستپێکردنەوەی وتوێژ، پەیوەنــدی بە خەباتی شۆڕشــگێڕانەی گەلی کوردو زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێرانەوە هەیە، ئەو هەوڵەی (حدکا) پاشگەزبوونەوەو ئێنەگەیشــتنە لە سیاســەتی دڕندانەی ڕژێم، کە ڕۆژانە دەیانو ســەدان خەڵکی بێ تاوان دەکوژێــت، چۆن دەتوانێــت مافەکانی کورد دابین بــکات. هەروەها ئاماژەیان بەوە داوە کــە بــۆ ئێکنەدانــی ڕیزەکانی شۆڕشــگێڕان پێویســتە (حــدکا) خەباتــی چەکداریی بکاتە ناوەندیــی بڕیارەکانی تــا ڕووخاندنی ڕژێمو پەیوەســتبوون بە مانەوەیــان لە چوارچێوەی ئێراندا نەوەستێت، هەروەها (حدکا) دەبێت لەوە ئێبگات، کە گەلی کورد لە ململانێیەکی چینایەتییە بەتەنهــا خودموختاریــی یــان فیدرالیی لە سنووری دەسەڵاتێکی مەزهەبیدا قبوڵناکەن، کە مافەکانی کرێکاران پێشێلبکات .

لەبەرانبــەر ئــەو ڕەخنانــەی (کەمینــە)کان، (حــدکا) هەڵوێســتێکی ئونــدی وەرگرتووە، لە پەیامێکــدا ڕایگەیانــدووە: «هەر هێزێک هــاوکاری پێشــمەرگەکانی (حــدکا) نــەکات بــە دۆســتی خــۆی نازانێت»، بــەم هۆیەوە لــە حوزەیرانــی 1985 (کەمینــە)کان وەک ناڕەزایەتیــەک لــە بەرانبــەر هەڵوێســتی نادیموکراتی (حدکا) هاوپەیمانێتی سەربازییان لەگەڵیــدا هەڵوەشــاندۆتەوە. ئــەو ناکۆکیانە بەوەوە نەوستاوەو لەسەر ئاستی کۆمیتەکان، چەندین ئێکهەڵچوون لە شــارەکانی ســەقز، بۆکان، بانە، شــاروێران، سوسنی، مەریوانو هەورامان لە نێوانیاندا ڕوویداوە .

لەپاش ئــەوەی (کەمینە)کان لە کوردســتاندا پشــتیوانی (حدکا)یان نەما، بەتــەواوی تەنیا کەوتــن، ڕووبــەڕووی چەندیــن قەیــران بووەتــەوە، کە بەرادەیەک ڕۆڵو کاریگەرێتی ئــەم ڕێکخــراوەی بــەرەو پوکانــەوە بــرد، لەوانــەش، هێرشــەکانی کۆماری ئیســلامیی لەســەرەتای ســاڵی 1986 بۆ ســەرکونکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو ڕاوەدوونانی ئەندامانی ڕێکخــراوە سیاســییەکان، کــە بەڕادەیەکــی قورس لەســەر (کەمینــە)کان کەوت، بەهۆی ئاشــکرابوونی ئۆڕێکــی ڕێکخســتنی نهێنــی لە ئــاران کــە ژمارەیــان 60 کــەس دەبوو، دەستگیرکرانو لەژێر ئەشکەنجەدا زۆرینەیان مردن، لەلایەکی تر، کەم بوونەوەی هاوکاری ماددییو سەربازییو بەرنەسکبوونەوەی کاری ئەشــکیلانیو چالاکــی شــەڕی پارتیزانیی لە کوردستاندا، وێڕای ئەوەی ڕژێم هەڵمەتێکی بەرفراوانی سەربازگیریی لە شارو گوندەکانی کوردســتاندا دەستپێکرد، ئەو گەنجانەش بەو دۆخە قایل نەبوون هەڵدەهاتن بۆ دەرەوەی وڵاتێ یان بۆ ســنووری باشووری کوردستان، بەمــەش تا دەهات لایەنگرانــی (کەمینە)کان کەم دەبووەوە .

لێکەوتــەی ئاڵــۆزی بارودۆخی کوردســتان، (کەمینە)کانی خستۆتە ســەر ئەو بۆچوونەی بەخێــرای لــە کوردســتاندا بکەونــە خۆو بۆ قەرەبووکردنــەوەی شکســتەکانو بەرگرتــن لــە قەیرانــەکان، لە 18ی نیســانی 1985 لە کۆنفرانســی ســاڵانەی خۆیــدا، (شــاخەی کوردستان)ی بۆ (کۆمیتە کوردستان) گۆڕیوە، ئــەم کۆمیتەیە لــە یەکــەم هەنگاویدا درکی بــەوە کــردووە، بــۆ چارەســەری کێشــەی بنەڕەتــی گەلــی کــورد، پێویســتە هەرچی زووتــرە بەر بــە شــەڕی (حــدکا)و کۆمەڵە بگیرێت، بۆ ئەم مەبەستە پڕۆژەیەکی بەناوی (شــیاوترین ڕێگــەی وتوێــژ) بۆ دانوســتانی نێوانیان پێشــنیارکردووە، بەڵام ئەم کۆمیتەیە نەیتوانــی بە ئەرکەکانی هەڵبســێت، ئەویش بەهۆی قوڵبوونــەوەی کێشــە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوەکــە، لەنێــوان گروپــی (ئەکبــەر کامبایــی- حســێن زەهری) وەک بەرپرســی یەکەمی ڕێکخراوەکە، لەگەڵ گروپی (محمود مەحمودی(بابــەک))، لەکاتێکــدا کە (بابەک) ئاک لایەنە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراق دامەزراندبوو، تا لە ڕێگەی هاوکاریەکانییەوە قەیرانەکانــە ناوخۆییــەکان کۆنایــی بێنێــت، هەر بەم هۆیــە (بابەک) جیابوونەوەی خۆی



نورەدین کیانوری



فوئاد مستەفا سولّتانی

پێشەوا قازی محەمەد

ڕاگەیاند، گروپێکی بچوکی بەناوی (کۆمیتەی ناوچەیی) دامەزراند، بەڵام ئەم هەنگاوە زۆری نەخایاند، (بابەک) لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیرکراو بەخێرایی گوللەبارانکرا .

لە شوبانی 1986 ڕووداوێکی نەخوازراو لە نێو ڕێبەرایەتی (کەمینە)کان ڕوویدا، کانێک بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشە فیکرییەکان، لەناوچەی (گلّۆلّە) لە گوندی (گاپیلۆن) سەربە قەزای (ماوەت) لە باشووری کوردستان، کۆبوونەوەیەکیان لە نێو خێوەنگەیەکدا ئەنجامدا، پاش وتوێژێکی قوڵی فیکریی، سەرەنجام ئەندامەکان بەشەڕهاتن و 5 ئەندامی ڕێبەرایەتی کوژران، بەم شێوەیە (کارەساتی گاپیلۆن) هەڵوەشاندنەوەی (کەمینە)کانی پێشخست، لەهەمان کاتدا گروپی ئری ناڕازی بە سەرۆکایەتی (مستەفا مەدەنی و حەماد شەیبانی) بەناوی (شورای باڵا) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە جیاوازتر لەوانی پێشووتر بە ئاراستەی شەڕی ناوخۆیی باڵە جیاوازەکانی ڕێکخراوەکە هەنگاویناو گروپی (شورای باڵا) لە ئازاری 1986 هێرشیانکردە سەر ئێستگەی ڕادیۆی (دەنگی فیدایی) (کەمینە)کان و بەمەش زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوتەوە، هەرچی گروپی (ئەکبەر کامبایی) بوو لە ئازاری 1987 بە یەکجاری چوونەتە باشووری کوردستان، بەڵام چالاکییەکانیان ئەواو لاوازبووە . لەگەڵ ئەوانەشدا، (کەمینە)کان ئەم شەڕە ناوخۆییانە پێگەی (کەمینە)کانی لە کوردستاندا لاوازکردو بنکەو بارەگاکانیان لەدەستداوە .

سەرباری بەردەوامی نەقینەوەی کێشە ناوخۆییەکانی (کەمینە)کان، ئەم ڕێکخراوە بۆ سەلماندنی پێگەی خۆی، جارێکی دی بە مەبەستی نێوبژیوانی شەڕی (حدکا)و کۆمەڵە بەشداری پێکهاتنی کۆمیسیۆنێکی 6 لایەنەی کردووە، کە پێکهاتبووە لە: (شێخ عیزەددینی حوسێنی، چریک- کەمینەکان، ئارنەشی ڕەهایی بەخشی خەڵکی ئێران، چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران، ڕێگەی کرێکارانی شۆڕشگێڕیی ئێران- ڕاە کارگەر، کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستانی ئێران)، ئەم کۆمیسیۆنە لە 26ی ئایاری 1987 بڕیارنامەیەکیان بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە ڕاگەیاند، هەرچەندە کۆمەڵە لە 2ی حوزەیرانی 1987 ناک لایەنە ئاگربەستی ڕاگەیاندووە، بەڵام (حدکا) بە پاساوی ئەوەی ئەو 6 لایەنە بەشێکیان دوورن لە واقیعی جوڵانەوەی کوردستان، داواکەی ڕەتکردووەتەوە، لەبەرانبەردا (کەمینە)کان لە 15ی ئەمووزی 1987 بە شێوەیەکی فەرمی داوای کۆبوونەوەی لە (حدکا) کردووە، بەڵام (حدکا) ئەم داوایەی بەبیانوی سەرقاڵبوونی دەفتەری سیاسیی ڕەتکردەوە، بەمەش لە 2ی ئابی 1987 کۆمسیۆنەکە لەپەیامێکیدا ئاوانی بەردەوامی شەڕەکەی گەراندەوە بۆ کەمتەرخەمی (حدکا)، هاوکات لە بەرانبەردا کۆمەڵەی گەیاندە ئەو باوەڕەی هاوشێوەی (حدکا) درێژە بەشەڕ بدەن، بەم شێوەیە هەوڵەکانی کۆمیسیۆنەکە بە ئەواوی شکستی هێنا .

دوا بەدوای پاشەکشەی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ئەواوی ئەو هێزو لایەنە جیاجیانەی بەناوی چریک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون، لە کۆتایی ساڵی 1987 بنکەو بارەگاکانیان پێچایەوە، هێزێکی وەک (کەمینەکانو گروپی ئەشرەف دەهقانی) چوونەتە باشووری کوردستانو چەند ئۆردوگایەکیان بۆ شوێنی ژیانی پێشمەرگە لە گوندەکانی (گاپیلۆن، کارێزە، مالومە) پێکهێناوە، هەروەها (پێرەوانی هەویەت) سەرکردایەتیەکەی بردووەتە ئەوروپا، هەروەها لەسەرەتای 1988 (کەمینە)کان بەهۆی دۆستایەتی مێژوویان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، (ئۆردوگای ناوەندیی چریک)یان پێکهێناوە، کە بنکەکەی لە ناوچەی (مادیانە)ی باشووری گوندی (هەڵەدن) لە بناری چیای (ژیلوان) بووە، پاشان هاوشانی

کۆمەڵە هەروەها (کەمینە)کان هاوشانی کۆمەڵە چەند ئۆردوگایەکیان لە نێوان (چیای ئاسنگەران و زنجیرە شاخی قزلەر) هەبووە، هەروەها کەمپەکانی (کەمینە) کان لە چەند ئۆرگانێکی وەک: (رادیۆ، نەخۆشخانە، سەربازگە، بڵاوکراوەکان، ئەشکیلانی شارو گوندەکان...هتد) پێکهاتووە، پاشان ناوەندێکی بۆ پێگەیاندنی کادێری پێشمەرگەیان لە دۆڵی (بەرنەنگ) ی نزیک (مالوومە) دامەزراندووە، هەروەها ئەندامانی (کەمینە)کان هەوڵیانداوە خەڵکی گوندەکان فێری خوێندن و نوسین بکەن و هۆشیاری کۆمەڵایەتییان بەرنەسەرێ و سوودو زیانەکانی دیاردە گشتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیان بۆ ڕوون بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبخانەیەکیان بە ناوی (کتێبخانەی فیدایی) لە باشووری گوندی (هەڵەدن) دامەزراندووە، ئەندامەکانیان بە ناو گوندەکاندا گەڕاون و کتێبەکانی مارکس و لینین یان بڵاوکردووەتەوە تا بەرەو بیری چەپ ڕایان بکێشن و هانیان بدەن بۆ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دژ بە فیودالیزمی کوردیی هەروەها چریکەکان بنکەکانی نەخۆشخانەیان بۆ دانیشتوانی گوندەکان کردووەتەوە .

ناسەقامگیری بارودۆخی ئەو ناوچانەی (کەمینە)کانی لێ نیشتەجێ بوون، کەوتووەتە بەر بۆمبارانی حکومەتی عێراق، کاتێکیش حکومەتی عێراق بە چەکی کیمیایی بۆردومانی گوندی (هەڵەدن) کردووە، بەم هۆیەوە 4 پێشمەرگەی (کەمینە)کان کوژراون، لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە لەگۆڕستانی (باپیرئاجی) بەخاکسپێردراون، جگە لەوەی زیانێکی ماددیی بە ئۆردوگاو شوێنی نیشتەجێبوونیان گەیشتووە، بەم پێیە (کەمینە)کان لە نشرینی دووەمی 1989 ناکو ئازاری 1990 بنکەو بارەگانیان پێچاوەتەوەو زۆرینەی ئەندامەکانی ڕێبەرایەتییەکەی چووەتە وڵاتانی ئەوروپا بەتەواوی کوردستانیان چۆڵکردووە، تا کۆتایی ساڵی 1990 تەواوی باڵە جیاوازەکانی چریک پەیوەندی سیاسیو تەشکیلاتییان لە کوردستاندا بچڕاندووە، بەتەواوی لە ڕووداوەکانی کوردستان دوورکەوتونەتەوە، هەرچەندە لە کۆتایی ساڵی 1990 چەند دیدارێک لە وڵاتانی ئەوروپا لەنێوان هێزە جیاوازەکانی چریک هەبووە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش .

ئێروانینی گروپی ئەشرەف دەهقانی بەرانبەر بە دۆزی کورد

لە پاش شۆڕش، بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی ئێران و ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکانی کوردستان، کە ناکە جێگەی نمایشە چەکداریەکانی ڕێکخراوەکە بوو، ڕێبەرایەتی چریکی خستە قۆناغێکی هەستیارو گیرۆدەی کێشە ناوخۆییەکانی کردووە، ئەم گروپە بەرئەنجامی ناکۆکیە نێوخۆییەکانی نێو چریک پێکهاتووە، لەلایەن کەسانێک، کە لە ئێریاکانی (مەسعود ئەحمەد زادە) بەهرەمەند بوون، ئەوانیش (ئەشرەف دەهقانی، عبدولڕەحیم سەبوری، محەمەد حورمتی پور) بوون و بە دروشمە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکە ناقایل بوون، بەم پێیە ئەم گروپە لە 22ی حوزەیرانی 1979 بەناوی (گروپی ئەشرەف دەهقانی) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەم گروپە، کە زۆرینەی ئەمەنیان لە ئەوروپا بەسەر بردبوو، بەهۆی کاریگەر بوونیان بە ئەندێشەی ئرۆتسیکی، گازندەیان لە ئێکڕایی کۆمۆنیستەکانی ئێران و چریک دەگرت بەوەی لە ژێر کاریگەریی ئیمپریالیزم و دونیای سەرمایەداریی ڕێبازێکی هەڵپەرستانەی نادیموکراتیی هەڵبژاردووەو شوناسی خۆی ونکردووەو ناڕادەیەکی زۆر پشتی لە خەباتی پارتیزانیی کردووەو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گوتارەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕشو ڕۆحانییەکان، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی ویستویانە هەڵوێستی شێلگیرانەی خۆیان بەرنەپێش، لە کوردستانیشدا بڕەو بە کاری چەکداریی بدەن، ئەم گروپە وەک ڕەوتێکی جیاواز بەناوی (چریکەکانی فیدایی) لە شارو پێدەشتەکانی کوردستاندا خەباتی چینایەتیو کۆمەڵایەتییان درێژە

> **(زۆرینە)کان وەفاداریان بۆ سوپای پاسداران و بەسیجو هێزە ئەمنییەکان و هەڵکوتانە سەر (حدکا، کۆمەڵە، کەمینە) بە ئەرکی پلەیەکی خۆیان ناودەبردو ئامادەیی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکانی کوردستان لەلایەن سوپاوە نیشاندا**

پێدا، هەرچەندە خودی ئەشـرەف دەهقانی لە کوردسـتاندا ناوبانگی هەبوو وەک ژنێکی ئـازاو بوێر، کە ئەمەنێـک لەنێو زیندانەکانی شادا بوو، بەڵام لایەنگری لە کوردستاندا کەم بووە .

ئـەم گروپـە لـە مانگـی ئابـی 1981 لـە کوردسـتاندا ڕووبـەڕووی چەندیـن قەیرانی سیاسـیی‌و چەکداریـی بوونەوە، بـە ئایبەت لاوازبوونی ئوانایی ماددیی‌و سەربازیی‌و کەمی چەک بووە کۆسـپی سـەر ڕێیـان، هەربۆیە بەناچـاری هاوکارییەکانی حکومەتی عێراقیان بەشـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەرگرت، هاوکات (گروپـی ئەشـرەف دەهقانـی) لـە (حدکا) نزیکبوونەتـەوەو بـە پێچەوانـەوە لە ڕووی ئیدیۆلۆژییەوەی دژی کۆمەڵە بوون، بەم هۆیەوە ئـەم گروپە بە مەبەسـتی پاراسـتنی پێگەی سیاسـیی‌و کۆمەڵایەتیان، بڕیاریانداوە، شـان بەشانی هێزەکانی (حدکا) بەرەیەکی هاوبەش پێکبێنن‌و لە کوردسـتاندا درێـژە بە خەباتی چەکداریـی بدەن، ئـەم نزیـک بوونەوەییە بـووە هۆی قوڵبوونـەوەی قەیرانی ناوخۆیی گروپەکـە، چونکە لەو باوەڕەدابوون (گروپی ئەشرەف دەهقانی) ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ئێرانـە نـەک بەتەنها کوردسـتان، هەروەها چوونە سـەنگەری (حدکا) بەمانای شکسـتی ڕێکخراوەکەیە لە سترانیژیی چەکدارانەیدا .

(گروپی ئەشـرەف دەهقانی) پەیوەندییەکانی لەگەڵ (حدکا) پاراسـتووە، بـەو هۆیەوە لە مانگـی نیسـانی 1982 تـا کانونـی یەکەمی 1982 بە هاوکاری هێزەکانی (حدکا) چەندین چالاکیـان ئەنجامـداوە، لەوانـە: لـە مانگی نیسانی 1982، دەستیان گرت بە سەر ڕێگەی ورمێ- مەهاباد .

بەڵام دواتـر ئەم پەیوەندییە بـەرەو ئاڵۆزی ڕۆشتووە، چونکە (گروپی ئەشەرەف دەهقانی) بەهەمان شـێوەی (کەمینـە)کان ڕەخنەی لە (حـدکا) گرتووە بەوەی بەشـدار (ش.م.م)ی کـردووە، لەمبارەیـەوە ڕایانگەیاندووە: «لە ئێستادا بەشـێکی زۆر لە هێزە بۆرژواکان لە بۆرژوای وابەستە بگرە تا بۆرژوای دیموکراتـ، سـەرقاڵی پرۆپاگەندەی چەوتـن، بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردسـتاندا دەبینین کە چۆن (ش.م.م) لە چوارچێوەی خۆیدا وانە لە پەنا بیرۆکراسـیەتدا دەیەوێتـ بە سووربوون لەسـەر یەکێتیی وڵاتـ، خودموختاریی بدانە کوردستان، ئەمەش (حدکا)ی خستووەتە سەر ئەو ڕێگە چەوتەی کە بڵێتـ «شـورا هاتنەدی خواستە سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستانە» .

(گروپـی ئەشـرەف دەهقانـی) هاوشـێوەی بەشـێکی زۆر لە گـروپ‌و ڕێکخراوە چەپ‌و مارکسـییەکان ئێران، بە تەندی دژی کۆمەڵە بووە کاتێک بووەتە لقی کوردسـتانی (حزبی کۆمۆنیسـتی ئێرانـی)، لـەو ڕوانگەیـەی کە بەرنامەی ئەم حزبە لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا ئەوەی خسـتۆتەڕوو، کە کۆماری ئیسـلامیی هیـچ جێگەیەکـی لـە کوردسـتاندا نیـەو بەتەواوی ڕژێمێکی داگیرکەرە، ئەم بۆچوونە دەریدەخـاتـ کـە ئـەم هێـزە نـە تامادەن چارەسەری پرسـی نەتەوایەتی لە پەیوەندی لەگـەڵ خەباتـی چینایەتـی لە کوردسـتاندا ببینـن‌و نە لە پەیوەنـدی لەگەڵ جوڵانەوەی دژە ئیمپریالیستیی لە ئێراندا .

هەروەهـا بەهـۆی ئـەم گۆڕانکارییـە لـە دروشمەکانی (کەمینە)کان بەرانبەر بە پرسی کوردو ئایندەی ئەو گەلە لە ئێراندا هاتەکایەوە، وەک دیاریکردنـی مافـی چارەنـووس، کاریگەری لەسەر (گروپی ئەشرەف دەهقانی) دروسـتکرد، تـا ئەویـش بەهەمان شـێوەی (کەمینە)کان بەرنامەیەکی پێشـکەوتوو بکاتە دروشمی نوێ، بەم هۆیەوە لە ئازاری 1984 نامیلکەیەکی بەناوی (هەڵوێستی ئێمە لەسەر مەسـەلەی نەتەوایییەتی بەگشتی‌و کوردستان بە تایبەتی) بڵاوکردۆتەوە، لە ناوەڕۆکەکەیدا هاتووە: «ئەگەر چی مەسـەلەی نەتەوایەتی‌و پرسـی کورد لە قۆناغی ئێستای خەباتی دژە ئیمپریالیسـتیی گەلانی ئێراندا هانۆتە ئاراوە، بەڵام خستنەڕووی چارەنووسی شۆڕشگێڕانەی ئەم مەسـەلەیە بـۆ هەموو گەلانـی ئێران‌و شۆڕشـی ئێمـە گرنگیەکی ژیانـی هەیە، بۆ کۆمۆنیسـتەکان (مەسـەلەی نەتەوایەتـی، مافـی دیارکردنی چارەنـووس، جیابوونەوە) خاڵـی سـەرەکی پێکدێنێـتـ، هەر کەسـێک ئـەم بۆچونـەی قبـوڵ نەبێتـ مافـی ئەوەی نیـە بەخۆی بڵێتـ کۆمۆنیسـتـ، ئاشکراشـە هەڵگرتنی سـتەمی نەتەوەیی لە کوردستاندا پەیوەسـتـ نیە بە دەرچوون لە چوارچێوەی سیسـتمی سـەرمایەداریی و ئیمپریالیزمـدا، لێـرەدا کە ڕێگەی کۆمۆنیسـتەکان لە ڕێگەی ئـەو کەسـانەی پێیانوایـە لەهێشـتنەوەی بیرۆکراسـی‌و ئیمپریالیـزم، ئەرکی سـتەمی نەتەوەیـی لەسـەر پەیڕەوکردنی دروشـمی (مافـی چارەنـووس) چارەسـەربکرێتـ، یان ئەوانـەی پێیـان وایـە سـتەمی نەتەوەیـی لەسەردەمی مانەوەی سیستمی ئیمپریالیزمدا پەیڕەوکردنی دروشـمی سەربەخۆیی کۆنایی پێدێتـ» .

سەرچاوە: میژووی بزاڤی چەپ لە ئێران
هەڵوێسـتی بەرانبەر بـە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد
دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە/2017

نامەیەکی شەهید د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشوتری (حدك) کە لە پاریس دەیخوێند

حەسەن قازی

دۆستی عەزیز

ئێستا کە دەمەوێت ئەو چەند وشەیەتان بۆ بنووسم، هێندێک پێکەنین گرتوومی. لە نامەی پێشوو دا پێم وایە نووسیبووتان کە ئەگەر وەڵامدانەوەی نامەکان لە لایەن ئێوەوە دڕەنگ کەوت، من بە هێندی نەگرم و دڕێژە بدەم بە نامەنووسینی خۆم، ئێستا ئەوە دەبینی زۆر باش و بەئەواوی ئەو ڕاسپاردەیەی ئێوەم ئەنجام داوە! بەڵام بۆ خۆتان دەزانن کە نامەنووسینیش کارێکی هێندە سادە نییە! هەر چەندە سوێی دیدار زۆریش بێ، هەر چۆنێک بێت نامەنووسین حەوجێی بە حەوسەڵەیە و ئەمن هەر چی پیرتر دەبم بەپێچەوانەی باری ئاسایی، حەوسەڵەم کەمتر دەبێت!

هەر چونێک بێت ئەو وەخرانە دوورودرێژە لە بناواندا لەبەر گرفتاریی دەرس و مەشق بوە کە خۆتان ئاماژەیەکتان پێ کردبوو. من لەبەر نابەڵەدی (هێندێکیش بە هیوای زیاتر مانەوە لە ئەورووپا) لە جیاتیی ئەوەی ڕاستەوڕاست لە دەورەی دوکتورادا ناوم بنووسم، لە دەورەی لیسانسدا ناوم نووسی و سەرقاڵی هێندێک نەسەدیقم (بە زمانی ئێرە سێرتیفیکا) بەڵام نازانم ئاگاداری یان نا، کە کاری ئیۆری لە دەورەی لیسانسی ئێرە (بە پێچەوانەی دەورەی دوکتۆرا) بە ڕاستیش ناقەتپرووکێنە بە شێوەیەکی ئاوا بێت، بە بێ هیچ موبالەغە من هەر لە هەمان مانگی یەکەمی ساڵی خوێندندا بە ئەندازەی هەموو دەورەی لیسانس وەرگرتنم لە ئێران دەرسم خوێند و پاشانیش هەڵبەت زیادییە! دوایە وردەوردە تێگەییشتم کە لەبەر نابەڵەدیی یەکەم لە دژوارترین زانکۆی پاریس، دووهەم لە دژوارترین بواری ئەو زانکۆیەدا ناوم نووسیوە! کە فەرانسەییەکان خۆیشیان هەمووان لەبەری هەڵدێن. دیارە زمانیش کەمتر لەو ئاستەی دەزانم کە





پێویستە. ئاقیکردنەوەکانیش بێ پسانەوە و بە دووی یەکدا دەکرێن، جگە لەمەیش هەموو حەوتوویەک دەبێت ڕاپۆرتێکی کاری 20 لاپەڕەیی [بنووسم]! ئیتر خۆت کە بزانە هیچ کات دەمێنێتەوە! ڕەنگە بڵێی کە نابێت زۆری گوێ بدەمێ، بەڵام من ئیجبارم هەیە وا بکەم چونکە زەمالەییم (ناسڵامەتی) و ئەگەر بە هەڵکەوت دەرنەچم (کە ئەگەریشی کەم نییە) ئۆبزییە دەبێت بگەڕێمەوە ئێران و لەوێت حیسابی ئەو پارانە ببڕێم کە لەو ماوەیە دا بە قسەی ئەوان بەخۆڕایی سەرفم کردوە. لەوەیش زیاتر ئەگەر ناجیحیش بم، دەبێت مەعدەلی سەرکەوتنم زیاتر لە 13 بێت کە بتوانم هەر لەم زانکۆیە هەر لەو بواڕەدا درێژە بە خوێندن بدەم، دەنا دەبێت ڕێ دابگرم و فەرانسە بگەڕێم نا پەنایەکم، جێگەیەکم دەست دەکەوێت!

باوەڕ بکەن ئەوەندە سەرقاڵ بووم کە حسابی ساڵومانگ بە ئەواوی لە دەستم دەرچووبوو تا دوو سێ شەو لەمەوبەر دۆستی مەهابادی «ئیفتیخاری» [مەبەست حەسەن ئیفتیخارییە] هاتە و گوتی جەماعەتی ئێرانییەکان (ئەوانەی سەر بە کۆنفێدڕاسیۆن) [مەبەست ئەنجوومەنی خوێندکارانی ئێرانی یە لە فەرانسە کە لقێکی کۆنفێدڕاسیۆنی جیهانی قوتابیان و خوێندکارانی ئێرانی بوو] بە بۆنەی جەژنی نەورۆز مەجلسێکیان ساز کردوە ئەوجار زانیم ساڵ ئەواو بوە و بەهار گەیوەتێ. لە ئاگادارییەکەی خۆشحاڵ بووم و لە سایەی ئەو خەبەرەی هێنابووی دوا جار شەوێکیشمان لە کۆڕی ئێرانییەکان تێ پەڕاند -شتێکی زۆر سەیرت سەبارەت بەو شەوە بۆ بنووسم، سەروسیمایەکم دی بە ئەواوی «کوردی» هەڵبەت ئەو شێوە ئایبەتییە لە سەروسیما کە لەمەڕ سنەییەکانە و ئەوەیش بە جوانی دیارە، گرێوم کرد ئەو کەسە



سادقی شەرەف کندی سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەبێت کورد بێت و لەبەر ئەوەی ئەبعەن کە لەش گەرم بوو و مەجلیسەکەیش خۆمانە بوو ئاخرەکەی پێشم بە کابراکە گرت و لێم پرسی میللیەتی چیبە و خەڵکی کوێن. کابرا بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە دەیگوت مناڵ ئارانە! پێم گوت سەروسیمای لە یەک کیلۆمەترەوە هاوار دەکات کە خەڵکی کام ناوچانە بەڵام هیچ سوودی نەبوو و بە ئاکسانێکی خەستی کوردی بە فارسی دەیگوت کە خەڵکی خاکی پاکی «ئێهروون»ـە. دیسان خودا لە باوکی ئەو برادەرەی کە گرێوم لەگەڵ کرد بوو خۆش بێت وەکوو پێکێشی کابرا خۆی وەک دۆڕاوی گرێوەکە ڕاگەیاند و ئەمنی بە براوە دانا! وەبیر ئێوە کەوتمەوە کە جێنان دیار بوو... پێ بکەنن.

هۆیەیەکی دیکە نامەنووسینم لە حاڵی حازردا -جگە لە پیرۆزبایی ساڵی تازە کە چ بە کوردیناں قەبووڵ بێت چ فارسی هەر چۆنێک بێت بە ڕاستی ساڵی تازەیە و هەر چی قەزا و بەڵای هەیە وەگیانی ژانوییەی فەرەنگییەکان بکەوێت (ئەوەیش نەفرینی پێرێژنەکانی لای خۆمان کە کە نەمنوانی وەری گێڕم !) ، ئەوە بوو کە دوێنێ ئاخرەکەی نامەیەک لە ئارانەوە گەیشتێ و ئادرێسی ئاغای ئەمیر حەسەنپوور لە ئەمریکا کە داواتان کرد بوو بە خەڵکی شیاوی خوێندنەوە بۆیان نووسیبووم. ئەگەر لە شوێنێکدا نەواو نەبێت یان هەڵە هەبێت ئەوە خەتای نووسەری نامەیە لە ئارانەوە. (ڕەنگە ئا ئێستا ئێوە خۆشتان ئادریسی دروستیتان بە دەست هێنابێت)

Amir-Hassanpour

زۆر سپاس بۆ ئەو کتێبە و هەروەها ئەو ناونیشانەی محەمەد [مەبەست کوڕی گەورەی هەژارە] کە بێ هەراوهوریا بۆت ناردبووم. هێشتا دەرفەت نەبوو نامەیەک بەو ئادرێسە بنووسم، ڕەنگە هەر ئەو ڕۆژانە یاڵا و یا محەمەدی لێ بە یاد کەم (ڕاستەکەت بوێت لەبەر ئەوەیە کە نانوانم بە کوردییەکی باش و ڕەوان [نامە]ی بۆ بنووسم شەرم دەکەم)!

دەزانم وای دادەنێی کە چەندە بە سوێوەم بنان بینم. بە داخەوە بۆ پشووی جێژنی پاک پێم وا نییە دەبێت لێرە بمێنمەوە و ئەو دەرسانەی وا وە دوا کەوتوون هێندێک ڕاست و پاست کەم، بەڵام هیوام بە دیداری ئێوە لە پاریس زۆرە. شایەدیش هەفتەیەک بتوانم (دوای جێژنی پاک) سەرێک لە لەندەن بدەم، چونکە دوای ناقیکردنەوەکانی پاک ئەنێ چوارشەممە و پێنجشەممەیان دەرسمان هەیە و لە هەینییەوە تا سێشەمە هەرچۆنێک بێت دەرەفەتێکی بەخێرە، ساخ و شاد وسەرکەوتوو بی. دۆستان ئەمیر و جیداری نان ئەگەر دیت وەکوو هەمیشە سڵاو درووديان بۆ دەنێرم. [مەبەست لە ئەمیر، ئەمیر ساوجبولاغچی کوڕی ئاغامەجیدی نەغەدە و مەبەست لە جیداری، حەسەن جیداری نێکۆشەری ئازەربایجانییە، کە کاتی خۆی لەگەڵ کاک سادق بە یەکەوە لە ورمێ مامۆستا بوون.)

دڵسۆزت شەرەفکەندی

کوردانی ئێران، کارەکتەرێکی نادیار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئاسۆ حەسەنزادە
جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان

کـورد لەم سـاڵانەی دواییـدا و بەتایبەتی لە چوارچێـوەی جەنگی دژی ڕێکخـراوی داعش، بوە کارەکتەرێکی سـەرەکی لە خۆڕهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. هەر چەند ئەو کارەکتەرە نەبوە کارەکتەرێکـی یەکگرتوو، چونکـە تەنیا گرینگـی درا بە چارەنووسـی کوردانی عێراق، لەگەڵ ئەوەی کوردانی تورکیا و سووریایش لە ڕووی سیاسییەوە زیاتر بایەخیان پێ درا و بە دیار کەوتن، بەڵام کوردەکانی ئێران تا ئێستایش ئەو بەشە کوردستانییەن، کە کەمترین بایەخیان پێ دراوە لە ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکانی خۆرئاوادا.

بۆ ئەوەی فۆکەس بخەینە سەر ئەو پرسەیش، پێویسـتە ئەو هۆکارانـە ڕوون بکەینەوە، کە هۆکاری لابردنی فۆکەسـە لە سـەر خەباتی کوردانی خۆرهەڵاتی کوردسـتان، بەو پێیەی دەتوانین پشـت بە مینۆدێکی هەیکەلی، یان مێژوویی ببەسـتین بۆ ڕاڤەکردنی. هەروەها پێشهاتە سیاسییەکانیش لە بەر چاو بگرین، کە ڕووداوەکانی ڕاپرسـیی کوردسـتانی عێراقییش دەگرێتـەوە، چونکە ئەو ڕووداوە جارێکی تر سـەرکەوتنی سـتراتیژیەتی ئێرانی لە ناوچەکە تۆمار کرد، لە لایەکی تریشەوە بێئومێدبوونی کـورد لـە ئەمەریـکای دووپـاتـ کـردەوە. هەروەها مەسـەلەی خۆپیشـاندانەکانی ئەم دواییـەی ئێرانیش لـە ئارادایـە، کە ڕەنگە گرتنەبـەری مینۆدێکـی تـر بخاتـە ڕوو بـۆ ڕێچکەی ڕووداوەکان.

ئەوەی مایەی ئاماژەپێکردنە، کە ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگر هەیـە، ئەگـەر سـەیری ناکۆکییەکانـی ئەمەریکا بکەین لەگەڵ ئێران، دەبینیـن کـە پرسـی کوردانی ئێـران وەک پێویسـتـ لـە بـەر چـاو ناگیررێـتـ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئێکەڵاوکردنـی بەهاکان، ڕاسـتییەکی هەمیشەیین لە سـەر پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

کوردانـی ئێران بـە ئازادی و سـەربەخۆیی ژیـاون و ناوچەکانیـان لـە سەرتاسـەری کوردسـتانی گـەورەدا ببـوە سـەنتەری قورسـایی بزووتنەوە کوردییەکانی بەدرێژایی مێژوو سـەریان هەڵداوە. هەر لەو بەشـەی کوردسـتاندا ناسنامەی سیاسی و نیشتمانی بۆ سـەرجەم کوردان بڵاو بوەتەوە. ئەویش پاش دامەزراندنی ئاکە کۆماری کوردی لە مێژوودا سـاڵی 1946 و پاش شۆڕشـی ئێران لە ساڵی 1979.

کوردانی ئێران دۆخێکی سـتراتیژیی ئایبەتیان هەیە، چونکە ئا ڕادەیەکی زۆر هۆشیارییەکی سیاسـی و توانایییەکـی زۆریـان هەیـە بـۆ ڕێکخستن و خۆسـازدانەوە. هەروەها دوەم گەورەترین ناوچەی کوردنشـینن لە ناوچەکە و سـێیەم کۆمەڵـە نەژادیـی گـەورەن لـە نـاو ئێـران. نیشـتەجێی ئـەو ناوچانەن کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی و خاکی بە پیت بۆ کشـتوکاڵکردن. خاوەنی چەندین ڕێگاوبانـی بازرگانیکردنـن لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتـ و خۆرهـەڵاتـ، کەچـی لەگـەڵ ئەوەیشـدا قورسـاییی دیموگرافییان کەمترە بـەراورد بـە ڕێـژەی وڵاتانی تـر. بە هۆی نێکەڵاویی نەژادییش کە لە وڵاتانی ترا هەیە لە نێوان کورد و عەرەب، یان کورد و تورک، ئـەوە ئێران بریتییە لـە نێکەڵەیەکی نەژادیی ئاڵۆز و لە شەش نەتەوە و کەمایەتیی تر پێک دێـتـ، کەچی لەگەڵ ئەوەیشـدا کوردەکانی ئێـران ڕووبـەڕووی دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی بوونەتـەوە، کە لـە سـەر ئەقلیدییەکی زۆر کۆنتر لە سەرەڕیی دەوڵەتـ و هەژمونداری دروسـتـ بـوە، هـاوکاتـ لەگـەڵ هەسـتە نەتەوەییەکـەی لـە نێـوان زمانـی فارسـی و ئایینـی شـیعی کـۆ بوونەتـەوە. زۆربەی کوردەکانی ئێران ئایفەی سونتین. هەر چەند فاکتەری ئایینی فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نییە لە ناسـاندنی سیاسـی بۆ کـوردەکان، وەک ئـەوەی لـە ڕابوونی نیشـتمانی بـۆ کوردە شـیعەکاندا دیارە، ئەوانەی دانیشتووی هەر دوو پارێزگای ئیلام و کرمانشانن.

لە ڕووی بەرەنگاربوونەوەی بەربەسـتەکان، کوردانـی ئێرانـی نانوانـن خۆیـان لا بدەن لـە سروشـتی دژایەتیکردنی دیموکراسـی و ناوەندیەتـی و سـەرکونکردن بۆ حکوومەتی ئێرانـی. بـە پێچەوانەی عێـراق، ئێران هیچ میرانێکـی ئیسـتعماری و داگیـرکاری بـە خۆیـەوە نەدیـوە، کە ببێتە هـۆی داننان بە فرەییـی نـەژادی، یان گۆڕانکاریی سیاسـیی دووبارەبـوەوە و خوڵقاندنـی هـەل بـۆ داواکردنـی نـەژاد و دیموکراسـیەتـ. بـە پێچەوانـەی تورکیایـش، ئێـران ڕووبەڕێکی

نیچمە دیموکراسیی بە خۆیەوە نەبینیوە، کە ببێتە مایەی ڕەخساندنی هەل بۆ بەشداریی سیاسی، یان گوشارە دەرەکییەکانی، کە یەکێتیی ئەورووپا مومارەسەی کرد پێش چەند ساڵێک لە بواری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتییەکان.

ئەوەی کوردانی خۆرهەڵات داوای دەکەن زۆر جیاوازتر نییە لە داواکارییەکانی تر، ئەویش دانانە بە ناسنامە و دانانی سنورێک بۆ سیاسەتەکانی جیاکاریی و سەرکوتکردن، خۆبەڕێوەبردن لە ناوچەکانی خۆیان (حوکمی زاتی). هەروەها یەکسانی لە گەیشتن بە دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ئاستی نیشتمانی دا.

بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەک داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن، نایانەوێت لە ئێران جیا ببنەوە، بەڵکوو داوای مافە نیشتمانییەکانیان دەکەن لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا و یەکگرتوو. هەروەها خەباتکردنیان دەخەنە خانەی (کوردستانی ئێران)، ئەمەیش بوونە هۆی بەریەککەوتن لە بواری سیاسەت و شوناس دا. لە هەمان کاتیشدا بوونە سەرچاوەی نەمانی متمانە لە لایەن ئێرانییەکانەوە، ئەوانەی زۆر بە ڕوونی هەست بە لە یەک نزیکبوونەوەیەکی زۆری کوردی ئێران دەکەن لەگەڵ کوردانی تری وڵاتانی تر (وەک چۆن لە ڕێگەی

دەرئەنجامی هێرشی موشەکی بۆسەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕاپرسییەکەی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور) بینیمان. بۆ کوردەکانیش بوونە مایە گومان، چونکە ئەوانیش دەزانن گوێ لە داواکارییەکانیان ناگیررێت و لێی ئێ ناگەن، نە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، نە لە لایەن زۆرینەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانییشەوە.

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا ڕێکخراوە کوردییەکان دڵسۆز بوون بۆ هەندێک بنەما ئەخلاقییە سیاسییەکان، ئەمەیش وای کرد زیاتر ڕێزی لێ بگیررێت. هەرگیز نەیویستوە ببێنە کەرەستەیەک لە ناو دەستی هێزە بێگانەکان، یان وڵاتانی ناوچەیی، بە تایبەت لە جەنگی نێوان ئێران و عیراق (1980ـــ1988). هیچ جۆرە هاوپەیمانییەتێکیشی نەکردوە کە زیان بە بڕا کوردەکانیان بگەیەنێت لە پارچەکانی تردا.

بۆ نموونە: سەرباری هەبوونی هێزی سەربازی و دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی سەرجەم چالاکییە سەربازی و سیاسییەکانیان هەڵپەسارد بۆ ئەوەی زیان بە ئەزموونەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق نەگات، بەڵام هەر کاتێک دیالۆگ کراوە لەگەڵ ئێران، زۆر جار باجێکی قورس دراوە، وەک ئیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕابەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر مێزی دانوستاندنەکان لە ڤیەنا ساڵی 1989. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئا ئێستا کوردەکان بەشداری دەکەن لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانی بۆ بەهێزکردنی هەر هیوایەک بۆ پاڵێوراوانی ڕیفۆرمخواز.

کەچی ئێران هیچ کاتێک شێواز و ڕەفتاری خۆی نەگۆڕیوە و وەڵامێکی ئەرێنیی بۆ داواکارییەکانی کورد نەبوە. هەر چەند هەندێک جار حکوومەتی ئێرانی ئیرادەی لێبوردەیی هەبوە لەگەڵ مافی کوردەکان لە وڵاتانی تر، کەچی خۆی ئامادە نییە بیبەخشێت بە کوردەکانی وڵاتی خۆی.

خوێندن بە کوردی ڕێگەپێدراو نییە. چالاکوانی مەدەنی و سیاسیی هەمیشە ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان و دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان دەبنەوە. تا ئێستایش سروشتی سەربازی زاڵە بە سەر ناوچەکانی کوردستانی خۆرهەڵات. سەرباری ئەوەی چەندین بەڵێن دەدرێن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام هیچیان جێبەجێ ناکرێن.

دوا جار فاکتەری نێودەوڵەتی، گرینگترین فاکتەرە، چونکە ئێران هەمیشە سوودی لە پێگە ستراتیژی و ئواناکەی وەرگرتوە لە وروژاندنی ململانێکان لە ناوچەکە. بۆیە شتێکی سەیر نییە گەر هێزە خۆرئاواییەکان بە هۆشیارییەوە لە ئێران نزیک ببنەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەر چەند بەم دواییانە حکوومەتی ئێرانی ملکەچ بوو بۆ گوشارەکانی ئەمەریکا و ڕاپێچی سەر مێزی دانوستاندن کرا لە بارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو گوشارانەیش، هێشتا ئێران بەردەوامە لە چالاکی و پشێوی نانەوە بە مەبەستی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە. لە ژێر سایەی نەبوونی هیچ ستراتیژیەتێکی ئەمەریکی ڕوون بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئێران، بۆیە بەردەوامە لە گێڕانی ڕۆڵی نێکدەرانە لە عیراق و سووریا، یەمەن و لوبنانیش.

بۆیە پێویستە ئەو ستراتیژیەنە نەنیا کورت نەبێنەوە لە سەر بژاردە لە نێوان دەستێوەردانی سەربازیی و پاراستنی ئەو دۆخەی ئێستا، چونکە هیچ سزایەک ئەنجامی نابێت گەر هاوکات نەبوو بە ڕێکاری تند و مەبەست لێی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران بێت لە ناوچەکە. جگە لەوەیش، پێویستە گوشاری نێودەوڵەتی سوود وەربگرێت لە ویستی گەلی ئێران لە بەدیهێنانی دیموکراسی و ئازادی و گەشانەوە، لە بریی ئەوەی خۆی لێ لا بدات.

ناڕەزایی و خۆپیشاندنە گشتییەکان بەردەوامن لە داواکردنی گۆڕانکاری، لە لایەکی تریشەوە ئەو ناڕەزاییانەی ئەم جارە چەندین داواکاریی جیاجیای لە خۆ گرتبوو. پێشبینییش دەکرێت بەردەوام بن، هەر چەند کەس ڕابەرایەتییان ناکات و ئێرانیش زۆر بەتوندی سەرکوتیان دەکات، بۆیە لێرەدا دەکرێت فاکتەری نێودەوڵەتی یەکلاکەرەوە بێت، پێویستە جیهانی ئازاد پشتیوانی لە گەلی ئێرانی بکات و لەوانەیش لە پرسی کوردەکانیش، پشتیوانی لە خەباتیان بکات لە پێناو ئازادی و مافە سیاسییەکان و گوشار بخاتە سەر حکوومەتی ئێران.

بەشێك لە بەرهەمەكانی ئایدیا

لە بواری ژناندا

بەشێك لە بەرهەمەكانی ئایدیا

لە بواری هەواڵگریدا

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

بڵاوکراوەکانی

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

سلێمانی - گردی سەرچنار
نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

07705996990 - 0533220180